رۆمان

# كارينا

نيهاد جامى

# کچی نەوەی خەیاڵ

خۆر دەیدا لە پەردەی پەنجەرەکەی، ڕۆژێك بوو ئەو هەرگیز ئارەزووی کەش وهەوای لەو جۆرەی نەدەکرد، کاتێك دایکی هاتە ژوورەکەی ویستی پەردەکە لابەرێت وتیشکی خۆر بێتە ژوورەوە، بەدەم شۆخیەوە ووتی « کەس پێی ووتی کچەکەت پیر بووەو پێویستی بە تیشکی خۆرە» ئەوە کارێك بوو ئیدی دایکی دەستی لێی هەڵگرت، هەر چەندە ئەو دەیزانی کچەکەی ڕقی لەتیشکی خۆرە، کەوایە بۆچی کارێکی وای دەکرد کە تووشی هەڵچوونی بکات.
بەتایبەت بۆ کارینای بیست وشەشساڵان کە بەم تەمەنە کورتەوە تووشی نەخۆشی ببوو، نەخۆشیەك پزیشکەکانیش سەریان لێی دەرنەدەچوو، خۆی نەخۆشیەکەی دەگەڕاندەوە بۆ تەقینەوەی خەیاڵ، کە ئیدی دنیا ناتوانێت خەیاڵەکانی قبووڵ بکات، سەیر بوو ئەو دەمەی لە نەخۆشخانەیەکی تاران بە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەی ووت «ئێوە پزیشکی خەیاڵتان نیە؟» ئەوە نەك مایەی پێکەنین نەبوو، بەڵکو لۆژیکی گەمژانەی بەڕێوبەری خستە ڕوو، ئەو دەمەی چاویلکەکەی لەچاو کردەوەو بەدەم تێڕامانەوە، ووتی «کیژۆڵە خەمت نەبێت دوای پشکنینەکان دکتۆری دەروونیش دەتبینێت» بەڵام ئەوە بۆ کارینا شتێك نەبوو جگە لە تریقانەوە، پێویست نەبوو ئەو پێبکەنێت، چونکە کەس بە پزیشکی خەیاڵ پێ نەکەنیبوو، ئاخۆ پێویست بوو ئەو پێبکەنێت؟
بەڵێ پێویست بوو پێبکەنم، ئاخر لەسەر تەواوی گۆی زەوی پزیشکێکی دەروونی نیە خۆی پڕ نەبێت لەگرێی دەروونی، جا ئێستا بیخەنە شوێنی پزیشکی خەیاڵەوە. خەیاڵ نەك تەنیا دنیای ئەوی داگیر کردبوو، بەڵکو دنیایەك بوو نەخۆشی خستبوو، تا زانکۆی تەواو کرد کاتێك هاوپۆلەکانی بەهۆی ئەو جوانیە ئەفسوونیەی هەیبوو کە داوای پەیوەندیی خۆشەویستیان لێی دەکرد، بۆ هەر هەمووان یەك هۆکاری ڕەتکردنەوەیانی هەبوو، بۆیە کوڕەکان کە کەوتبوونە عەشقی ئەو وای لێهاتبوو ڕستەکەیان لەبەر کردبوو، هەر کاتێك یەکێکیان ڕەفزێکی وەردەگرت.. لە کافتریا دادەنیشت و نەدەچووە موحازەرە، خێرا هاورێکەی دەهات ئەو وەڵامەی پێدەووت کە بەر لەو بەوان ووترابوو.
«هەموو ئەوەی تۆ هەتە کچەکانی زانکۆ خەونی پێوە دەبینن، بەڵام من پیاوێکم پێویستە هەموو ئەو شتانەی نەبێت کێشەیەك نیە، تەنیا خاوەنی خەیاڵێك بێت کە نەدەستەمۆ بکرێت، نەکەس تواناى تێگەیشتنی لێی هەبێت».
خەیاڵ جۆرێك لە خورپە وبێدەنگی بۆ دەخوڵقاند، هەر ڕۆژەی پزیشکێك شتێکی دەووت «تووشی گرێی دەروونی هاتووە، خەمۆکی داگیری کردووە، شوو بکات چاك دەبێت، هەوڵدەن سەفەری دەرەوەی پێبکەن» ئەو ئارەزوویەکی زۆری لەباران و وەرزی ززستان بوو، تەنانەت پێی وابوو گەورەترین درۆی ئینسان لەوێوە دەست پێدەکات کە وەرزێکی دڵتەنگ و غەمگینی وەکو پایز بەوەرزی عاشقانە ناو بەرن، لەکاتێکدا باران بۆ خۆی وێنەیەکی ڕۆمانسیە، شایستەی ئەوەیە کوڕێك بێتە ژێر چەترەکەتەوە، غەزەل و شیعری ئەراگۆنت بۆ بخوێنێتەوە، کە چونە کافتریایەك ئەو باسی هەفتەی ڕابردوو بکات کە لەگەڵ دایکی سەفەری ئێرانیان کرد، چوون بۆ گەورەترین نەخۆشخانە، ئەو دەمە بڵێت کە بەڕێوبەری نەخۆشخانە وا گەمژانە قسەی

دەكرد، ئەو كات زانیم میشێل فۆكۆی فەیلەسووفی فەڕەنسی بۆچی نەخۆشخانە وەك زیندان و بەڕێوبەری نەخۆشخانەش وەك دەسەڵاتی زیندان ناو دەبات.

ئەوە گریمانەیەك نەبوو، بەڵكو كارینا لەژێر چەتر بۆ خۆشەویستە خەیاڵیەكەی باسی دەكرد، ئەو پیاوەی نە لەژێر چەترەكەی و نە لەكافێكە كەسمان لەگەڵ ئەودا نەمانبینی، بەڵكو زادەی خەیاڵەكانی خۆی بوو.

كاتێك شەوان باران دەباری بە دزی دایكیەوە دەرگای ژوورەكەی دەكردەوەو لەئاسمانی دەڕوانی، بەو كراسە جۆرجیە سوورەوە دەكەوتە سەماكردن تا گیانی شەلالی باران دەبوو، دایكی كاتێك كوپێك شیری بۆ دەباتە ژوورەكەی سەرەوە كە دەبینێت لەوێ نییە، دەرگای سەربانەكە كراوەتەوە لەناو دەرگاكە سەیری سەمای كچەكەی دەكرد.. تا باران زیادی بكردبا ڕیتمی سەمای ئەویش خێراتر دەبوو، بەشێوەیەك دەستی بۆ دڵۆپە باران دەكردەوە، وەك ئەوەی عاشقە خەیاڵیەكەی داوا دەكات كە دەتوانێ دەستی بگرێ، لەبەر ئەو بارانە سەمای لەگەڵ بكات، كە ڕیتمی سەماكەیان بەرەو كۆتایی دەچوو، دایكی دەیووت «دەی وەرنەوە ژوورەوە.. كوپێك شیری گەرمم بۆتان داناوە» باوەشی لەدایكی دەدا، دەیووت ژنی خەیاڵ سەرەنجام تۆش هاتیتە ناو دنیاكەمەوە.. تۆش زاوا خەیاڵیەكەت بینی، دایك شاگەشكە دەبوو بەدەم پێكەنینەوە دەیووت "با هەرسێكمان لەبەر باران سەما بكەین" هەورە تریشقە ئاسمانی ڕۆشن دەكردەوە.

دایك لەگەڵ كچەكەی و زاوا خەیاڵیەكەی دەكەوتە سەماكردن.. سەمایەكی بەر باران كە ئیدی ئەوانی بیر دەچوو، تا ڕادەی ئەوەی سەماكە دەیگەڕاندەوە بۆ زەمانێكی دوور، ڕۆژگارێكی لەیادكراو، چەندین ساڵ وەك مەراق لەدڵی خۆی شاردیەوە، ئەمشەو بەدەم ئەو سەمایەوە دەرگای لەدڵی خۆی كردەوە، چیتر ئەو نهێنیە نابێتە ڕابردوویەكی ئەرشیفكراو، ئەوە لەدەستنووسی سەر ڕەفەی كتێبخانەیەك دەچوو كە كەس بۆی نەبوو دەستی بۆ بەرێت و تۆزو گەردی زەمانەی بەسەر نیشتبوو، ئەمشەو دایك بۆ خۆی دەست بۆ دەستنووسە كۆنەكەی دڵی خۆی دەبات.

بەدەم سەماكردنەوە دەكەوێتە باسكردنی نەوەی خەیاڵ، ئەوە كاتێك بوو كە تەواو دڵنیابوو كارینا وەك كچی نەوەی خەیاڵ درێژەی بەدنیای ئەو داوە، دنیایەك چەندە دەیویست بۆ كچەكەی نكوڵی لێبكات، سەرەنجام بەچاوی خۆی دنیای خەیاڵی كچەكەی بینی، ئیدی دەرفەتێك نەمابوو بۆ شاردنەوەی نهێنیەكانی ئەو نەوەیە.

پیاوی خەیاڵ باسی لەوە دەكرد ئاسمان ژنە خەیاڵیەكانی خۆش ئەوێت وێنەی سەماكەتان دەگرێت، لەو ڕۆژەوە چیتر دایك پەردەی پەنجەرەكەی لا نەبرد تا خۆر بێتە ژوورەوە، كە پایز دەهات چاوەڕێ بوون ئەو غەمگینیە زوو بە فرمێسكەكانی ئاسمان تەواو بێت، بەیانیەك بارانێك هێندە بەهێز دڵۆپەكانی دەگەیشتە شووشەی پەنجەرەكە هێشتا كچەكەی لەخەو هەڵنەستابوو، كاتێك پەردەی پەنجەرەكەی لابردو كەمێك پەنجەرەكەی ترازاند، كچە خەبەری بۆوە دایك بەر لەوەی بەیانی باش لە كچەكەی بكات پێی ووت «كارینا كچە خەیاڵیەكەی خۆم»

# ئەو شەوەی دایكم ماڵی باوكی جێدێڵێت

دایكم ژنێك بوو سەر بەدنیای خەیاڵ بوو، ئەو ڕۆژەی كەوتە دەست مانگە شەوێكی هاوین، لە لادێكەی خۆیان بە ئەسپایی بەسەر پەیژە گڵەكەی خانووەكەیان بە قونە خشكێ دێتە خوارەوە، دەیەوێت دەرگا تەنەكەی ماڵەكەیان بە ئەسپایی بكاتەوە، ئەو دەمە گوێی لەدەنگی دوو كەس دەبێت كە لەوە دەچێت بەرەو مزگەوت بكەونە ڕێ، خۆی لەپشت دەرگاكە مات دەكات، لەو كونانەی كەوتبوونە دەرگا تەنەكە پلێتە هەرزانبەهاكە لەوان ڕادەمێنێت.. تا ئەو كاتەی دەبینێت لەسەر پردی ڕووبارەكە دەپەڕنەوە.. ئەو دەمە تێدەگات شەو زۆری ماوە بۆ ڕوناكبوونەوە، پیاوەكانیش بەرەو مزگەوت نارۆن.. لەوە دەچێت بەرەو گۆڕستانەكە بچن و گۆڕی مردووەیەك هەڵبدەنەوە، یاخود ئێسك و پرووسكی مردوویەكی كۆن كە بێزار بووە لە گۆڕەكەی هاتبێتە دەرەوە، ئەو دوو پیاوەش چاو نەترسانە بچن بیخەنەوە گۆڕێكی نوێوە، دایكم لەو چركە ساتە هەموو ئەو خەیاڵانە دێت بە زهنیدا.

كاتێك چاوی چەپی كز دەكات تا باشتر لەكونی دەرگاكەوە لەدوور كەوتنەوەی پیاوەكان دڵنیابێت، تێدەگات ئیدی ئەوان دەبێت ئێستا لەناو كێڵی مردووەكان بن، بۆیە بە ئەسپایی ئەو دارە پانەی هەردوو لای دەرگاكەی بەیەكەوە دەگەیاندەوە دەترازێنێ، بێ ئەوەی تەواوی دەرگاكە بكاتەوە، بەنێوانی بۆشایی هەردوو لای دەرگاكە تێدەپەڕێت. بەناو پێچی كۆڵانەكان دەڕوات، لەودیو كۆڵانێك هەیە كە حەسارێكی كۆنە و تەنیا وواڵخ و مەڕو ماڵاتی تێدەكرێت، بەناویدا تێدەپەڕێت.. شوێنێك چەندە ترسناكە هێندە لەو شەوەدا هەموو ئەوانە دەبینێت كە ڕۆژگارێك لەو حەسارە ژیان، ساڵانێكی دوور پێش ئێستا مردوون، تەنانەت زۆربەیان گۆڕەكانیان لەوبەری ڕووبارەكەیە كە دوو پیاوەكە ئەمشەو چوونە بە هانای ئێسقانی مناڵەكانیان.

دایكم ژنێك نەبوو سوێند بخوات، ئەو خەیاڵەكانی وایدەكرد هەموو ئەوانە ببینێت كە مرۆڤیتر نەیدەبینی، لەوێدا ئەو منداڵانە دەبینێت كە لەبەردەم حەوزە بچكۆلەكەی حەوشە یاری دەكەن، یەكێكیان مەسینە ئاسنەكە بۆ باوكی پڕ دەكات لە ئاو، كە بۆی دەبیاتە ئەو ژوورە بچكۆلەیەی وەك ئاودەستخانە بەكار دەهات، هیچ دەرگایەكی نەبوو جگە لەو دارتووەی لەناوەراستی ئەوێ وەك دەرگایەك وایكردبوو گەڵاكانی ئەو كەسە بشارێتەوە كەوا دادەنیشت.

لەناوەراستی حەوشە ڕێگایەك هەبوو دەچۆوە سەر ژووره قوڕەكان، لەدەستە ڕاست باوك ژوورێكی درووست كردبوو.. لەهەیوانی ژوورەكەش پەیژەیەك هەبوو، دەچۆوە سەر ژوورێكی بچووكتر كە ناویان نابوو كۆشك. دایكم بۆی گێڕامەوە لەو شەوەدا كە بەناو ئەو كۆنە حەسارە تێدەپەڕیم شەوێكی تاریك بوو.. ئەوانیش لەو تاریكیەدا ساڵەكانیان كردبووە فلمێكی سینەمایی و بە داتاشۆ دەیاندا لە كۆشكەكەی باوك و هەموو ساڵەكانیان نمایش دەكرد.

یەكێك لەمناڵەكانی سەر حەوزە بچوكەكە دەیووت «عەلی سەیركە ئەوە مریەمی دایكمانە دوو ساڵ پێش مردنی» لەولاوە یەكێك لەكیژە شەرمنەكان كە بەدیار ساجی نانكردنەوە بوو نانەكەی بەسەر ساج دەبرژاند، ئەویدی ژنێكی گەنج هەویرەكانی بە تیرۆگ پان دەكردەوەو دەیكرد بە نان، بە كیژەكەی دەووت «وای بۆ ساڵانی گەنجی چ زوو تێپەڕی.. هێشتا مریەمی خوشكم مابوو كێ دەیزانی ئەو دەمرێ و من دەبمە

ژنی باوکتان» کە ئاوڕی لەو سالانە دەدایەوە.. مناڵەکان یەك بەیەك گەورە دەبوون، هەر لەسەر حەوزەکە دەمەردن، یەکێکیان نەوتی دەخواردو گیانی دەسپارد، کیژە گەنجەکە شووی بە پیاوێك دەکرد، پانزە ساڵێك لە باوك گەورەتر بوو.. چوار پیاو کە لەوبەری حەسارەکەوە دەهاتن باوکیان دەشووشت، دەیانخستە دارەمەیتەکە و کفنێکی سپیان لە ژنە نانکەرەکە وەردەگرت، کە لەژێر دەرخۆنەکە بۆ مردن حازری کردبوو، بە راکردن دەچوومە لای دارتووەکە ئاخر پیاوەکە چ زوو خرایە تابووتەوە، هێندە نابێت کورە مناڵکارەکەی مەسینە ئاسنەکەی بۆ پڕ کرد لە ئاو، خۆم بە ئاودەستەکە دەکرد، دەمبینی ئاودەستەکە لەوێ نەماوەو دارتووەکە لقەکانی هێند بڵاو بۆتەوە کە ئەوێشی داگیر کردووە، دایکم دەیووت کابرای مردوو لەناو تابووتەکەوە دەیووت «بەدوای چی دەگەڕێی ئەوەی تۆ وادەزانی چرکەیەکە ئەوە سی و پێنج ساڵ پێشتر بوو» چوار پیاوەکە هەڵیاندەگرت بۆ گۆڕستان.. تا ئەوان دەیانبردە ئەوێ ئەو دوو پیاوەی دایکم بەر لەوەی لەماڵ بێتە دەرەوە لێیانی دەڕوانی دەچوونە ئەو بەری ڕووبارەکە گۆڕیان لێداوەو چوار پیاوەکە.. مردوەکە دەخەنە ناوی و تەلقینی دەدەن.

ئەوەی بۆ دایکم جێگای پرسیار بوو ئاخۆ ئەو مردبوو؟ یاخود ئەوانی حەسارەکە زیندوو بوون؟ دەنا چۆن دوو پیاو بەر لەمن ڕۆیشتن گۆڕیان لێداو دواتریش پیاوە مردووەکەی ناو حەسارەکە کە تەرمیشی نەماوە خستیانە ئەو گۆڕەوە؟ دایکم هەرگیز ئەو تەلیسمەی بۆ نەکرایەوە.. ناچار بە ڕاکردن کۆنە حەسار جێدێڵێت، دەگاتە ژوورێکی تاریکی ئەوسەر ڕووبارەکە کە پێی دەڵێن سەروچاوە، لەکاتی جەنگی جیهانی ئاشی ئاو بووەو ڕووسەکان کەپێیان دەووتن عەروس لەسەر پشتی ئێڤایەکی سەربازی کە وەك سەر تەختەی شانۆ بەکاریان دێنا، چەندین جار لەوێ ئاهەنگیان ساز کردووە، لەوێ ڕێکەوتی مریەم دەکات، کراسێکی زەردی خوێناوی لەبەرە، بە دایکم دەڵێت «لەحەسارەکەوە دێی؟» لەوێ بووم پیاوەکەت مردو بردیان بۆ گۆڕستان مناڵەکانت چاوەڕێتن بگەڕێوە، مریەم دوو چنگ ئاو بە ڕووخساری خۆی دادەکات، لەڕۆژی مردنەکەیەوە ئەوە یەکەم جاربوو ڕووخساری ئەو ئاوی بەرکەوێت.

ئەو زەمانێکی زۆرە ئەو خوێنەی جەستەی نەشووشتووە، بەنیگایەك لە دایکم دەڕوانێت تا چیرۆکی مەرگی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. من بەسەر مناڵەوە نەمردم.. پیاوەکەم کووشتمی حەزی لە خوشکەکەم کردبوو، پێکەوە پلانی کوشتنمیان دانا، منی کووشت وخوشکەکەمی کرد بە بووکی کۆشك.

ئەو دەیویست پرسیاری زۆری لەبارەوە بکات، کەچی مریەم پەلەی بوو، ئەوێی جێهێشتبوو بەدەم ڕێوە ئاوڕی دەدایەوەو دەیووت «چێشتەنگاوێکی درەنگە دەبێت پەلە بکەم بگەڕێمەوە مناڵەکانم چەندین ساڵە هیچیان نەخواردووە». ئەی خوشکەکەت؟ خۆ ئەو خەریکی نانکردن بوو «ئەوە دەزانێت ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە بۆیە خێرا نانەکەی تەواو دەکاو ماڵەکە بەجێدێڵێت» ئیدی دایکم هەموو ژیانی نەیتوانی لەچارەنووسی گەڕانەوەی ئەو دایکە تێبگات، بەڵام بەڕاست دایکم لەم نیوە شەوەی هاوین بۆ لەناو نوێنەکەی هاتە دەرەوەو ویستی ماڵەوە بەجێبێڵێ؟

پەلەمەکە کچەکەم ڕێمبدە با خۆم بۆتانی بگێڕمەوە بۆچی هەڵسام و بڕیارمدا بێمە دەرەوەی ماڵ.

# ئیستا هیچ مەخوێنەوە کەمێك بیر بکەوە

کارینا کە کچی ژنی خەیاڵ بێت، مانای وایە ئەو پشتاو پشت سەر بە نەوەی خەیاڵە، هەڵبەت زۆر جار دایکی ویستوویەتی نکوڵی لەوە بکات، کەوا کچەکەی چۆتەوە سەر خۆی، بەڵام ئەو شەوەی بینی ئەو لەگەڵ پیاوی خەیاڵ لەسەربانەکە سەما دەکات ، هەمان شەوی خەیاڵی خۆی بیرهاتەوە، ئەو دەمەی لەنیوە شەو هەڵسایەوەو تا گەیشت بەسەروچاوە، ڕێکەوتی ئەو مرۆڤانەی کرد کە ساڵانێکی زوو مردبوون، هەندێك لەوان خەڵکی ناوچەکەش نەیبینیبوون، لەوانە مریەم تەنیا دەماو دەم چیرۆکی مردنەکەی بیسترابوو، کەچی ئەو خۆی بەکراسی خوێناوی بینی.. ئەوەی سەیرە بۆ ئێمە ئاخۆ مریەم ژنی زادەی خەیاڵ بوو؟ پەیوەندیەکی هەبوو بە بنەماڵەی کاریناوە؟ یاخود ئەوە تەنیا هێزی بینین بوو وایکرد، ژنێك لەنیوەشەو بێتە دەرەوە، ڕێکەوتی مێژوویەکی کۆن بکات، لەحەسارێکی جێماو کە ژیانی تیا نەبوو.. پشتاو پشت خەڵکانێك مەڕو ماڵات ورەشە وولاخیان لێ ڕادەگرت، کەچی ئەو لەو شەوەدا تەواوی خەڵکی حەسارەکەی بینی، وەك چۆن شوێنی مەڕوماڵات و ئاخوڕو ئەوانەش هەبوو، بەڵام ئەو خەڵکانەش لەوێ دەژیان.

ئەگەر دایکی کارینا فیلمی «سینەما پارادیسۆ» ی بینیبوایە، بە کچەکەی دەووت وەك سوتانی سینەماکە، کەوا چۆن ئەلفریدۆ و تووتی سینەمای هاوینەیان درووست کرد و لەدیوارەکەیاندا، ئاوا منیش ئەو چیرۆکانەی لە حەسارەکە نەمبینی لەدیواری کۆشکەکە وەك فیلمی سینەمایی بینیم.

ڕەنگە ئارامگریەکی باشت پێویست بێت، تا بەناو کونجە تاریکەکانی خەیاڵدا بڕۆیت، بۆ ئەوەی باشتر لە نهێنی چیرۆکەکە تێبگەیت، دەبێت لەڕێی بیستنی ووشەکان و خوێندنەوەیان چیرۆکەکە نەبینیت، هێندەی بچیتە ناو ناخی خۆتەوە.. لەناو خۆت ئەو شارە خەیاڵیە بدۆزیتەوە کە کارینا و دایکی دەیبینن، دڵنیابە ئەو کات لەناو خۆتدا، خۆت ڕێکەوتی زۆر مرۆڤی خەیاڵی دەکەیت، ئەوەی لەبیری منیشدا نەبووە بۆتی باس بکەم یان نەمبینیووە، تۆ دەیبینیت وتێدەگەیت مرۆڤگەلێك لەناو شاری جیاواز هەیە.

ئەو دەمە ڕێکەوتی کۆڵانێکی شووشەیی دەکەیت، مرۆڤێکی تیا نیە گۆشت وخوێن بێت، هەموو وەك بلوری چرا شووشەیی ونازکن، هەریەکەی بۆ ئەویتر دەبێتە ئاوێنە و تۆ لەڕێگەی ئاوێنەیەکی گەورەوە تەواوی ئەو کۆڵانە دەبینیت، ئەوە هەرگیز ئەو کۆڵانە نیە کە لەوێ دەردەچیت دەچیتە گەڕەکی بێوەژنە ڕووتەکان، ئەو ژنانەی مێردەکانیان لەشەڕە گەورەکان کوژراون، دڵی ئەو ژنانە دەدەنەوە کە پیاوەکانیان بە تۆمەتی ناپاکی هاوسەری لێیان جیا بوونەتەوە، ئەوان گەڕەکێکیان هەیە هیچ پیاوێك بۆی نیە پێی تێبخات بۆ مانەوە، ژنەکان هەموویان لەکەنار ڕووبارێکدا دەژین شەوانە وەك ماسیەکان دەچنە ناو ڕووبارەکە، هەریەکەی ماڵێکی لەسەدەفی ماسی درووست کردووە.

کاتی خۆرئاوابوون لەوێ دێیتە دەرەوە ڕێکەوتی باخێك دەکەیت باخی مناڵە باڵدارەکانە.. باخێك هێندە ترسناکە، بەڵام کاتێك دەچیە ناوی، هەمیشە مناڵە باڵدارەکان دڵنەواییت دەدەنەوە کە نەترسیت لێرە کەس ئازارت نادات، بەو مەرجەی بەر لە

کازێوە لەباخەکە نەمێنێت.. دەنا داڵێکی ترسناك لەناو تیشکی خۆری بەرە بەیان دەردەچێت، ناتکوژێت کەچی پێویستی بەهەردوو چاوتە بۆ خۆراکی بێچووەکانی.
کە مناڵەکان جێدێلیت دەبێت لەدەرگای دواوەی باخەکە بچیتە دەرەوە، چونکە لەو دەرگایەی تۆ پێی دەچیتە ژوورەوە پێی بێیتە دەرەوە، بە سێ شەوو حەوت ڕۆژ ناگەیتەوە ماڵی خۆتان، ڕێگاکە خۆی حەوت سەعاتە، لەسەعاتی پێنجەم ڕێکەوتی داڵەکە دەکەیت، ئەو دەمەی چاوەکانت هەڵدەکۆڵێت ئیدی تۆ کوێرێکی چاو بەخوێنیت بە ئاسانی ماڵی خۆتان نادۆزیتەوە.. سەرباری ئازارو خوێنی چاوەکانت.
بۆیە ناچاریت بە دەرگای دواوە بچیتە دەرەوە، ئەو دەرگایەش دەچێتە سەر تونێلی شەهیدەکان، هەموو ئەو گەنجانەی لەشەڕە جیاوازەکان کوژران.. لەوێ بەدەم خوێندنەوەی حیکایەتی هەزارویەك شەوە خۆیان سەرقاڵ کردووە، بوونەتە مرۆڤگەلێك حیکایەتەکان دەخوێننەوە، بیر لەشەهرەزاد دەکەنەوە و تف دەنێرن بۆ ڕۆژێك کە ئەوانی تیا کوژرا، جەللادەکان و شەهرەیار بە بەرهەمی شەڕەکان دەزانن، هەر هەمووشیان بەیەکەوە عاشقی شەهرەزاد بوون.
بۆیە ئەو دەمەی تۆ شارە خەیاڵیەکەت لەناو خۆتدا دۆزیەوە تەواوی ووردەکاری چیرۆکی ئەوانە لەخۆتدا دەخوێنیتەوە کە پێشتر هیچت لەبارەیانەوە نەزانیووە، دەزانم ئێستا پرسیارێك لەلات درووست بووە، دەتەوێت بپرسیت: تۆ کێیت ئەو چیرۆکە دەگێڕیتەوە؟ پەیوەندیت چیە بە بنەماڵەی کارینا؟ دەتەوێت بگەیت بەکوێی نهێنیەکە؟ دەی کەمێك لەگەڵ هەستی خوێنەریی خۆت ووردبین بەو خۆت دەستخەڕۆ مەکە، ئاخۆ بیرت لەو پرسیارانە نەکردەوە؟
ئێستا هیچ مەخوێنەوە کەمێك بیر بکەوە، کە گەیشتیە وەڵام خۆت بخە دووریانێکەوە.. گەر ئەو پرسیارانەت بە مێشکدا نەهاتبوو واز لەو چیرۆکە بێنە، کتێبەکە بدە بە کەسێکیتر با بۆخۆی بیخوێنێتەوە، ئەو دەمە هەرکەسێك کتێبەکە پرسیاری ئەوی پێ نەبێت ئەوا دەیداتە کەسێکیتر، بەو شێوەیە ئەو کتێبە ناچێتە کتێبخانەی ئەوانەوە کە درکی پرسیارەکانی ناکەن، بەڵام خۆ ئەگەر ئەو پرسیارانەی من کردم، هەمان ئەو پرسیارانەبوون کەتۆ بەخەیاڵتدا هات، ئەوا لەگەڵم بەردەوامبە بۆ تەواوی ڕووداوی چیرۆکەکە، دەزانم لەو کاتەدا شتێکیترت لا درووست دەبێت و دەڵێیت: خۆت لە وەڵامی پرسیارەکەم مەدزەوە؟
دڵنیابە وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە، بەڵام مادام پرسیارەکەی منی گێڕەرەوەو تۆی خوێنەر پەیوەندیی هەردووکمانە بە بابەتێکەوە.. کە هەردوولامان بەیەکەوە لەڕووبەری سپی لاپەڕەکانی چیرۆکەکە کۆکراوینەتەوە، کەواتە کەمێك ئارامگربە تا لاپەڕەکانی کۆتایی لەگەڵم بڕۆ، بەڵام تکات لێدەکەم ئێستە مەکەوە لاپەڕە هەڵدانەوەو خێرا مەچووە دوا لاپەڕە تا وەڵامی پرسیارەکە بزانیت، گەر وات کرد هەر تەنیا نهێنی پرسیارەکە لەدەست نادەیت، هێندەی ئەفسوونی چێژی چیرۆکەکەش لەدەست خۆت دەدەیت، کەوایە با پێکەوە بەرەو قوڵایی چیرۆکەکە بڕۆین و بزانین ژنە چۆن بۆ کچەکەی باسی ئەو شەوە دەکات.

# باوکم کتێبێک دەخوێنێتەوە

شتێکی ئەوتۆ لەسەر ڕەچەڵەکی خەیاڵ نازانم، ڕەنگە مێژوویەکی دوور ونادیاری هەبێت، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە خەیاڵی خانەوادەکەمانە دەگەڕێتەوە بۆ شەوێکی سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، ئەو دەمەی باوکم سەرباز دەبێت، وەک هەزاران هاوڵاتی ئەم وڵاتە جلی سەربازی دەکرێتە بەر، لەپەلامارێکی دڕندانەی سوپا بۆ داگیرکردنی شارێک بەناوی عەبادان، لەودیوی بیرە نەوتەکان کە بۆ سوپا گرنگ بوو دەست بەسەر ئەو بیرە نەوتانەدا بگرێت، ئەوان وەک پاسەوانی بیرە نەوتەکان دادەنرێن، کاتێک هێرشیان دەکرێتە سەر، تا ناو شارەکانی خۆمان ناوەستن، باوکم باس لەوە دەکات لەچاڵاییەکانی ئەو دیو بیرە نەوتەکە، نەوتی پیس وڕەش ئەو چاڵانەی داگرتبوو، شەو چووبووە قوڵایی.. ئەو دەمەی لەناو ڕەشایی نەوتدا زیاد لەسەد پیاو لەناو ئەو چاڵانەدا تەنیا سەریان بەدەرەوە بوو، لەشیان لەناو نەوتەکەدا بوو، هاواریان دەکرد «لێرەوە دەمانبەن بۆ بیابان، ئێمە دەمرین و کەس بەچیرۆکی ئێمە نازانێت»

باوکم لەو شەوەدا ڕا کردنێک را دەکات، ورەی هەموو سوپا تێکدەشکێنێت، دوو سەرباز بەرزی دەکەنەوە و دەیخەنە ناو ئەو ماشێنە سەربازیانەی پێی دەڵێن ئیڤا، ئیدی سوپا دەستی لێ دەشوات، وەک شێت تۆماری دەکات، ئەو کاتێک ڕا دەکات، دەنگی پیاوانی ناو چاڵە نەوتەکە هاواری بۆ دەکەن، هەموو ئەو چیرۆکانە بەدرۆ دەخاتەوە کە گوایە بە ئیڤایەکی سەربازی هێنراوەتەوە شار و بردراوە بۆ سەربازگە، دوای پشکنینی بەردەوام کە سێ مانگ دەخایەنێت، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی وەک شێت تۆمار دەکرێت و لەسوپا فەسڵ دەکرێت، بەڵام باوکم هەموو ئەوانە بەدرۆ ناو دەبات.

ئەو شەوەی ڕامکرد، ئەوە شەوی ڕاکردن بوو لەسەربازی، لەشەوی دووەمی ڕاکردنەکەم بەدوای چیلکە وپوش و پەڵاش دەگەڕام بۆ ئاگرکردنەوە، هەرچۆنێک بێت ئاگرێکم کردەوە و لەپێش ئاگرەکە دانیشتم، خەریک بوو خەو دەیبردمەوە، لەنێو ئاگرەکە تارمایی پیاوێکم ئەبینی، پیاوێک لەڕێگایەکی دوور هاتبوو بەهێزی دارەکەی دەستی دەڕۆیشت، ڕیشێکی سپی درێژی هەبوو، سیمای لەمرۆڤێکی ئاینی دەکرد، لەو پیاوانە دەچوو کە هەموو ژیانی خەریکی تەریقەت و زیکرە، سەرەتا پێشبینیم کرد خەون دەبینم، هی هەستی نەخەوتنە، ڕووخسارم لەپیش ئاگرەکە لابرد، پیاوەکە دەبوو نەمێنێت، کەچی زیاتر لێم نزیک دەبۆوە، لەژێر باڵی کتێبێک هەبوو دوای هەندێک قسەکردن دەستی درێژ دەکرد.. تا کتێبەکەی لێ وەربگرم، ئەو کتێبەکە وەردەگرێت، بەڵام ئەو پیاوە کە کتێبەکەی دایە باوکم چی ووت؟

ئێستا با خۆمان بخەینە شوێنی باوکم، هەر یەکێک لەئێمە لەشەوێکی تاریک بەتەنیا لەبەردەم ئاگرێکی دەشتاییەک دانیشتووە، بیر لەهاواری پیاوەکانی نێو چاڵە نەوتیەکان دەکاتەوە، لەپڕ پیاوێکی ڕیش درێژ بەجل و بەرگێکی سپی و دارێکی درێژەوە کتێبێکت پێ بدات، دوای ئەوەی هەندێک قسە دەکات؟

پێویست ناکات هیچ بڵێیت، تەنیا خۆت بێنە شوێنی باوکم، بۆ ئەوەی هەست بەو ساتەوەختە بکەیت، ئەو تیایدا ژیاوە، ئەوسا بیر لەوە بکەوە ئەو پیاوە کێیە لەودیو ئاگرەکە دەرکەوت، بێ ئەوەی خەیاڵ بێت، بەڵکو حەقیقەت بێت.. بیەوێت خۆی بناسێنێت، تاوەکو کتێبێکی وەک پەیام هێناوە بیگەیەنێتە دەستت، پەلەی چیتە با لە باوکم بگەڕێین، بوار بدەین پیاوە پیرە ڕیش درێژەکە خۆی قسە بکات.

رەنگە بەڕووخسار نەمناسیت، بەڵام دڵنیام چیرۆکی منت نەخوێندبێتەوەش بیستوتە، من شەهرەیارم.. ئەو پیاوەی هەزارو یەک شەو گوێی لەشەهرەزاد گرت تا حیکایەتی بۆ بگێڕێتەوە، لەشەوی هەزارو یەک شەو بە فێڵێکی ژنانە فریوی دام، کۆمەڵێک حیکایەتی تری بۆ گێرامەوە، تا حیکایەتەکان تەواو بوو من خەوم لێکەوت، ئەو دەمەی خەبەرم بۆوە ئەو لەهیچ شوێنێکی دنیا نەبوو، من هیچ شتێکم بۆ نەمایەوە، تەنیا ئەوە نەبێت ئەو حیکایەتانەی شەهرەزاد بنووسمەوە، چونکە هەموو هەر باسی هەزارو یەک شەو دەکەن، بێئاگان لەوەی لەهەزارو یەک شەو دەرگا لەچەندین حیکایەتی خەیاڵی کرایەوە، ئەوە ئەو کتێبەیە دەستاو دەست بیدە بە مرۆڤە خەیالیەکان، تاوەکو هەموتان بە چیرۆکی خەیاڵ ئاشنا دەبن.

باوکم ئەو چۆلەوانیە جێناهێلێت تا لەماوەی سێ مانگ زیاتر کتێبەکە بەتەواوی دەخوێنێتەوە، سەرەتا هەواڵ بڵاو بۆوە ئێرانیەکان لەتۆڵەی شکستەکەیان باوکمیان خستۆتە چاڵە نەوتەکانەوە، کەچی دوای سێ مانگ باوکم گەڕایەوە شار، گەڕانەوەی سەربازێک چیتر سەر بەم دنیایە نیە، مرۆڤێک گیرۆدەی خەیاڵە، لەناو چیرۆک و کارەکتەری خەیاڵی دەژییێت.

ئەو کتێبەی باوکم دەکات بە مرۆڤێکی خەیاڵی، کتێبێک رۆژێک وەک دیاری ژیانی هاوسەری دەیبەخشێتە خۆشەویستەکەی کە دایکمە، دوای خوێندنەوەی؛ دایکم وەک گرانبەهاترین دیاری خۆی دەیخاتە ناو ئەو سندوقە بوراقەی بوکێنی، کە بەجیهازی بوک ناویان دەبرد، کراسی بوکێنی و شوشە عەترێک و هەندێک گەڵا وگوڵی وشککراوی تیادا پاراستووە، کتێبەکەشی هەر لەوێ داناوە، کتێبێک شایستەی ئەوەیە بۆتانی بخوێنمەوە، ئەویش کتێبی «حیکایەتە تەواو نەکراوەکانی شەهرەزاد» ە

# من و دایکم کتێبی خەیاڵمان هەیە

هەمیشە شتگەلێکی هاوبەش لەژیاندا هەیە من ودایکم بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئێمە مناڵی مناڵدانی خەیاڵین، بۆیە مناڵەکانی خەیاڵ بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن.. تەنانەت گەر نەشبن بەنووسەر، سەرەنجام کتێبێکیان هەیە کە گەڕانەوە بێت بۆ مێژووی خەیاڵ، دایکم ئەو ژنەیە کتێبی حیکایەتە تەواو نەکراوەکانی شەهرەزادی کەوتۆتە دەست، ئەو کتێبەی پێویستە هەموومان بیخوێنینەوە، ڕاستە لەئێستادا ئەو کتێبە دوای ئەو زەمەنە درێژە لەپێشبینی دەرچوو، چونکە تەواوی ڕووداوەکان ڕوویاندا، بەڵام بەدوای ڕووداوەکان گرنگیەکی تری ئەو کتێبە دەرکەوتووە، ئەویش ئەو کتێبە ئەمڕۆ بۆتە نووسینەوەی مێژوو لەڕێگەی خەیاڵەوە.

نووسینەوەی مێژوو لەڕێگەی خەیاڵ دوورکەوتنەوە نیە لەڕووداوەکان، هێندەی دنیای خەیاڵی مرۆڤەکان بەتەنیشت ڕووداوەکانەوەیە، بۆیە ئەوان لەمێژوو نووسان ڕاستگۆتر ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، ئەو کتێبە کە ڕۆحی شەهرەیار داویەتی بەباوکم ئەویش وەک دیاریەک بەخشیویەتیە دایکم.

هەوڵێکی زۆرمدا تا ئەو کتێبە لەلای خۆم بپارێزم، بۆ ئەوەی بتوانم لەناو دنیای خەیاڵ بمێنمەوە، دایکم بڕوای وایە مێژووی خەیاڵ قۆناغی خۆی هەیە، حیکایەتە تەواو نەکراوەکان ئێستا مێژوون نەک پێشبینی، بۆیە دەبێت خۆی بیپارێزێت، بەڵام نەیهێشت نائومێد بم، کتێبێکی چاپکراوی هێناو ژوورەکەمی پڕ کرد لەخەیاڵ.

کچم کارینا باوکت لەژیاندا دەیزانی ئەو ڕۆژە دێت من و تۆ هەردووکمان پێویستمان بەوە دەبێت ببینە خاوەنی ئەو کتێبە، بۆیە ویستویەتی ئەو کتێبە لەلای من بپارێزرێت نەک تۆ، بەڵام بۆ ئەوەی تۆ نائومێد نەبیت، باوکت هەوڵیدا لەژیاندا کتێبێکی خەیاڵیت بۆ بنووسێت، کتێبێک گەشتی خەیاڵی خۆی بێت، ئەو کتێبەی تائێستا منیش بوێری ئەوەم نەبووە بیخوێنمەوە، کتێبێک تەنیا یەک دانەی لێ چاپ کرد، ویستی بۆ تۆ بێت، نەبادا هەست بکەیت باوکت بێ کتێبی خەیاڵ تۆی جێهێشتووە.

دایکم ئاوا وەسفی ئەو کتێبەی دەکرد کە باوکم نووسیویەتی، کتێبەکەی دەدایە دەستم و ژوورەکەمی بەجێ دەهێشت، ئەوە ئەو کتێبەیە بۆ من.. سەیرە باوکم بێ ئەوەی وڵاتی ئۆکراینای بینیبێت، چۆن ئاوا بەووردی باسی ئەوێ دەکات؟ ئاخۆ باوکم گوێی لەمۆسیقای کلاسیکی دەگرت.. تاوەکو مۆسیقای هەر چواروەرزەکەی ڤیڤاڵدی بناسێت؟ ئەی بۆچی هەوڵیداوە لەنێوان عەشق و مۆسیقا نەخۆشی شێرپەنجە دەربکەوێت؟

ئەوانە ئەو پرسیارانەن دوای یەکەم خوێندنەوەی ئەو کتێبە ئاراستەی خۆمی دەکەم، بەڵام پێویستم بەوەیە چەندین جاریتر ئەو کتێبە بخوێنمەوە کە باوکم نووسیویەتی لەژێر ناونیشانی "وەرزەکانی ڤیڤاڵدی"

# خاوەر شەوی ڕاکردنی خوشکەکەی دەگێڕێتەوە

شەوی ڕۆیشتنی دادەم کە خۆم کردەوە بە نووستوو، من بەئاگا بووم، بەڵام زانیم دەڕوات، من سەرەتا لەگەڵ دەنگی دادەم خەبەرم بۆوە، ئەو نووستبوو خەونی دەبینی، هەموو خەونەکەی باسدەکرد، خەریکبوو بترسم، ویستم خەبەری بکەمەوە، لەسەر پەیژە خۆڵەکەی سەربانەکەمان منداڵێکی هاوتەمەنی خۆم خۆی گرمۆڵە کردبوو بە چرپە ووتی "خاوەر.. خاوەر کچێ لەگەڵ تۆمە" ئاوڕمدایەوە، کوڕێک بوو درەوشانەوەی لەمانگ دەچوو، گوێم لەچیرۆکی دادەم گرتبوو نیگام لەسەر ئەو کوڕە بوو، ئاگاداری کردمەوە کە دادەم خەبەر نەکەمەوە، کەس باوەڕم پێ ناکات باسی بکەم، ئەو کوڕە بوو بە باڵندەیەکی بچووک و هەڵفڕی، هات بەسەر ئەو تەنەکە خۆڵانە نیشتەوە، کە باوکم و کاکەم وەک شورەی سەربان دروستیان کردبوو، دادەم خەبەری بۆوە فریا نەکەوتم چاوەکانم بنوقێنم، ناوچەوانمی ماچ کرد، باوەشێکی توندو گەرمی لێمدا، تێگەیشتم ئەوە ماڵئاواییە، منیش خەندەیەکم بۆی کردو خۆم کردەوە بە نووستوو.. دەمزانی دەڕوات، هەر وای کرد، سەرەتا ویستی دڵنیابێت هەموومان نووستووین، کە چووە خوارەوە، لەدرزی تەنەکە خۆڵەکانەوە، سەیری خوارەوەم دەکرد تا بزانم کەی دەرگاکە دەکاتەوەو لەماڵ دەچێتە دەرەوە، کاتێک ڕۆیشت باڵندەی سەر تەنەکە خۆڵەکان.. ئەو کوڕە ساختەچیەی ببوو بە باڵندە، هات لەنێوان مەمکە بچکۆلەکانم کە هەر هێندەی دوو دەنکە فستق دەبوون، هێلانەی بۆ خۆی دروست کرد و بەدڵنیاییەوە لێی خەوت.

منیش سەیری ئەو تەنەکە خۆڵانەم دەکرد، کە تەنەکەی ڕۆنی ڕاعی بوون، پڕ کرابوون لە خۆڵ، وێنەی سەر تەنەکەکان وەک خۆی مابوون، شوانێکی عارەب بە خۆی و مێگەلە مەڕێکەوە بوو شمشاڵی بۆیان دەژەند، گوێم لەدەنگی شمشاڵەکەی دەبوو، دادەم بەناو مەڕەکان تێدەپەڕی، وەک من گوێی لە شمشاڵی شوانەکە دەگرت، دەستی بەسەر مەڕێکدا دەهێناو بۆی دەچەمایەوە، لەگوانی مەڕەکە شیری دەخوارد، دادەم لە کاریلەیەک دەچوو کە دایکی شیری پێ بدات.

شیرەکەی خواردو هەڵسایەوە سەر پێ، دەستێکی ماڵئاوایی بۆ من و شوانە عارەبەکە بەرزکردەوە، لەو ناوە وون بوو، شوانەکە مێگەلە مەڕەکەی دەبردە دەشتاییەکی ترو لەچاوی من وون دەبوو، سەیری سینەی خۆم دەکرد، باڵندەکە هێلکەیەکی جێهێشتبوو.. خۆی لێرە نەمابوو، ئەو هێلکەیەی چەندین ساڵ دواتر هەڵمگرت و شاردمەوە، خستبوومە کوڵێتی مریشکەکان، بەڵام لەناو کولانەکەم دانەنابوو نەوەک مریشکەکان لێی نزیک ببنەوە، خستبوومە ئەو تاقە بچووکەی سەرەوە کە تیشکی خۆری تیا دەهاتە ژوورەوە، ئێستاش دڵنیام کوڕی باڵندەکە ڕۆژێک لەو هێلکەیە دێتە دەرەوە و گەورەبووەو بۆتە پیاوێکی کامل، دەستمدەگرێت، لەو ماڵە دەرمدەکات، لەوێ کۆشکێکی گەورە هەیە.. ماڵی من و ماڵی دادەم بەتەنیشت یەکەوە دەبێت.

بۆ بەیانی کە خۆر هەڵهات خۆم کردەوە بە نووستوو، تا دواکەس بم هەڵبستم و کەس پرسیاری دادەم لێنەکات، گوندو شارەکان بەدوای گەڕان، بەڵام کەس ئەوی بۆ نەدۆزرایەوە، باوکم بەخەمی ئەو لەمزگەوت دڵی وەستاو کاکەشم سەری خۆی هەڵگرت و کەس نەیزانی کوێی بۆ دەگەڕێت، من و دایکم لەماڵەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دادەم دەکەین، دەزانم دادەم ئێستا تیشکی ڕوناکیە لێرەش بێت، جگە لەمن کەس نایبینێت، هەر بەڕاستی ئێستا بیری دادەم دەکەم، بیبینم گلەیشی لێدەکەم و پێی

دەڵێم "ئەی نەمووت کە شووت کرد بە پیاوەکەت بڵێ خاوەریش کچی خۆمانە و بێ خاوەر نابم بە ژنی تۆ»

# دایکم بەڕاکردنی لەماڵ

# باوکی دەمرێت وبراکەشی دەبێتە تیرۆریست

ئەو ڕۆژەی باپیرەم مرد، خاڵم کە من هەرگیز نەمبینیووە، ئەو پیاوەی برای دایکمە تازە پەیوەندی بە گروپی توندرەوە دینیەکانەوە کردبوو، گوندیەکان ترسیان لەوە بوو کە ئەو گروپە بەسەر ئەوانیش دابدات و ژنەکانیان بەتالان بەرێت، پیاوەکانیشیان زیندەبەچاڵ بکات، کەسێک هەواڵ بۆ خاڵم دەنێرێت کە باوە لەناو مزگەوت لەکاتی نوێژ مردووە، خاڵم ئەتوانێت خۆی باس لەو چیرۆکە بکات، کاتێک دەیبیستێت کە باوکی دەمرێت چ هەستێکی هەیە؟

مەرگی باوکم پاککردنەوەی شەرەف بوو، لەلایەک ئەو مەرگە کۆتایی بەقسەلۆکی خەڵک دەهێنا، پاکی باوکمی نیشان دەدا، دەرفەتێکی باش بوو لەکاتی ناشتنی لەگەڵ سێ چەکداریتر خۆمان بەناو گۆڕستانەکەدا بکەین، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم چووینە ژێر تەرمی باوکم تا ئێمە بیخەینە ژێر گۆڕەکەی، هەموو بەچواردەورمان دەگریان، دەنگی گریانی پیاوەکان دەگەیشتە گوندەکانی ئەو دیو شەقامەکەی لەڕێی جێبەکانەوە گوندیەکان سەفەریان بۆ شار پێدەکرد.

مەلای مزگەوت دەیویست دوای تەلقیندان باس لەپیاوچاکی باوکم بکات، بە ئاماژەیەکی دەست تێمگەیاند کە بێدەنگ بێت، چونکە پێویستە من قسە بکەم، ئەوە بوو پێش ئەوەی بێمە گۆ هاوڕێکانم وەک پاسەوان بەدەورمدا دەهاتن و دەچوون.

باوکم مرد، خودا نەیویست بمرێت، بەڵام ئێوە باوکمتان کووشت، دەتوانین لەتۆڵەی باوکم هەموو ژنەکانتان بفڕێنین و ئابڕوتان بەرین، بەڵام ئێمە خاوەن ئابڕووین ولەگەڵ کەس و کاری خۆمان ئەو کارە ناکەین، هەر ڕۆژێک بزانم بە چرپەیەک دایکم و خاوەرتان بێزار کردووە.. دەبێت بزانن بۆ هەتا هەتایە ژن و کچەکانتان دەبنە جاریەی کەتائیبی گروپەکەمان، پێشتریش خۆتان بیستوتانە چیمان بە ژن و کچانی گوندەکانی دەوروبەر کردووە.

ئێوە کەستان گومانی لەوە هەیە کە خودا مەسیحی لەناو مردووەکان زیندوو کردەوە بەرەو ئاسمان بردی؟ ئەی باوکی مەسیح کێ بوو؟ مەگەر مریەم بە کچێنی سکپڕ نەبوو.. کەس گومانی لەتوانای خودا هەیە؟ دەی خوشکەکەی منیش خودا نەیویست چیتر لەناو ئێوەی پیس بمێنێتەوە و بردیەوە ئاسمان، ئێستا لەگەڵ فریشتەکان لەدەرگای بەهەشت لەگەڵ ئاسیای ژنی فیرعەون و نەبیەکانی خودا چاوەڕێی نزای ڕەسوڵن تا خواوەند لەگوناهی بەندەی گوناهباری وەک ئێوە خۆش بێت.

دەرفەتیان نەدام قسەکانم تەواو بکەم کەوتنە شین و گریان، گریانی پیاوەکان تێکەڵی شینی ژنەکان دەبوو، خاوەر لێم نزیک دەبۆوە پێدەکەنی، نیگایەکم بۆی دەکرد و دایکم دەستی خاوەری دەگرت و دەگەڕایەوە ماڵەوە.. ژن و پیاوی گوند هەمووی بەیەکەوە دەگریان، گوێمان لەگریانی پیاوەکان بوو، کاتێک لەسەر شەقامە سەرەکیەکە دەپەڕینەوە ئەو بەر، ئەو شەقامەی ڕێیەکی خۆڵی لێ دەبۆوە کە بە پانایی و بەدەوری شار دەسورایەوە.

# پێشەکی کتێبی وەرزەکانی ڤیڤالدی

سەرت لەوە سوور نەمێنێت کە بۆچی من ئەو کتێبە دەنووسم، ئاخۆ ئەو کتێبە چۆن گەیشت بەدەستی تۆ، ئایا مەرج بوو کتێبێک لەشێوەی ڕۆمان من بینووسم، تا تۆ بڕیاری خۆت بدەیت کە من بە ڕۆماننووس دەزانیت؟
ئەو دەمەی هێشتا لەناو کتێبخانەکە خۆت یەکلا نەکردۆتەوە بەوەی ئەو کتێبە دەکڕیت، دڵنیام خۆت ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەکەیتەوە، بەڵام ئەوە پرسیارێکە بەر لەتۆ من پێش نووسینی لەخۆم کردووە، من هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو بۆ نووسینی، کە دیارە بۆ نووسینی چیرۆک دەبێت بیرۆکەت هەبێت و کاری لەسەردا بکەیت، ئەوەی شتەکانی گەیاندۆتە ئەو شوێنە تەنیا گوێگرتنە لە مۆسیقای ڤیڤالدی.
ئەو کاتەی من بەگەشت هاتم بۆ ئێرە مەبەستم وڵاتی ئۆکراینایە، پلانێکم نەبوو بۆ نووسین، بەڵکو پارەیەکم پاشەکەوت کردبوو، لەگەڵ پاداشتی کتێبێک کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێی بەخشیم، لەڕاستیدا ئەوە ئەو کتێبە بوو، من پارەکەیم وەرگرت و نەمنووسی، نەک من، بەڵکو کەسمان نەماننووسی، دەوڵەت دەیویست پارە بە کۆمەڵێکمان بدات و ناوی کۆمەکی کتێبەکانی لێنابوو، لیستێکی پێ پڕ کردینەوە، دواتر پارەی بەسەرمان بەخشیەوە، بۆیە من پلانی نووسینی هیچ کتێبێکم نەبوو هێندەی هاتبووم لەماندوویەتی نووسینی کتێبەکان لێرە پشوو بدەم.
نەمتوانی زۆر لە شاری کیێڤ بمنێنمەوە، قەرەباڵغی ئەوێ ناخی جەنجاڵی خۆمی بیر دەهێنامەوە، دەبوو ڕاکە ڕاکی میترۆ وڕۆیشتن بەپێ، بۆ ئەو گۆڕەپانە فراوانەی کە پێیان دەووت مەیدان، ڕێک لە ئاژاوەیەکی گەورەی بازاڕ دەچوو.
لە سێ شەو زیاتر نەمامەوە.. دواهەمین شەو لەکچی پرسگەکەم پرسی "دەمەوێت کاتێکی خۆش بەرمە سەر" من بە ڕووسیەکی خراپ و بە کەمێک شەرمی خۆم وام ووت، ئەویش نەک بە نیگایەک سەیری نەکردم کە تەریقم بکاتەوە، بەڵکو زۆر هێمنانە و تەنها جارێک سەری لەسەر کۆمپیوتەرەکە هەڵبڕی و ووتی "لەنهۆمی چوارەم مەساجمان هەیە تایلەندین، نهۆمی شەشەمیش نایپ کلاپی تیایە، یانەی خواردنەوەکەش دەکەوێتە نهۆمی پێنجەم" دەرفەتی سوپاسکردنیم نەبوو هێندە نەبێت بیر بکەمەوە، ئاوڕم دایەوە ئەسانسێرەکە نزیکم بوو، من خۆم لەوێ بینیەوە، کچێکی باڵا بەرز بەهەڵەداوان بەدوامدا هات، ئەو دەستی بە ژمارە چوارەوە ناو منیش شەش.
نیگایەکی بۆ کردم ووتی "سڵاو من ناوم لۆمیدیایە" وەڵامی سڵاوەکەیم دایەوە، خۆم پێناساند.. لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوە دەبوو ئەو دابەزێت، بەڵام نەڕۆیشت و دەستی پێوەنا تا دابخرێتەوە.
لەنهۆمی شەشەم بەیەکەوە دابەزین، ڕەنگە هیچ ژنێک تا ئەو ڕۆژە ئاوا سەرنجی ڕانەکێشابم، کە زانی بۆ نایپ کلاپ دەچم دەستی گرتم و وەستاندمی "ئەگەر دەتەوێت لەوێ شتت دەست بکەوێت بێسوودە" لۆمیدیا خۆی لەمەساجەکە کاری دەکرد، وەک خۆی لەنێو ڕارەوەکە باسیکرد، ئەو تا دوو سەعاتی تر کاری نیە.. گەر من سەد دۆلاری پێبدەم لەگەڵم دێتە ژوورەکەم، بۆ کاتژمێرێک لەگەڵم دەمێنێتەوە.
زانی بەبێ هیچ ناڕەزایەتیەک من ڕازی بووم، ووتی لەکام ژووریت ووتم ژووری پێنجسەد و هەشت.. ئەی بۆ ئێستا نایەیت، پێکەنی و ووتی "با بەس دەچمەوە نهۆمی چوارەم پێیان دەڵێم کە لێرەم و جلەکانم لەوێ دادەنێم"

ئەو گەڕایەوە ناو ئەسانسێرەکە، هێشتا سەیری دەرگای نایپ کلاپەکەم دەکرد، کە تارییک بوو کەچی پڕ بوو لە مۆسیقای سەما، تا خۆم کرد بە ژووری پێنجسەد و هەشت.
هێشتا گوێم لە مۆسیقای ڤیڤالدی نەگرتبوو، پلانی هیچ کتێبێک نەبوو لەمێشکمدا، تەنیا لەژوورەوە بووم، چاوەڕێ بووم ژنە کابۆی شینە تیشێت سپیەکە کە قەمسەلەیەکی پیرۆزەیی کورتی بەسەردا شۆڕ کردبۆوە بێتە ژوورەوە.
لەبەردەم ئاوێنەی ژوورەکەم وەستام سەیری خۆم دەکرد، لەپڕ کەسێک لەناو ئاوێنەکە دەرکەوت نیگای کەمێک دەچۆوە سەر خۆم، وەک ئەوەی کوڕم بێت هێندە دەچۆوە سەر خۆم، کوڕە منالکارەکە توڕە دیار بوو وەک ئەوەی لەبازاڕەوە هاتبینەوە مالەوە.. ئەوەی ئەو ویستبێتی بۆم نەکڕیبێت، سەیرێکی کردم و بینیم هاتوتە دەنگ "تۆ چیدەکەیت؟ تائێستا منت پاراستووە.. کەچی ئەمشەو لەگەڵ ژنێک دەخەویت"
ئەو کێ بوو تا من بیپارێزم؟ سەیرە کاتێک ئەو بەردەوام دەبێت لەقسەکردن من ئیتر توانای قسەکردنم نابێت، ئارەزوو دەکەم بەقسەی بکەم، لەخەیاڵ دەمپچڕێنێت "من ناخی تۆم ئەو منالە جوانەی تا ئەمڕۆ لەناو خۆت گەورەت کردووە" هەستی پەشیمان بوونەوە دامدەگرێت، ژنە قەمسەڵە پیرۆزەییەکە.. لەمن پەلەتر لەودیو دەرگاکە بە دوو پەنجەی لەدەرگا دەدات، منالی ناو ئاوێنەکە وون دەبێت.
هەنگاوەکان بێ ویستی خۆم بەرەو دەرگاکەم دەبەن، لەنێوان منالی ناو ئاوێنەکە و ژنی ئەو دیو دەرگاکە تیاماوم، بۆ ساتێک دەبینم منالی ناو ئاوێنەکە پانتۆڵەکەم ڕادەکێشێت.. تکام لێدەکات کە دەرگاکە نەکەمەوە.
هەنگاوێک دەگەڕێمەوە دواوە دەست بۆ تەلەفۆنەکە دەبەم، بە کچی پرسگەکە دەڵێم "سلاو کچەکە تکایە من لەژووری پێنج سەد وهەشتم تەندروستیم تەواو نیە، کەس پەیوەندیی بە ژوورەکەمەوە نەکات، بەیانیش کاتژمێر شەش خەبەرم بکەنەوە، چونکە سەفەرم هەیە"
لەگەڵ داخستنی تەلەفۆنەکە هەستم کرد ئیدی چیتر لەدەرگاش نادرێت، گوێم ڕاگرت هەستم کرد دەنگی پێڵاوی کچەی ئەو دیو دەرگاکە، وەک دەنگی ڕیتمێک بەرەو کزبوون دەچێت، نە خۆم گوڕی و نەچوومە ناو بانیۆکە.. هەر بەو جلانەوە خۆم خستە ناو نوێنەکەمەوە، تا زەنگی تەلەفۆن لە شەشی بەیانی خەبەری کردمەوە.
بەرەو حەمامەکە ڕۆیشتم، ئاوێکم بە چاوەکانم داکرد.. کەوتمە کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی ناو دۆلابەکە، جلەکانم خستە ناو جانتاکە و ژوورەکەم بەجێهێشت و ماڵئاواییم لە ئوتێلەکە کرد.
ئەو دەمە چەند دڵشاد بووم کە پایتەختی ئەو وولاتەم بەجێدەهێشت، لەناو تاکسیەکە پەلەم بوو بگەمە وێستگەی شەمەندەفەر، دوو شەو لەناو شەمەندەفەر.. سەفەرێک پڕ لە تاقەت پرووکی و خواردنەوەی شەراب بەدزی، کە دەبوو بچمە لای تواڵێتە بچکۆلەکەی دواوەی شەمەندەفەرەکە لەوێ پێکێک بخۆمەوەو بێمەوە.
دەمویست ڕۆژەکانی ئەو سەفەرە لەنێوان هەردوو شاری یاڵتا و ئۆدیسا تەواو بکەم، هەڵبەت بۆ من خۆشترین ڕۆژەکانم لە یاڵتا بوو، گەر جوانیەک بینیبم لەوێ بینیوومە، هەر بەو مەستیەشەوە چوومە ئۆدیسا، بە پاسێکی سپی درێژ گەیشتومەتە ئۆدیسا.. لەڕێگا شوفێرەکە ماوەیەکی زۆر بەتایبەت لەکاتی شەودا مۆسیقایەکی هێمنی خستبووە سەر، هەندێکجار ڕیتمی مۆسیقاکە خێراییەکی تێدەکەوت، ئەوە چێژێکی سەیری دەبەخشی، ئەو دەمەی دابەزین و شوفێرەکە لەگۆڕەپانێکی فراوان وەستا

وجانتاکانی بۆ ئەو گەشتیارانە دادەگرت.. کە وەک من لەوێ دادەبەزین، پرسیاری ئەو مۆسیقایەم لێی کرد، ئەویش سەیرێکی کردم ووتی "سەیرە چۆن یەکەمجارە گوێت لە ڤیڤاڵدی دەبێت؟ ئێ ئەوە مۆسیقای چوار وەرزەکەی ڤیڤاڵدی بوو"

چوار وەرزەکەی ڤیڤاڵدی؟ ئەوە یەکەم ڕستە بوو لەم شارە بیستم، یەکەم کارێک دوای دابەزین لەم شارە گەڕان بوو بەدوای ئەو مۆسیقایە، لەیەکەم هەنگاویش دەستمکەوت، لەلای سی دی فرۆشێکی سەر شۆستە کە دەکەوتە لای بازارێکی هاوینەی جل وبەرگ فرۆشی.

ڕۆژی دواتر ئەو مۆسیقایە بووە خولیام، لەسەر مۆبایلەکەم چوومە ناو سایتی ویکپیدیا.. تا هەندێک زانیاری سەرەتایی لەبارەی مۆسیقاکەوە پەیدا بکەم، بەوەندەش نەوەستام.. چەند ووتارێکم لەبارەیەوە خوێندەوە، ئیدی مۆسیقاکە بەرەو چوار وەرز بردمیان.. چوار وەرزی ژیانم.

گەڕانەوەی من بۆ ناو ئەو ڕابردووە لەڕێگەی ڤیڤاڵدی، بەشێوەیەک بوو دەتوت مۆسیقارێک هاتووە ژیانم بکات بە فیلمێکی مۆسیقی، بۆیە بیرم لەوە کردەوە لەگەڵ ڕیتم ودەنگی مۆسیقاکە ئەو کتێبە بنووسم کە ئێستا وەک یەکەم ڕۆمانی ژیانی من دەیخوێنیتەوە.

# خەونەکەی دایکم بۆ گەیشتن بە باوکم

خەونم بینی لەخەومدا پیاوێك بەناو هەورەکان تێدەپەڕی، هەورەکان سپی نەبوون.. پەمەیی بوون.. ئەو پیاوە بەسەر پەلکە زێڕینە دەڕۆیشت و ئەستێرەکانی کۆ دەکردەوە، ملوانکەیەکی لێ دروووست دەکرد.. ئەو دەمە مانگ لە هیلال بوو، لەشێوەی داسێك بوو.. نەمدەزانی لە کورسی عەرشی شاژنێك دەچێت.. ئەو پیاوە دەیووت مانگ عەرشی تۆیە خانم دەتوانی دانیشیت.. من بە دەم هەیبەتی شاژنێکەوە دادەنیشتم، ئەویش دەهات ملوانکەی ئەستێرەی دەخستە گەردنم و تیشکی خۆری دەکرد بە ئاوێنە، خۆی لەپشتم وەستابوو، بەرامبەرمان خۆر بوو کە ئاوێنەیەکی زیوین بوو من سەیری ملوانکە ئەستێرەکەم دەکرد، مانگ کورسی عەرشەکەم بوو، ئەویش وەك پاسەوانێك لەپشت سەرم وەستابوو، لەپڕ وێنەی من لە ئاوێنەکەی خۆر نەما، تەنیا ئەو پیاوە ڕووخساری لەناو خۆرەکە دەردەکەوت ودەیووت «هەڵسە لە خەو.. ڕابەو بمدۆزەوە.. من عاشقە خەیاڵیەکەتم»

چاوەکانم کردەوە ئاسمان ملوانکە ئەستێرەکەم بوو.. مانگ لە هیلال بوو.. خەوەکەم لە ناو تیشکی مانگ دەبینیەوە.. ڕووخساری پیاوەکە لەناو مانگ دەردەکەوت، نیگەرانی خۆی لەو تەنیاییە دەخستە ڕوو، دەیووت لەناو تاریکی ئەمشەو چاوەڕێتم.. چاوم لە ئاسمان نزمکرد، ڕوانیمە خانەوادەکەم هەریەکەی لەشوێنێکی سەربانەکە خەوتبوون، جگە لەخاوەری خوشکە بچکۆلەم نەبێت بەتەنیشت منەوە دەخەوت، هەموو جارێك دەیووت «دادە کە شووت کرد بە پیاوەکەت بلێ خاوەریش کچی خۆمانە و بێ خاوەر نابم بە ژنی تۆ»

خەریکبوو بگریم، ناوچەوانیم ماچکرد توند بۆ ساتێك باوەشم لێیدا، ئەو پێکەنینێکی کردو خەوتەوە، لێفە خوریە ئەستورەکەم لەسەر خۆم لابرد، دەبوو سەرەتا بزانم کەس بەئاگا نیە، بەلای تویکلی ئەو شووتیانە چووم کەشەوانی هاوین وەك نەریت بەر لەخەوتن شووتیمان دەخواردو بەیانی کەخۆر هەڵدەهات، لەگەڵ هەڵگرتنی نوێنەکان، دەبوو خاوەر پەلکە شووتیەکان کۆبکاتەوە، هەندێکجار کە چاوی دایکمی لێ دیار نەبوایە هەمووی پێکەوە فڕێدەدایە هەیوانە خۆڵەکە، یا ئەو کاتانەی دایکم دەیویست شەربە ئاوەکە هەڵبگرێت وبیباتە خوارەوە، خاوەر ئەو ساتەی بەهەڵدەزانی بۆ فڕێدانی پەلکە شووتیەکان، گەر دایکم بیبینبوایە لێی تورە بوایە، دەیووت "دادە دایە گورجی زۆر سەیرە.. ئێ خۆ لەحەوشەش بێت دوای نان هەر خۆم پاکی دەکەمەوە"

ئەو ساتانەم بیر دەهاتەوە، قوڕگم ووشك دەبوو دەترسام بخنکێم، چووم لە شەربەکە کەمێك ئاوم خوارد، دڵنیاشبووم هەموو نووستون، بەئەسپایی بەسەر پەیژە گڵەکە دابەزیم و حەوشەی ماڵم جێهێشت.. ئەو دەمەی بە حەسارەکە تێپەڕیم من بەدوای پیاوی خەونەکەم وێڵ بووم، لەسەروچاوە کە مریەمم دەبینی.. ئەو دەمەی پەلەی بوو خواردن بۆ مناڵەکانی دروووست بکات، بەدەم شۆخیەوە دەیووت «دەی عەیار بڕۆ لەودیو بەستەکە چاوەڕێتە»

بەناو تاریکی ئەو شەوەدا دەڕۆیشتم، تێدەگەیشتم مریەم دەزانێت بە ژوانی من وپیاوی ناو خەونەکەم، دەگەیشتمە بەرزاییەك دەمبینی لەخوارەوە چاڵێکی قووڵ هەیە، لەو چاڵانەی مرۆڤی تیا زیندە بەچاڵ دەکرێت، بەڵام شوێنی شارێکی بەتەواوی تیا دەبۆوە

زینده بەچاڵ بکرێ، ئاوی بارانی تێچوو بوو کردبووی بە ڕووبارێك، مانگ لەشێوەی هیلال سەر ئاو کەوتووە، ئێمە لەمناڵی بەو دیمەنەی مانگمان دەووت بۆتە مۆز، کەچی مانگ ئەمشەو جگە لەوەی مۆزو داس بوو هەرگیز نەمزانیبوو لە هیلالدا دەبێت بە بەلەم، بۆتە بەلەمێك پیاوەکە لەناویدا سەوڵ لێدەدات تا بگاتە لای من.. ئەوە مناڵی بیر دەهێنامەوە کاتێك بەلەمی کاغەزمان درووست دەکرد دەمانخستە ڕووبارەکەوە، خەیاڵمان دەکرد ئێمە ئاوا بەدنیا سەفەر دەکەین، خۆشمان بە پیادەڕەویی بەدوای بەلەمەکە دەڕۆیشتین.. بیرمە جارێك بەلەمەکەی من لەچاو وون بوو کەچی دواتر لەسەروچاوە هاتەوە دەرەوە.. ئێستاش لەو چاڵە پڕ لەئاوە کە مانگ بۆتە بەلەمێك، پیاوێك لەناویدا سەوڵ لێ دەدات ودەستی دێنێت، منیش دەست دەخەمە دەستی وڕامدەکێشێتە ناو بەلەمەکە، بەناو ئەو چاڵە ئاوە دەڕۆین.. هەر هێندە ئارامم تا بەلەمەکە نوقم دەبێت لەوێ لەژێر ئاودا شارێك هەیە.
مرۆڤەکانی ئاوین.. کارینا تۆ یەکەمجار لەو شارە ئاوییە لەدایك دەبیت.. نازانم کەی وچۆن من لەو شارە هاتمە دەرەوە، هێندە نەبێت جارێکیتر نەگەڕامەوە ماڵەوە، چەندین وەرزو ساڵ تێپەڕی وئێمە لەو شارە ئاوییە ژیاین، ئێستاش کەس باوەڕ ناکات کچەکەم تۆ بەرهەمی عەشقێکی خەیاڵی و لەشاری ئاو لەدایك بوویتە، دەزانم ئەو ماوەی لەنەخۆشخانە بردمە سەر هەموو باسیان لە شێتی دەکرد.. دەشێت جیاوازیەکە تەنیا لەناونانەکە بێت ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین خەیاڵ.. ئەوان بەشێتی دەیبینن، گرنگ کچم تۆ بەرهەمی عەشقێکی خەیاڵی، بۆیە کاتێك خەیاڵ داگیرتی کردووە، بۆ ویستی من و باوکە خەیاڵیەکەت دەگەڕێتەوە.
کچم باوکت بەرهەمی خەیاڵە سەر بەو ئەستێرەیە نیە. ئەو هاتە خەونم.. لەشەوێکی تاریك چاوەڕێی کردم و سیانزە ساڵ لەناو شاری ئاو پێکەوە ژیاین، زۆربووین هەموومان لەماسی دەچووین لەو شارە.. کەس تووڕە نەدەبوو.. عەشق زمانی ماڵەکان بوو، دنیا ئەو خەونە بوو کە دەمانوویست، ڕۆژێکیان باوکت نەخۆشکەوت و ترسی لەدەستچوونیمان هەبوو، لەپڕ بوو بە ماسیەکی پولەگداری پڕتەقاڵی و من وتۆی لەباوەش گرت، دەیووت: ژنە جوانەکان ئیتر بێ منیش دەتوانن بژین.. من دەبێت بڕۆم بۆ شارێکی دوور فریای دایکم بکەوم.. دایکم ژنێکە لە خەیاڵ ئێستا زنجیریان کردۆتە مەچەکی بە بیانووی ئەوەی ژنەکە شێت بووە، پورم هێندە بۆی خراپە بە زنجیر بەستوویەتیەوە، هاوسەرەکەی هانداوە کە بیکوژێت و خۆی بچێتە شوێنی ئەو، دەچم فریای دایکم دەکەوم بەر لەوەی بیکوژن.
باوکت ئاوا چیرۆکی مریەمی دەگێڕایەوە، ئەو ژنەی لەحەسارەکە کوژرابوو نەنکی تۆ بوو، بۆیە کە من لەماڵ هاتمە دەرەوە بێهۆ نەبوو کەوتمە ناو ژیانی حەسارەکەوە، تا بەشە شاراوەو نهێنیەکانی چیرۆکی ژیانی باوکت بزانم.. کە ئاو وشکی کرد دنیا تەواو گۆڕا شارەکەمان لەبێ ئاوی خنکا، ئێمە چەند کەسێکی دەگمەن بووین لەو شارە ڕزگارمان بوو، ئێستاش کەس بەو چیرۆکە باوەڕ ناکات، ساڵانێکی زۆر پێیان وابوو من شێت بوومە، باوکی تۆ بەرهەمی خەیاڵ نەبووە، بە ڕیوایەتی ئەوان گوایە باوکت سەربازێکی سوپای عێراقی بووە، لەسەرەتای شەڕ لەگەڵ ئێران لە شەڕی عەبادان ئەو شەوەی سوپای عێراقی تێکشکا، هەر ئەو شەوە شێت دەبێت وسێ مانگ لەنەخۆشخانەی سوپا دەیخەوێنن، تا سەرەنجام فڕێ دەدرێتە سەر شەقامەکان، بەڵام باوکت کە کتێبی خەیاڵی دەستکەوتووە، ئیدی کێ باوەڕ بەو درۆیانە دەکات کە

لەبارەی ئەو ڕیوایەت دەکرێت.. ئێمە هەمیشە دەبێت بە ئاگابین ونەیەلین نهێنی خەیاڵەکان بگەن بەوانەی بێ خەیاڵن و ناتوانن ئەزموونی خەیاڵ بکەن.

دەشێت هەموو ئەوانەی لەبارەی شێتی و دنیای شێتی کەسێکەوە باسی دەکرێت، حەقیقەتی خۆی هەبێت و دان بەوە بنێین کە ئەو شێت بوو، بەڵام ئاخۆ کەسێك هەیە دان بەوە بنێت چیرۆکی شارە ئاوییەکان حەقیقەتە؟ هەموو ئەوانەی باس لەشێتی دەکەن، ترسیان لەدنیای خەیاڵە.. بۆیە تۆمەت بۆ دایکم درووست دەکەن، تۆمەتی ئەوان وەك ئەوەیە هەموو ئەوانەی من دەیبینم کەس بڕوای پێنەکات.

کارینا کاتێك ئەو دێرەی دەووت من لەناو خۆمدا ئەو دنیایەم دەبینی کە لەپەردەیەکی تولی ناسك دەچوو، کە لەدنیای ئەوانیتر جیای دەکردەوە، تێدەگەیشتم توێژاڵێك هەیە لەنێوان خەیاڵ وشێتی کە دەکرێت سەر بەیەك دنیابن و نامۆش بن بەدنیای یەکتری.. وەك چۆن درۆ و خەیاڵ سەر بەیەك دنیا نین، درۆ زادەی دەروونێکی بیمارە، کەچی خەیاڵ دنیای مرۆڤگەلێکی خەونبینە بەدنیایەکیتر، تاوای لێ دێت لەم دنیایە دوور دەکەوێتەوەو دنیای خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوانە کەسانێك بوون چیتر لەم دنیایە نایان دۆزینەوە، کارینا دواهەمین کەسی نەوەی خەیاڵ بوو، کە چیتر هیچ شتێك لەبارەی ئەویش نازانین، داخۆ بەهەمان چارەنووسی نەنکە مریەم نارِوات، وەك دایکە داماوەکەی تاوانی شێتی ناخرێتە پاڵ؟ کێ دەزانێت، دووریش نیە ئەو لەگەڵ پیاوی خەیاڵ منالێك بێننە دنیاو نەوەی خەیاڵ تاك وتەراش بێت لەناو ئێمە هەر بمێننەوە.

# کتێبی وەرزەکانی ڤیڤاڵدی

## وەرزی بەهار

ریتمێکی خێرا کە گوزارشت لە شادی دەکات، مۆسیقاکە بەرەو سەمای کچێک هەنگاو دەنێت، وەک ئەوەی لەدارستانێکدا تەنیا باڵندە و سمۆرەی سەر درەخت هەبێت و کچێک سەما بکات، لەنێوان درەختەکان باز بدات، ئەو دەمەی سمۆرەکان لاسایی دەکەنەوە، باڵندەکان بە جوولەی خۆی مەست دەکات، ئەوانیش بەشداری لە ژەنینی مۆسیقاکە دەکەن.

ئەو سەرەتایە دەمباتەوە لای کچێک کە پڕە لەخەون، ئێوە لێرەوە ئەو بە سارا دەناسن، ئەو کچە بەشی مۆسیقای کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، باوکی ئەو لەشاخ بووە، کاتێک سارا لەدایک دەبێت، شەوێکیشیان کاتێک بۆ بینینی کچەکەی خۆی دەکاتەوە بەشار.. ناسیاوێکیان بەناوی قادرە کوێر، کە پەیوەندیی بە چەکدارانی دەوڵەتەوە دەبێت خەبەری لێ دەکات و دەستگیر دەکرێت، بۆ بەیانی ئەو دەمەی دایکی سارا کە ناوی حەپسەیە لەحەوشە بەدیار مەلۆتکە دانیشتووە لە سپێدەیەکی هاویندا، چەند چەکدارێک تەرمی هاوسەرەکەی دەخەنە تەنیشت مەلۆتکەکەوە.

ئەو بەیانیە تەنیا ژنێک لەحەوشەکەدا دەقیژێنێت، ئەو دەمەی خەڵکی گەڕەک کۆ دەبێتەوە.. ئیدی بە پانایی حەوشەکە دەنگی گریانی ژن دەبیستیت، لە چاوتروکانێکدا پیاوەکان تەرمەکە هەڵدەگرن بۆ شۆرین.

دەنگی گریانی ژنەکان و دەنگی سارای مەلۆتکە لە کۆراڵێکی پرسە دەچێت، ئەوە ئەو رۆژە خەمناکەیە کە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە هەرگیز هیچ شتێک لەبارەیەوە نازانێت، ئەوەی ئەو دەیزانێت گەڕەکێک بە میهرەبانیەوە باوەشی بۆ دەکەنەوە.. تا گەورە دەبێت، ئەو رۆژەی کارنامەی دەرچوونی کە پارچەیەک لە مۆسیقای مۆزارت پێشکەش دەکات، هەموو گەڕەک وەک ئەوەی ئاهەنگی ژنهێنان بۆ کوڕێکیان بێت ئاوا خۆیان دەگۆڕن، بەرەو هۆڵی هونەرە جوانەکان دەڕۆن.

من کە ماڵمان لەو گەڕەکە بوو.. سێ مانگ تێپەڕی بوو بەسەر پەیوەندیەکەمان، ئیدی بیانویەک نەمابوو، دایکم ووتەنی "نەڵێی حەزم لە سارا کردووە، ئەوە تەخەروجی کردووەو ئیتر دەچینە داوای" خوشکەکەم دەیووت "ئەوە هەر وا فشەکەرە.. سارا چۆن بەوە ڕازی دەبێت، دەڵێی عادل ئیمامە" باوکم گەر لەژیاندا بوایە دەیووت "دەی داماننا عادل ئیمام نیت و حوسێن فەهمی.. با بچینە داوای، خۆ هەر دەبێت سوعاد حوسنیت بۆ داوا بکەین"

نازانم بۆ کارەکتەری فیلمە میسریەکان ئاوا لەماڵی ئێمە وەک نمونەی عەشق دەهێنرانەوە، ناخۆشترین ڕستەیەک کە ئەم ئێوارەیە بەرگوێم کەوت، سەرگوڵی خوشکم کە ووتی "کاک عەبدولحەلیم دەبینین چۆن نادیە لوتفی وازت لێدێنێت"

هێندەم لەبارەی چیرۆکی نائومێدی عاشقان بیستبوو، گومانم نەبوو کە مام و خاڵەکانی ڕازی نابن.. کچێکی وا جوان و چالاک ببێت بە هاوسەری من.

ئای چ دڵە خورپەیەک بەسەر مندا دێت، چ شین و واوەیلایەک چاوەڕێمە.. ئەو دەمەی چاوەڕێی هەواڵم کە دامناوە نایدەن و ناچار دەچمە یانەی خواردنەوە، وەک ئیبراهیم تاتلیساس دەکەومە عەرەق نۆشین و گۆرانی ووتن، هەر ئەو دەمە شاندی

مـــاڵی ئـــێمە بە هەڵـــهەڵە و پێکەنـــین گەڕانەوە، تـــاکە شـــتێک کە ووترابـــوو دایکـــی وتبـــووی "ئـــێ وەڵـــڵا لەئێـــوە زیـــاترم پێخۆشـــە، بەس خوشـــکم خـــۆ دەبێـــت پرســـێکی خـــاڵ ومامەکـــانی بکەین"
ســـینگم دەرپەڕانـــد وخـــۆم وەک کەڵەشـــێرێک گیـــف کـــردەوە، چـــوومە پـــێش ســـەرگوڵ ووتـــم "بەڵـــێ عەبـــدولحەلیمم، بەڵام لەبـــڕی ئەوەی نـــادیە لـــوتفی جـــێم بێلێـــت، مێـــرڤەت ئەمـــین شـــووم پـــێ دەکـــات" دایکـــم و پـــورم دایـــانە قاقـــای پێکەنـــین، دایکـــم باســـی لەوە کـــرد کە فیلمـــی میسریی لە تەلەفزیۆنیش نەمێنێت.. لەماڵی ئێمە هەر هەیە.
تـــا ئەو شـــوێنەی مـــن بـــزانم ئەوە تـــاکە چیرۆکـــی عەشـــقێکە بە بـــێ کێشـــە گەیشـــتووە بە ژیـــانی هاوســـەری، هەرگیـــز بەلاتەوە ســـەیر نەبێـــت، ژیـــان لای ئـــێمە وایە.. عاشـــقەکان دەبێت نائومێد بن.. بگرین بمرن لەپێناو یەکتری.
هەســـتمدەکرد ئـــاگری بەخـــتەوەری ســـارا دەمســـووتێنێ.. نـــاو لەپـــم لە زەوی تونـــد دەکـــرد، نەوەک شـــادی بمفڕێنێـــت.. نـــاتوانم وەســـفی ئەو ئێـــوارەیە بـــکەم، لەمـــاڵی ئەوان هەمـــوو گەرەک کۆبـــۆوەو ڕیکـــۆردەرێکی ســـانیۆ دانرابـــوو بەهەمـــوو دەنگـــی هـــاواری دەکـــرد "موبـــارەک بێـــت.. ئەڵـــقەی پەنـــجەی موبـــارەک بێـــت" لەگەڵ ئەو گـــۆرانیە ئـــێمەش ئەلقەمـــان دەکـــردە پەنـــجەی یەکتـــری.. وای خـــوایە چ ئـــارەقێکی شـــەرمم دەڕشـــت.. کچەکـــان بە پێکەنـــین و لاقرتێـــوە دەیـــانووت "وای زاوا چەنـــد شـــەرمنە" هەنـــدێکیش دەیـــانووت "نانـــا ئەو تەمسیلانە مەکە یەکجار واش نیت"
دوو هەفـــتە دوای ئەم ئێـــوارەیە بە دوو ماشـــێن بووکمـــان بـــرد، تـــا شـــەقلاوە نەوەســـتاین.. ئەوانەی لەگەڵمـــان بـــوون کەســـە نزیکەکـــانی مـــاڵی خۆمـــان بـــوون، لە ئوتێـــل ســـەدیر ئێمەیـــان دانـــاو خۆیـــان گەڕانەوە بـــۆ هەولێـــر، ئەو شـــەوە مـــن وســـارا لە دوو جەســـتە نەدەچـــووین، دوو ڕۆح بـــووین لە هەوادا.. یـــاخود پەپـــولەیەک لەم ژووره بەســـەر گوڵێـــک دەنیشـــتەوە، تـــا بـــۆنی بکـــات.. دوای ســـێ ڕۆژ گەڕایـــنەوە مـــاڵی خۆمـــان.. ئەوە یەکەمجـــار بـــوو.. شـــوێنێک هەبـــوو وەک مـــاڵ کە هەســـت بە ئـــازادی وعەشـــقی تیـــا بـــکەم.. ئەو ڕۆژانە هیچ جیاوازیەکیان نەبوو لەگەڵ خەیاڵی بەهەشتکردن.
ئەوەتـــا لەریـــنەوەی مۆســـیقاکەی ڤیڤاڵـــدی ســـێ مـــانگی ژیـــانی پـــێکەوە بـــوونم بیـــر دێنـــنەوە، مۆســـیقاکە لەتـــرس وهەژانێـــک دەچێـــت وەک ئەوەی باڵنـــدەکان لەو ترســـە بە ئاگـــای بێنـــنەوە، ئەوە هـــاتنی کونـــدە بەبـــۆیە.. یـــاخود مردنـــی ماســـیەکانی نـــاو ڕووبـــارەکەی تەنیشـــت ئەو دارســـتانەیە، کە ماســـیەکان ســـەر ئـــاو دەکەون، مەترســـیەک لەگەڵ تاریـــک بـــوونی ئاسمان ڕووبەرووی ئەوانیش دەبێتەوە.
ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە هاوســـەرەکەم ئازارێـــک لە ســـینەی دەردەکەوێـــت، ســـەرەتا لەمنـــی دەشـــارێتەوە، لەگەڵ دایکـــی دەچـــن بـــۆ ســـەردانی پزیشـــک، ئێـــوارە کە هـــاتەوە.. وای خـــوایە عاشـــقەکان کە درۆ دەکەن چـــۆن لە ســـیمایان دەردەکەوێـــت، چـــونکە نایانەوێـــت ئەو درۆیە بـــکەن، کەچـــی بە دڵە ڕاوکەیەکـــی ســـەیر، ووتـــی "مـــاڵی خـــاڵە عـــومەرم ســـڵاویان هەبـــوو" وام دەرخســـت کە زۆر بەلامەوە گرنـــگ نـــیە هێنـــدە نەبێـــت لەســـەر لێـــوەوە وەڵامـــیم دایەوە.
ئەمێســـتا ئەو مۆســـیقایە هەمـــان دۆخـــی خوڵقانـــدووە هەر دەڵێـــی بەزمـــانی ســـارا قســـە دەکـــات، دوای یەکەم ســـەردانی بـــۆ پزیشـــک.. مۆســـیقاکەش هەر وایە.. ســـەرباری ئەو ترســـە شـــتەکان وەک خۆیـــان لـــێ دێـــتەوە و مۆســـیقاکە دەگەڕێـــتەوە نـــاو هەمـــان میلـــۆدی سەرەتا.

گەرچـــی بەرز ونـــزمیەک، ململانێـــی مرۆڤەکـــانە لەنـــاو بەهـــاردا، کە نـــایەڵن بەهـــار تەنهـــا جوانیەکانی بە ئێمە ببەخشێت، هێندەی جوانی لەویش دەخەینە ململانێوە.
ئەویـــــش وایکـــــرد دەیویســــــت ئەو ڕۆژە لەخـــــۆی بکـــــاتە دەرەوە، بەڵام کە ڕۆژەکـــــان تێـپەڕین، شــەوێکیان لەنــاو نــوێن هەســتم بە حــالەتێکی ســەیر کــرد دەســتمی لەســەر ســینگی لا دەبـــرد.. خەریـــک بـــوو بـــکەومە گومـــان، ئەو دەمە هەر چۆنێـــک بێــت.. وەک شـــەوانیتر لەنـــاو ئەودا ڕژام، هەســـتم بە ئـــارامی عەشـــقەکەمان دەکـــرد، دواتـــر ڕۆبە ســـوورەکەی لەبەر کـــرد، گڵـــۆپەکەی داگیرســـاند، باســـی لەدرۆی شـــاردنەوەی پزیشـــک کـــرد، ئەو ئازارەی گێڕایەوە کە شەوان پێی دەتلێتەوە.
لەســـاتی وادا مـــرۆڤ جـــگە لەهێمنکـــردنەوەی ئەویتـــر شـــتێکی تـــری پـــێ ناکرێـــت، بـــۆیە ڕۆژی دواتـــر کە چـــووینە نەخۆشـــخانە و ڕەوانەی هـــۆبەی پشـــکنین و چانـــدن کـــراین، دەرزیەکیـــان لەســـینەیدا.. مـــن بەســـەر ســـەریەوە بـــووم، ئەو دەمەی لەتـــاوی دەرزیەکە بەهەمـــوو هێـــزیەوە دەســـتمی ئەکوشـــی و ئەگریـــا.. ئەگریـــا، منـــیش هەســـتم بەو هەڕەشـــەیە دەکرد.. وەک ئێستای ئەو مۆسیقایە.
ئەوەتـــا هێـــزی خەون بینـــین لەنـــاو مۆســـیقاکە پەلکێشـــمان دەکـــات تـــا هـــێمن بـــین و بە دەنگـــی نـــاو وەرزەکە ئـــێمەش هەنگـــاو بنێـــین، گەرچـــی ئەو ترســـە وەک دەنگێـــک زهنمـــان بەر نـــادات، بەڵام ئەوە سرووشـــتە لەڕێـــگەی بەهـــارەوە وا دەکـــات زاڵ بـــین بەســـەر ئەو ترسانە، تاوەکو ڕۆحمان تێکەڵی سەوزایی وەرزەکە بکەین.
ســـەرەنجام کە ئەنجـــامی پشـــکنینەکان دەرکەوتـــن هـــیچ شـــتێک جێگـــای ئومێـــدی عەشـــق نەبـــوو، ئەو ئێـــوارەیە مـــن چـــیم پێـــدەکرا، جـــگە لەوەی بە بیـــانووی خۆشـــۆرین بـــڕۆمە حەمـــامەکە، بەهەمـــوو هێـــزمەوە ســـەرم بکێشـــم بە دیـــوار و لەناخـــدا هـــاوار بـــکەم "ئەوە چ مانـــــایەکی هەیە هەڕەشـــــەی مردنـــــی چـــــی؟ بـــــۆچی بەو ڕادەیە شـــــتەکان ترســـــناکن؟ شێرپەنجەی مەمک چۆن دەرفەتی پەیوەندیی ئێمە دێت؟"
ئەی هێـــزی خەون بینینـــی ڤیڤاڵـــدی.. ببـــورن مەبەســـتم عەشـــق.. لەکوێـــدایە؟ ئیـــدی مـــاڵ تاریـــک بـــوو، کۆشـــکی عەشـــق بـــوو بە کەلاوەیەکـــی جێهێڵـــدراو.. ئەو ڕیتمـــی خێـــراییەی ڤیڤاڵـــدی هـــێمن بـــۆوە.. بـــۆ نـــاو نائومێـــدیەکی ترســـناک، وەرزی بەهـــار هەڕەشـــەی لەنـــاو چـــوونی دەکـــرد.. کۆتـــایی ئەم وەرزە تـــاڵترین ئەو ڕۆژانە بـــوون، ئەو دەمەی لیـــژنەی پزیشـــکەکان کۆبـــوونەوەو بەهـــۆی ســـەختی نەخۆشـــیەکە پێشـــنیاریان کـــرد، دەبێـــت مەمکـــی چەپی ببڕنەوە.. بەمن مەڵێ ئەوە یانی چی؟
ســـێوی ســـینەی بـــاخی یـــار وەک کـــاتی خـــۆی لەنامەکـــان وام بـــۆ دەنووســـی دەیبـــڕنەوە.. منـــی بـــاخەوان چـــۆن دڵـــم دێـــت.. ئەوە بڕیـــاری پزیشـــکەکان بـــوو.. وای تکـــایە مەڵـــێن چـــۆن لەســـەر شـــتی وا ڕازی بوویـــت، ئەوە ململانێـــیە لەگەڵ مەرگ ژیـــانی ســـارا لەشـــەوانی عەشق گرنگترە.
لە ڕۆژە ســـەرەتاییەکانی هـــاوین ئومێـــدێک بـــۆ ژیـــان دەردەکەوێـــت، ئەوە هەمـــان ئەو هەستەی مۆسیقاکەیە لەوەرزی هاویندا.

# باپیرەم دواهەمین نوێژی خۆی دەکات

ئەو بەیانیە من بۆ نوێژ خەبەرم نەبۆوە، وەک ئەوەی قودرەتێکی ئیلاهی ڕێم لێ بگرێت، بەڵام ئەوە فێڵ لەخۆکردن نیە بۆ ڕۆیشتنی کچێک لەماڵی باوکی، کاتێک خۆر تەواوی سەربانەکەی داگرتبوو، دەنگی گورجی دایکی منداڵەکان بەخەبەری هێنام "تۆ هێشتا لەشیرینی خەودایت.. هەڵسە ئابڕومان چوو" بەچرپە دەدوا و سەری لەسەرینەکەم نزیک کردبۆوە، خێرا هەڵسامەوە، ووتم خاوەر ڕۆیشتووە؟ بەڵام خاوەر بۆ کوێ دەچوو؟ مەگەر بچێت پەلکە شوتیەکان بخاتە بەردەمی کاریلەکەی خۆی، تابڵێت "ئێ گوناهە شوتی ناخوات دەبێنن شیری پێ بدەم" لەو خەیاڵە بووم کاتێک گورجی دەیووت "نا خاوەر خەوتووە، ماڵ کاولکەرەکەی تر ڕۆیشتووە"
ئاوڕێکم لەنوێنی کچە گەورەکەم دایەوە، چووم دەستم خستە سەر پێخەفەکەی، تابزانم هێشتا گەرمە و بەم نزیکانە دەرچووە، جگە لەگەرمایی تیشکی خۆر.. هەستم بەهیچ گەرمیەک نەدەکرد، دلنیابووم هێشتا شەو لەقوڵایی تاریکی بووە و خۆر خەبەری نەبۆتەوە، ئەو لەماڵەوە دەرچووە.
پرسەیەک لەماڵ دانرا، کەس نەمردبوو، بەڵام هەموومان مردبووین، تاکە زیندوویەک مردووە ڕاکردووەکە بوو، کوڕەکەم هەر ئەو ڕۆژە بڕیاریدا تا نەیکوژێت و سەری نەبڕێت، نەیکات بە قەڵغانی بەر دەرگا نەگەڕێتەوە ماڵەوە، شوێنێک نەمابوو ڕووی تێبکەم، کەسێکی وەک من دەبێت بچێت بۆ کوێ؟ ڕوو بکەیتە هەر شوێنێک وەک باوکی کچە ڕەدووکەوتووەکە سەیرت دەکەن، مزگەوت دوورترین ڕێگای من بوو، بەدوای نوێژەکان وەک هەر کەسێکی بڕوادار لەخوا دەپاڕامەوە ئابڕووم بپارێزێت، کچەکەم بگەڕێتەوە ماڵەوە، پەیمانم بەخودای خۆم دابوو بگەڕێتەوە پەنجەم بەری نەکەوێت، تەنیا پێی بڵێم لەبەر ئابڕووی خانەوادەکەت جارێکیتر ئێرە جێمەهێڵە، قەناعەت بە براکەشی دەکەم ئەوەی ڕوویداوە هیچ نەبووە بەدەم خەوەوە ڕۆیشتووە، کاتێک خەبەری بۆتەوە گەڕاوەتەوە ماڵەوە.
من دەست بەدوعا بووم کاتێک ئەوانیتر لەدوعاکانیان دەبوونەوە، گوێم لێبوو لەحەوشی مزگەوت بەیەکتریان دەووت "نزاکانمان قەبوول نابن.. تا دەیوسێک لەڕیزی ئێمە دوعا بکات" ئەو ڕۆژەی ئەو قسەیەم بیست دوای نوێژی مەغریب بوو، ڕۆژی دواتر بۆ نوێژی عەسر، کاتێک مەلای مزگەوت هاتە ژوورەوە بۆ پێش نوێژکردن، ئاگاداری کردمەوە، با ئەوە دوانوێژم بێت لەمزگەوت، نوێژەکانی ماڵەوەش خێریان وەک هی مزگەوتە، موسوڵمانان نارەحەتن بە بوونی من لەوێ.
کارینا کاتێک بیرلەوساتانە دەکاتەوە کە مەرگی باپیرەی بە دەم چ ئازارێکەوە بووە، لەدەفتەرە بچکۆلەکەی دەنووسێت: ئەوە دوا نوێژی باپیرەم بوو نەک هەر لەمزگەوت، بەڵکو لەژیانیشدا، چونکە دوای ڕکاتی یەکەم کاتێک سەری بۆ سوژدە داگرت.. سەری بەرز نەکردەوە، وا دەزانن بۆ ئەوەیە تا موسوڵمانان بەزەییان پێیدا بێتەوەو لەهاتوچۆی مزگەوت بێبەشی نەکەن، نەیانزانی لەکاتی سوژدەدا دوا هەناسەی بەنوێژی ئەو عەسرە بەخشیووە.

# کتێبی وەرزەکانی ڤیڤاڵدی

## وەرزی هاوین

ڤیڤاڵدی لەو وەرزەدا لەرێگەی نۆتەکانیەوە ویستویەتی وێنای بەیانی هاوین بکات، هەر لەساتی دەرکەوتنی کازێوە.. کە چۆن گەڵای درەختەکان ڕووبەرووی هەڕەشەی سووتانی خۆر دەبنەوە.. ئەو هێزی خۆرە لەمۆسیقاکەدا ووزەی ئیرادەی سرووشتە بۆ مرۆڤ.. دەنگی کەمانجەیەکی تەنیا لەدەنگی کەڵەشێری سوبح دەچێت.. ئەو بواری بۆ تەواوی زیندەوەرو سرووشت کردۆتەوە، لە نیگار کێشێک دەچێت کە وێنەیەک لەرێگەی مۆسیقاوە بکێشێت، بۆیە هەست بە کزە بای بەیانیانی هاوین و تەنانەت مێشوولەکانیش دەکەین.

ئەوەی لەم وەرزەدا ئومێدێک بە قاوشی نەخۆشخانەکە دەبەخشێت، قسەی ئەو پزیشکانە نیە کە دەڵێن، نەشتەرگەریەکە زۆر باش دەبێت، بەڵکو ئەو هەستەیە کە دەنگێک درووستی دەکرد لەمندا.. بەبێ ئەوەی لەو ڕۆژگارە ڤیڤاڵدیم ناسی بێت، ئێستا تێدەگەم ئەوە پارچە ئاوازی وەرزی هاوینی ئەو بوو.. وێنای سرووشتێکی جوانی دەکرد کە ژیان دەگەڕێتەوە ناو ئەو جوانیە.. کاتێک بەناو باخچە بچکۆلەکەی نەخۆشخانەکە ڕۆیشتین، هەمان ئەو وێنەیەی مۆسیقاکەم بینی، کە بۆ یەکەمجار لەناو پاسەکەی ئۆکراینا گوێم لە مۆسیقاکە بوو.

گەیشتینە ناو نەخۆشخانەکە، هەرچی خەڵکی گەڕەک بوو هاتبوون.. وەک ئەو ڕۆژە هاتە پێش چاوم، ئاهەنگی دەرچوونی سارا بوو، بەڵام ئەمجارەیان لەوە دەچوو.. هەر یەکێک لەخانەوادەکان ئازیزترین منداڵیان لەجەنگدا کوژرا بێت.. ئێمە کە چووینە ئەوێ دوانەیەک بووین پێ دەکەنین، سارا بەدەم پێکەنینەوە دەیووت "ئەرێ من نەشتەرگەریم بۆ دەکرێت نەک ئێوە، بۆ وا خۆتان تێکداوە"

ژنەکان لەباوەشیان دەگرت و دەگریان، کاتێک لەباوەشی ئەوان دەرچوو دوو برینپێچ لەگەڵ خۆیان بردیان، ئەو دەمەی منیان بانگ کرد، تا ئیمزا بکەم لەسەر ڕەزامەندی دەربڕین و بەرپرسیار بوون لە نەشتەرگەریەکەی.. ئەو دەمە بە چاو نەدەگریام، بەڵام لێوەکانم هەر دەلێی هەی ئەو رۆژەی منداڵی بوو کە لەکۆڵان لێیان دابووم و ژێر نەدەبوومەوە، سەرم هەڵبری سارا جلی نەشتەرگەری لەبەر کرابوو سەیرێکی کردم و ووتی "خوا گەورەیە دوعام بۆ بکە"

چوومە ناو پیاوانی گەڕەک لەسەر کورسیەکان دانیشتم، ئەو کات کەسێک دەستی گرتم قسەی بۆ کردم نەمناسی، بەڵام دوای ئاشنابوون بەو مۆسیقایە، بەدوای گەڕان بەناو گۆگل ویوتوب.. ئێستا باش دەیناسمەوە ئەو بوو.. ڤیڤاڵدی بوو، ئیرادەی تیشکی خۆری هاوینی تیا درووست دەکردم، دەمزانی پزیشکەکان وەک تیشکی خۆرن و هاوسەرەکەشم وەک گەڵای درەختی سنەوبەر.. ئاوا بەهەمان وێنەی مۆسیقاکەی ئەو.

هێمنی تا ئاستی سست بوون.. دەرگای ژووری نەشتەرگەری کرایەوە، خستمانە سەر چرپایەکی درێژ، بەرەو ژوورێکیتر بردیان.. ئیتر ئەو تازە بەنج بەری دەداو هۆشی دەهاتەوەبەر، بانگی منیان کرد، ووتیان ئەوە ببە بۆ ژووری تاقیگە.. سەتڵێکی سوور مەمکێکی تیا بوو، ئەوان بەشێک لەیادەوەریمیان دایەوە دەستم، تا لەتاقیگە بینێژم.. جا خۆ ئەو کات منداڵێکیشم هەبوایە و بمردبا هەر هێندە ئازارم دەچەشت.

مەمکم برد بۆ تاقیگە، بۆ من ئەوێ وەک گۆڕستان وابوو.. پارچە کاغەزێکیان خستە دەستم و بەڕێیان کردم، چەند ڕۆژێک لەنەخۆشخانە ماینەوە.. وورده وورده من هەستم دەکرد تاڵەکانی قژم وەک ڕەنگی سەدریەی دکتۆرەکانی لێ دێت.. هەمیشە لەپێش نەخۆشەکەشمان دەکەوتمە نواندنی پیاوێکی بەختەوەرو پێ دەکەنیم، گوایە هەموو شتێک باشە.

بەیانیەک دکتۆر هات و سەیری تەبڵەکەی کرد و ووتی "دەتوانن لەمڕۆوە بیبەنەوە ماڵەوە، ئەو چارەسەریانەشی بۆ بکڕن و مانگێکی تریش بیهێننەوە بۆ پشکنین".

مانگێک لە ئازار ودەرکەوتنی ئومێدی ژیان تێپەڕی، ئەو شەوانە دراوسێکان تەنیایان نەکردین.. هەر مردین هێندەی شەربەت و نەستەلە بخۆین.. لەدواهەمین ڕۆژەکانی ئەو مانگە، بەرەو نەخۆشخانە ڕۆیشتینەوە.. تا ئەنجامی ژووری پشکنین وەربگرینەوە، لاپەرەیەکی تۆمارکراو بوو.. بردمان بۆ دکتۆرەکە ووتی "دۆخی زۆر باشە ئەو دەرمانانەتان بۆ دەنووسم بیکڕن وهەموو شتێک باشە" کە ڕۆیشتین وەک ئەوەی شتێکی بیر هاتبێتەوە، پێی ووتم "ئێوارە گەر توانیت بێیت بۆ عیادەکەم حەبێک هەیە.. بۆتی دەنووسم لەوێ لەلای دەرمانخانەکەی خوار خۆمان ئەویشی بۆ بکڕن"

بەشادیەوە گەڕاینەوە ماڵەوە، شادیەک زۆری نەخایاند.. جگە لەچەند کاتژمێرێک، چونکە کاتێک سەردانی دکتۆرەکەم کرد، پێی ڕاگەیاندم بۆ ئەوەی بووە ئاگادارم بکاتەوە، سارا بەهۆی ئەوەی شێرپەنجەی مەمکی هەیە، ئەنجامەکانیشی خراپە، بۆ ئەوەی لەتەواوی جەستەی بڵاو نەبێتەوە.. تووشی تیشک و لێزەر لێدان نەبین، باشترە چارەسەری کیمیاویی وەربگرێت.

کێ توانای ووتنی هەواڵێکی وای هەیە کە بەکەسێک بڵێی شێرپەنجەتە و دەبێت چارەسەری کیمیاوی وەربگریت؟ ئەو پرسیارە لەشەوێکی تاریک دوای سێ شەو بێدەنگی بەس بوو بۆ سارا کە بڵێت "خۆ بەقەد بێدەنگیەکەی تۆ سەخت نیە" ئاخۆ بێدەنگی من لەشەوانی ڕابردوو سەختر بوو لەشێرپەنجە؟

لەوە دەچێت دانیشتن لەسوچی قەڕوێلەی نەخۆشێک لەماڵ ڕۆحی لەبەر من بڕیبێت، تەنیا تەرمێک بم لەتەک نەخۆشێکەوە.. تا ئەو کاتە بمێنم کە چارەسەرە کیمیاویەکەی وەردەگرێت، نەمدەتوانی هەناسە بدەم.. کەمتر لەو کاتەش دەکرا، نەخۆشەکەی ماڵەوە میوانەکان ببیینن.. نەبادا تووشی بەرگری تەندروستی کەم بووبێت وتووشی نەخۆشی ببێت، کەسانێکیش بۆ خۆیان وایان دەزانی وەک هەڵامەت لێی دەگرنەوە. ئەوەی دەهاتە ئەم ژوورە تەنها من بووم.. میوانەکان لەژوورەکەی تر دادەنیشتن و کەمتر لەجاران دەردەکەوتن، هەر یەکەی بەجۆرێک دڵی دڵی دەدامەوە

"خەم مەخۆ نەسرینی برازام هەمان دەردی بوو ئەوە دەساڵە ماوە"، "خوا لە شێرپەنجە گەورەترە ئیمانت بەقوەت بێت"، "هەرچی خوا نەیکات نابێت"، "بەخوا ئەمڕۆ ژنێک بۆ خۆت بدۆزیتەوە، باشترە لەوەی ئاوا بەدیار نەخۆشێکەوە خۆت پیر بکەیت"

هەر یەک لەوان قسەی خۆی دەکرد هەندێکیان وەک چەقۆ بوو دەیاندا لە دڵم، بیریان دەچوو کاتێک ئێمە عاشق بووین ووتمان بە مردنیش لەیەکتر جیا نابینەوە، ئەو دەمەی لەپارکێکی گەورە، بەڵام چونکە بەیانی بوو کەمتر خەڵکی لێبوو، لەسەر کورسیەکی درێژ کەمێک لەیەک دوور دانیشتبووین نەبادا باخەوان و پاسەوانەکان بەهەڵە لێمان بگەن، کاتێک دەمانبینین خەریکی پاککردنەوە و ئاودان بوون، هەر

لەئێستا دەچوو کە سارا بەکەمێک پێکەنین، بەڵام بەسووربوونێکی عاشقانە ووتی "کە مردین دەبێت پێکەوە بمرین تا بمانخەنە ناو یەک قەبر"

ئێستا کەسێک بۆ سەردانی نەخۆش هاتووە، تا برینەکەمان سارێژ بکات، ئەوەندەی پێکەمە کە تۆ شێرپەنجەتە، دەیەوێت چەقۆیەک بدات لەدڵم و منیش زامدار بکات، ڕاستە ئەوانیتریش کە دڵیان دەدامەوە هیچی لەبابەتەکە نەدەگۆڕی، چونکە دوای ئەو قسەیە دەگەڕانەوە ناو ماڵەکانی خۆیان و ئازارەکە لەماڵی ئێمە دەمایەوە، ئازارێک ئەوەی شێرپەنجەی بوو هێشتا بەهۆی سەختی مۆرفینەکان هەستی بە ئازارەکەی خۆی نەدەکرد، ئازارە دەروونیە سەختەکە گیانی منی گرتبۆوە.

ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەو هێز وئیرادە سەیرەی سارا بوو، کە زۆر بوێرانە ووتی "دەرزی کیمیاوی خۆ لەمەمک بڕین سەختر نیە" کاتێک حەپسە خانی دایکی تەلەفۆنی لەگەڵی کرد، ئەوە دواهەمین جار بوو سارا گوێی لەدەنگی دایکی بوو، ئەو شێرپەنجەی بوو، بەڵام خۆ ئەو نەمرد ئەوەی نەیتوانی وا لە حەپسەخان بکات بێتە دیداری کچەکەی ئەوە تەنها هەواڵی شێرپەنجە بوو، کە لەگەڵ تەلەفۆنەکە ووتی "بەڕاست وەی حەپسە کوێر بێت ئێ قوربانت بم" قوڕگی هەردووکیان پڕ دەبێت لەگریان و ئیدی ئەوە دواهەمین قسەکانی دایکی دەبێت، حەپسە خانیش دەچێتە لای باوکە شەهیدەکەی سارا، کە خودا ماڵێکی لە ئاسمان پێ بەخشیوون.

ئەو ماوەیە خەمناکیەکی سەیر ماڵی ئێمەی گرتەوە، زۆر لەشێرپەنجە ترسناکتر بوو.. ڕۆژەکان تێدەپەڕین، پرسە بوونی نەمابوو.. دەمە و عەسرێک دیوانی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە" ی شێرکۆ بێکەس م بۆ سارا دەخوێندەوە.. ئەو دەمەی سەیرم کرد سەیر فرمێسک بەچاوەکانی دێتە خوارەوە، منیش بەدەم خەندەیەکی درۆزنانە کە بۆتە پیشەی خۆم ووتم "چیە ئەی نیشتیمانی من؟"

بە پشتی دەستی چاوەکانی سڕی و سەری لەبەر خۆی نا، دواتر کە سەری بەرزکردەوە ووتی "دەزانی نیشتیمانەکەی تۆ تەنیایە نە دایکی هەیە نە باوک.. جگە لەتۆ کەسی نیە، تەنانەت دوو مەمکیشی نیە"

کتێبەکەم خستە سەر بەتانیەکەی و دەستیم گرت هیچم نەووت، چونکە بەڕاستی لەپەنجەکانیدا هەستم بە مۆسیقا دەکرد، هێندە لەکاتی خوێندکاری کەمانچەی ژەنی بوو، ئیتر دەنگی ژێی کەمانەکان هێشتا لەپەنجەکانی دەهات، ڕوومەتم خستە سەر دەستەکانی ووتی "ئەوە مۆسیقای باخە.. بەڵام بە باخچەی تێنەگەیت.. باخ پیاو بوو دڵیشی لێ پیس نەکەیت، چونکە ئەوە ئەخلاقی ئێوەی پیاوە"

نەمزانی لەوەڵامی ئەو قسەیەی پێکەنیم یان گریام، بەڵام دەمزانی دوو ڕۆژیتر ژیانمان دەچێتە ئاستێکی زۆر خراپترەوە، دوو ڕۆژیتر کە هاوین تەواو دەبێت و دەچینە ناو پایز.. لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی پایز دەست دەکرێت بە چارەسەری کیمیاویی، بۆیە خۆزگەم دەخواست ئەم دوو ڕۆژەی هاوین درێژتر بوایە بۆ دوو مانگیتر.. کەچی هەڵەم نەکردبێت بە دوو کاتژمێر تێپەڕی.. کە پێکهاتبوو لەخوێندنەوەی شیعرو خەوە تووتکە بەسەر قەرەوێلەو ماچکردنی دەستەکانی، ئەویش هەمیشە بە پێکەنینەوە دەیووت "ئا ئا ماچیکە لە حەج هاتوومەتەوە بوومەتە حاجی سارا"

لەوە دەچوو ئەو بەو نوکتە و پێکەنینانە ئازار لەخۆی دوور بخاتەوە، ئەگەر واش بێت، لێتانی ناشارمەوە، ئەو هێز وئیرادیە زۆر سەیرە کە لەودا بەدی دەکەم، هەر بەمانای جەنگ لەتەک شێرپەنجە دەجەنگێت و تەسلیمی نابێت، لەکاتێکدا سەرەتا

ترســــــێکی زۆری هەبــــــوو، کەچـــــــی لەگەڵ یەکەم نەشــــــتەرگەری وەک ئەوەی بڕیـــــاری دابێــت بجەنگێــت، شـــەڕ لەگەڵ شــێرپەنجە و هـــاوین بکـــات، باوەشـــی بـــۆ پـــایز و دەرزی کیمیاویی دەکردەوە.

# تابلۆی مریەم و گورجی

ئەو ڕۆژانەی کارینا دەچێتە کۆلێژ هاوڕێکانی عاشقی دەبن، ئەویش هەموویان ڕەتدەکاتەوە، چونکە بەدوای بوونەوەری خەیاڵی دەگەڕێت، لەکارنامەی دواساڵی خوێندن کارەکەی پلەی نایاب وەردەگرێت، دەبێتە جێی سەرنجی هەموان، ئەو چەندە لەسکێچ و پۆرترێت توانایەکی بەرزی هەبوو، بەڵام لەو تابلۆیەی کە بۆ کارنامەکەی کێشابووی توانی وەک هونەرمەندێکی گەورە دەربکەوێت، تابلۆکە لەژێری نووسرابوو مریەم و گورجی.

دوو ژن بەدەم ساوەر بژارکردن لەحەوشێکی گەورە دانیشتوون، لەو سەری حەوشەکە دارتووویەک هەیە، کە وەک دەرگای ئاودەست بەکار دێت، مریەم و گورجی ئەو دوو ژنەن لەو تابلۆیەکە هەر کاتێک لێی قوڵ دەبیتەوە، پێویستی بەقسە و شیکردنەوەی ئەو کچە گەنجە نیە کە کێشاویەتی.

لەنێو ڕامانی ڕەنگدا فیگوری ئەو دوو ژنە دەکەونە قسەکردن، مریەم لەناو پنتی ڕەنگدا خەمێک کۆی کردۆتەوە، خوشکەکەی دەست لەگەڵ مێردەکەی تێکەڵ دەکات، چونکە کاتێک قسە بۆ گورجی دەکات، گوێچکەی بەشێوەیەک کێشراوە کە گوێی لەدەنگێکە کە لەکۆشکی خانووەکەوە دێت، ئەوەش هەستکردنە بەخیانەتی هاوسەری، هونەرمەندەکە نەیویستووە خیانەتی هاوسەری مێردەکەی لەو وێنە دڕندەیە نیشان بدات، کە ئەوە خوشکەکەی مریەمە دەستی لەگەڵ هاوسەرەکەی تێکەڵ کردووە.

دایکی کارینا کە تا ئەو کاتە چیرۆکی مریەمی بۆ کچەکەی نەگێرابۆوە، بەلایەوە سەیر بوو کارینا چۆن بەچیرۆکی شێت بوون و کوشتنی مریەمی زانیووە، لەوەش سەیرتر ئەوە بوو، خۆ ئەو بۆ خۆی چیرۆکی دوای هەڵاتنی تا ئەو کاتە بۆ کچەکەی باس نەکردبوو، ئەی چۆن کچەکەی لەو تابلۆیە باسی گورجی دەکات، ئەو ژنەی دەبووە نەنکەکەیتری کارینا، دایکی هەستی دەکرد ئەوە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی کاریناش وەک خۆی لەناو خەیاڵ نوقم بێت.

ڕەنگە کەسێک کە ئەو تابلۆیەی نەبینی بێت بپرسێت، بۆ گورجی لەتابلۆکە چی دەکرد؟ ئەو هیچی نەدەکرد بەڵام کاتێک سەیری دانیشتن و فیگوری ئەوت دەکرد، هەموو ئەوانەت دەبیست کە لەناو ڕابردووی ئەو ژنەدا هەیە.

گورجی لەو تابلۆیەدا لەوە دەچێت بیەوێت هەڵسێتەوە و بەرەو دەرگا بڕوات، نیگایەکی حەپەساوی هەیە تا بە هاوسەرەکەی بڵێت کەوا کچەکەیان گەڕایەوە، لەهەمان کاتدا وێنەی لێوەکانی بەشێوەیەک کێشراوە وەک ئەوەی ئۆفێک بکات و هەناسە سارد بێت، چونکە ئەوەی تێپەڕی کچەکەی ئەوان نەبوو.

کارینا بەو فۆڕمە هونەریە ویستویەتی بەشداری لەئارامکردنەوەی هەردوو نەنکەکەی بکات، بۆیە لەتابلۆیەکدا هەردووکیانی کۆ کردۆتەوە، لەکاتێکدا لەژیاندا ئەو وێنەیە هەرگیز ڕووی نەداوە، بەڵام ئەوە خەیاڵی هونەری ئەو کچە خەیاڵیە بوو ویستویەتی ژیانێکی نەمریی بەو یادەوەریە خانەوادەییە ببەخشێت، ئەوە هەوڵێکی ئەو بوو بۆ بەمێژووکردنی مێژووی نەنکەکان و چیرۆکی بنەماڵەکەیان.

# کتێبی وەرزەکانی ڤیڤاڵدی
# وەرزی پایز

هەموو سێ هەفتە جارێک ئەو دیمەنە دووبارە دەبێتەوە، بە بەرزایی قەرەوێلەی نەخۆشخانە، پێنج کیس نایلۆنی سوور هەڵدەواسرێت بەسۆندەیەکی سپی باریک، لەقۆڵی خۆشەویستەکەم چەسپ دەکرێت، دەبێت تا چەندین کاتژمێر ئەو پێنج کیسە نایلۆنە بچێتە گیانیەوە، ئەوە هەموو بیست و یەک ڕۆژ جارێک ڕوو دەدات، کە دکتۆر ووتی "سارا پێویستی بە چوار جەلسە هەیە" ئێ بەو قسەیە بێت تەواوی پایز ئەو لەگەڵ وەرینی گەڵاکان چارەسەرە کیمیاویەکەی وەردەگرێت.
ئێستا خەیاڵ دەمباتەوە لای ڤیڤاڵدی، بۆ ئەو شەوەی کەوا سەرنشینەکانی پاسەکەی ئۆکراینا هەر هەموو لەو ڕێگا درێژە خەویان لێکەوتووە.. تەنیا شوفێرەکە و ئەو گەنجەی تەنیشتی نەبێت، لەنێوان شارەکان شوێنیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕیەوە، ئەوەی شوفێری نەدەکرد لەپەرداخی کاغەز قاوەو چای بەسەر سەرنشینان دابەش دەکرد.
ئەو دەمەی مۆسیقاکەی ڤیڤاڵدی گەیشتبووە پایز، ئەو کات من نەمدەزانی ئەوە باس لە پایز دەکات، هێندەی دیمەنی چارەسەرە کیمیاویەکەی سارای بیر دەهێنامەوە، کاتێک سێ هەفتە جارێک دەمهێنا بۆ نەخۆشخانە.. پێنج کیسەی ڕەنگ سووریان دەخستە ناو گیانیەوە، بەویان دەووت چارەسەری کیمیاوی، ئەوە نزیکەی چوار سەعاتێک دەخایەنێت، لەو کاتەدا لەسەر سووچی قەرەوێلەکە هەڵدەستام، لەپەنجەرەکەوە دەمڕوانیە درەختی باخی حەوشە، گەڵاکان هەڵدەوەرین و من لەو هەڵوەرینە تەمەنی وەرینی هاوسەرەکەم دەبینی "چەند سەیر گەڵای درەختەکانی باخ لەپایز دەوەرن" ئەو دەمەی وام دەووت سارا لەبەرخۆیەوە بەخەندەیەکەوە دەیووت "ئەوەیان باخی درەختە لەگەڵ باخی مۆسیقا لێت تێکەڵ نەبێت" ئاوڕێکم دەدایەوەو پێکەنینێکی ساختەم دەخستە سەر لێوەکانم، ئەویش بە پێکەنینێکی پڕ لە ئازار وەڵامی دەدامەوە.
مۆسیقای شەوی درێژی پاسەکە ئەو ڕۆژانەی بەتەواوی بیر دەهێنامەوە، ڕیتمی مۆسیقاکە گەڵاکانی دەوەراند، وەک ئەوەی کزە بایەکی پایزی بێت.. خۆی بدات لەجەستەی درەختەکان، ئەوانیش بوەرن و بکەونە سەر زەوی، هەندێکیشیان وەک ئەوەی کیمیاویی چارەسەریان نەکات، لەسەرە مەرگدا بن.. کەمێک هەڵدەپەڕین، دواتر بێدەنگ وەک گەڵای زەرد تێکەڵی خاک دەبوون، تا ڕۆژی دواتر پێڵاوی نەخۆش و سەردانیکەرانی نەخۆشخانە بەسەریاندا دەڕۆیشت.
دەنگی پایزی ڤیڤاڵدی لەڕەشەبایەک دەچێت.. دەیدات لەدرەختێکەوە، سێبەری گەڵاکان بەر لەوەریین لەسەر زەوی دەبینم، ئاسمان وگەڵاکان زەرد دەچنەوە، خەزانێک بەڕێوەیە، هیچ شتێک توانای نیە ئەو وەرینە ڕابگرێت، تەنانەت تیشکی خۆر، کە لەنێو پەڵە هەورەکان خۆی دەردەخات.. زۆر سست و بێهێز دەیدات بەسەر باخەکان، هێزێک کە هێزی تیشکی خۆر نیە، هێندەی ڕەشەبایەکە دێت و بێ ویستی کەس شتەکان لەگەڵ خۆی دەبات.
ڕەنگی خەزان هەموو شتێک ئەوەرێنێت، ئەوە هەڕەشەکردنی تەواوە لەکۆتایی هاتنی هاوین.. ئاسمان ڕەنگێکی خنکاو بەخۆیەوە دەگرێت، لەم وەرزەدا دەڵێی سرووشت شێرپەنجەیەتی، ئاوا بەناویدا بڵاو دەبێتەوە، گەڵاکان وەک جەستەی نەخۆشەکان دەوەرن، هیچ شتێک نیە دڵنەوایی پایز و ڤیڤاڵدی بداتەوە، ئەگەرچی بەدوای

دڵدانەوەیەک دەگەڕام نەک بۆ خۆم، بەڵکو بۆ سارا، کە پایز و شێرپەنجە هەڕەشەی
لەناو چوونی لێ نەکەن، ئەگەرچی دەمزانی پایز وەرزێکە و دەڕوات، بێئاگا لەوەی
پایز وەک گەڵاکان هەموو شتێک لەگەڵ خۆی دەبات.
لەو ساتانەدا هیچ شتێک کۆمەکی نەدەکردم تا تێ بگەم لە پایز.. هەر کتێبێکم
بخوێندبایەوە، تێگەیشتن نەبوو هێندەی ڕاکردن بوو.. دەبوو شاعیرانە لەپایز ڕابمێنم..
مانای جوانی تیا بدۆزمەوە، مانایەک کە هەڵگری مانەوەو ژیان بێت.. ژیانێک خاڵی
نەبێت لە پایز، بەڵکو لەنێوان خەزانی پایز.. مەودایەک لەنێوان شێرپەنجە و
کیمیاویی بدۆزێتەوە، ئەوەشم لە دیوانە شیعری لە غوربەتای حەمە عومەر عوسمان
دۆزیەوە.
شیعر وچارەسەری کیمیاویی ڕەنگی خەزانی پایزیان گرتبوو، سارا وحەمە عومەر
عوسمان دوو مرۆڤی سەرکەش و یاخی ناو دنیای من بوون، چێژیان لە پایز
وەردەگرت، ئەو مردنەی من لێی دەترسام ئەوان بەروویەکی ئومێدیان دەزانی بۆ
جوانی، یادەوەری چیرۆکێک بوو منی ئازار دەدا، ئەوان دەیانهێنایە ناو ڕستەی
ئێستا.. تاچیرۆکی ژیان لەپایز دەست پێبکەن.
"دەمەوێت چەرچەفەکەم بۆ پڕ بکەیت لە گەڵای پایز" ئەوە ئەو کاتە بوو چەند
ڕۆژێک بەسەر وەرگرتنی یەکەمین چارەسەرە کیمیاویەکانی تێدەپەڕی، لەباخەکەی
حەوشەکەمان هەرچی گەڵای وەریوو بوو کۆمدەکردەوەو دەمهێنا لەسەر
چەرچەفەکەی پەرشم دەکرد، وەک چۆن گەڵای پایز ئەوەری، فرمێسکەکانم ئاوا
ئەبارینە سەر گەڵا ڕژاوەکان "ئەوە چیتە شێتە من خۆم ئەوەم ویستووە، هەرگیز
نەمزانیوە بۆنی پایز و گەلاکان هێندە شادیم پێدەبەخشێت"
ژیان ڕوانین بوو لە ژنێکی نەخۆش، سەیرکردنی گەڵا وەریووەکان و خوێندنەوەی
دیوانی لە غوربەتا، سێ هەفتە تێدەپەڕی دەبوو بەهەمان شێوە بۆ دووەمین دانیشتنی
چارەسەری کیمیاویی ڕێگەی نەخۆشخانە بگرینە بەر.. ئەو لەقاچ نەکەوتبوو نەگبەتی
ئەو پەتا نەفرەتیە ئەوەیە ڕۆژێک دەتخات و ڕۆژێک باشت دەکات.. وەک ئەوەی
هیچ کێشەیەکی تەندروستیت نەبێت، لەپێش ئاوێنەکە خۆی دەگۆڕی و منیش لە
هەیوانی خانووەکە خەریکی ڕیش تاشین بووم، لەئاوێنەکە بینیم کێشەیەکی هەیە، بە
تیلەی چاو دەڕوانێت کە ئاخۆ من ئاگام لێیە دیار بوو بەئاسانی نەیدەتوانی قژی شانە
بکات، شانەکە لەگەڵ قژی نەدەهات.
وام نیشاندا وەک ئەوەی ئاگام لەهیچ نەبێت، خەریکی کاری خۆم بووم، تەواو بووم و
خۆم گۆڕی، سەیرێکی کردم، ووتی "هێندەش خۆت قۆز مەکە.. ئەڵێی بۆ ژنهێنان
دەچیت" بزەیەکم بۆ کرد دەستم بۆ شووشە عەتری بۆس برد خێرا لەدەستمی
وەرگرت "ئەوە لەخۆت مەدە، ئەو سستەرەش ئەکوژم جارێکیتر سەیرت بکات، دەی
پێشمکەوە" باوەشم لێیداو ووتم "تۆ جوانترین بووکی دنیایت غیرەچی سستەری چی"
بیرم نایەتەوە چۆن گەیشتینە نەخۆشخانە، ئەوەندە نەبێت دەزانم بەتەکسی
ڕۆیشتووینە، ڕیزە کورسیەکی ڕەق بەدرێژایی هۆڵی چاوەڕوانی بۆ کیمیاویی
هەموومانی کۆکردبووەوە، نەخۆش و هاوەڵەکانیان.. کەسێک بەتەنیشت منەوە
دانیشتبوو، بەچوار دەوری خۆی قسەی دەکرد، ئەوە یەکەمجار نەبوو من بیبینم.. سێ
هەفتە بەر لەئێستا لێرە بینیبووم، هەستم دەکرد خۆی لەهەموو شتێک دەقورتێنێت،
لەوە دەچێت ئێستا نۆرەی من بێت.

"یارمەتی هەیە سەیرێکی ئەو کتێبە بکەم" چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکرد.. کتێبەکەی لەدەستم وەرگرت، ئیتر بۆخۆی بەردەوام بوو.. منیش تەنیا بیسەرێک بووم، لەبەردەمی ڕادیۆیەکدا "ئەوی دیوانی لە غوربەتا خوێندومەتەوە، دیارە مامۆستا تۆش وەک من موسەقەفی و دەخوێنیتەوە" بەپێکەنینەوە سەرم بۆی لەقاند، ویستم بڵێم "کەم کەمە حەزم بە خوێندنەوە هەیە" کەچی ئەو ڕادیۆیە بواری نەدام کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی "من وێنەم لەگەڵ شێرکۆ بێکەس هەیە، شێرزاد حەسەن دراوسێی ماڵی خاڵم بوو لەگەڕەکی کوران، بڕوا بەو قسانەی مەکە کە لەسەر باوکە پۆلیسەکەی دەیڵێت.. خاڵم دەڵێت حەسەن پۆلیس باشترین پیاوی کۆڵانی ئێمە بوو"

نەمدەزانی بۆچی دانیشتوومە.. سارا سەیری دەکردم، دەستی بەدەمیەوە گرتبوو پێی دەکەنی، کابراش شانی ئەگرتم تا سەیری بکەم، لەسەر قسەکانی بەردەوام بێت، دەیویست درێژە بە باسەکە بدات، بەڵام خوای من و تۆ کوردی سستەرە جوانەکەی سارا غیرەی لێ دەکرد، داوای لەو پێنج نەخۆشە و هاوەڵەکانیان کرد بچن دەرزیەکانیان وەربگرن، بەدەستەکانم پێنج کیسەی ڕەنگ سووری دەرزی کیمیاویم هەڵگرتبوو، بەرەو هۆڵی چارەسەریەکە دەچووین کە سستەرە جوانەکە و چەند سستەر و دکتۆری تریش لەوێ بوون.

نیوەی چارەسەرە کیمیاویەکە وەرگیراو نیوەی تری مابوو، بۆ ئێمە نیوەی ڕێگا سەختەکەمان بڕیبوو، چاوەڕوان بووین نیوەی کۆتایی ببڕین و ژیانمان بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی خۆشەویستی خۆی.

پێنج ڕۆژی پێچوو بوو، کە چارەسەرە کیمیاویەکەی ئەمجارە وەرگیرابوو، هاوسەرەکەم خۆی دەشووشت لەپڕ لەگەڵ قیژەی بەهۆش خۆم هاتمەوە و خەیاڵی گەڕانەوە بۆ ناو عەشق پچڕاندمی، بێ سێ و دوو ڕامکردە حەمامەکە، هێشتا نەگەیشتبوومە بەر دەرگاکە.. گریانێکم دەبیست هەموو گیانمی دەهەژاند، ئەو لەوێ نەبوو پیاوێکی کەچەڵم بینی خۆی دەشووشت، کەچی کە ئاوڕی دایەوە زانیم سارایە.. ئەو دەمەی ووتی "قژ بەسەرمەوە نەماوە.. هەمووی هەڵوەری" لەبڕی دڵدانەوە باوەشم پیاکرد، پێکەوە گریاین.. وتم "ئەوە کەی کێشەیە.. هەموو کەسێک بەهۆی چارەسەری کیمیاوی وای بەسەر دێت، دواتر قژت لەجاران باشتر دێتەوە"

دوو جام ئاوم پیای کرد و خاولیە گەورەکەم تیای پێچاو گیانیم سڕی و کەوتمە نوکتە کردن، تا کەمێک هێمنی بکەمەوە "ئەها ئێستا سستەرەکە لێرە بوایە یارمەتیی دەدا" نوقرچەیەکی لێگرتم ووتی "ئاواش عەیبم نیە، ئەتکوژم قسەی وا بکەیت"

ئەو ڕەشەبایەی کەوتۆتە ناو مۆسیقای ڤیڤاڵدی گەڵای پایز دەبات یان تەمەن؟ ئیدی لەوە تێناگەم هێزی بەرەنگاری نەخۆشێک بەگژ خەزان دەچێتەوە، کەچی ئاراستەی وەرینی گەڵاکان سەختر خۆیان دەنوێنن، دەیانەوێت لەگەڵ کۆتایی پایز زۆر شت لەگەڵ خۆیان بەرن.. چی دەبوو ڤیڤاڵدی ئەو مۆسیقایەی لەبەهاردا بوەستاندبا.. بڵێی گەر وای بکردبا عەشق وەک گەڵای پایز هەڵنەوەریبا؟ ئاخر کە سێ هەفتەی تر ڕۆیشت و چارەسەری کیمیاوی سەر لەنوێ وەرگیرایەوە.. ئەمجارە دۆخەکە لەقژ وەرین کۆتایی نەهاتبوو، بەڵکو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ جەستەی نەخۆشێک لەحزوری مەرگدا بوو، لەناو نوێنەکەی بێهۆش کەوتبوو، تا ئاستی ئەوەی کە دوا چارەسەری دەبوو وەربگرێت، دراوسێکان کۆمەکیان کردم و لەگەڵم هاتن.. هەرچەندە بۆ ئەو کات بەو ڕادەیە خراپ نەبوو، بەڵام هەفتەیەکی مابوو پایز بەرەو کۆتایی بڕوات، ئەویش لەکۆتایی و دواهەمین چارەسەری کیمیاوی وەردەگرت.

هەستم بە ئیرادەیەکی سەیری سارا دەکرد، نەمدەزانی نواندنێکە لەپێش من ودراوسێکان ئەنجامی دەدات؟ یاخود ئەو هێزەی لەخۆیدا دۆزیوەتەوە، لەگەڵ دەرزی کیمیاویی دەجەنگێت و پێی دەڵێت "ئەوە دواهەمین رۆژە دێمە ئەو نەخۆشخانەیە، دواتر قژم دێتەوەو کۆنسێرتێکی مۆسیقیش ساز دەکەم، داهاتەکەشی دەبەخشمە تووشبوانی شێر پەنجە"

ئەو کە ئەوەی نەووت سەرم خستە بنگوێی ووتم، ماوەیەکیتر قژت دێتەوە بۆ کۆنسێرتێک ساز ناکەیت، پارەکەش نابەخشیتە ئەو نەخۆشخانەیە.. سەیرێکی کردم، بەدەم پێکەنینەوە بۆ ئەوەی کەس هەست بە هەڵچوونەکەی نەکات "نەبابەم.. جا بۆ وەرگرتنی پارەکەش دەبێت سستەرە چاو سەوزەکەش لەبەر خاتری تۆ داوەت بکەین.. وانیە؟ نەیخۆی ژەهری مار"

ئەو ڕۆژە هەموو شتێک بە شادی بەڕێوە چوو، پێنج سەعات ڕەنگە هەستکردن بێت بە پێنج دەقیقە، دواتر گەڕاینەوەماڵەوە، دوای خواردنی شەربەتێک.. دراوسێکان هەریەکەی بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە، ئێمەش کەوتبووینە باسکردن لەخەونی وەرزی ززستان.

هێشتا شەش ڕۆژی مابوو پایز بەجێمان بێلێت، گەڵاکان بەتەواوی بەرەو سیس بوون دەڕۆیشتن.. وەک کزبوونی ڤیڤاڵدی لەم وەرزەدا.. ڕیتمی کۆتایی وەرز، هێمنیەکی سەیری بەژیانی ئێمە دەبەخشی، ئەوە دواهەمین ڕۆژەکانە کە پایز لەگەڵ خۆی دەمانبات، نەک هەر گەڵای درەخت، نا ئەوە پێشبینی ڤیڤاڵدیە، ڕۆژێک وەک گەڵاکان پایز مرۆڤەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەبات.

ئەگەرچی تەندروستی سارا لەئاستێکی زۆر باش نەبوو، بەڵام ئەوە ڕێگەی ئەوەی لێ نەدەگرت، کە بیر لەدەستپێکێکی نوێ بکاتەوە، ئیدی ئەو کۆنسێرتەی باسمان دەکرد زۆر بە ووریاییەوە دەیویست کاری بۆ بکات، ئەو ناوی هەندێک میوزیکژەنی دەبرد، من خێرا دەمووت "ئەو ناوی جنۆکانە لەکوێ دێنێت"

نە پێدەکەنی نە گرژ دەبوو، وەک ئەوەی لە قووڵایی ڕۆحی میوزیکژەنەکانەوە بێت، لەگەڵ ئەوان قسە بکات، بەنیگای بێدەنگ کە گوێی بۆ مۆسیقا شڵ کردبێت لەدنیایەکیتر بوو.. منیش چاوەڕێ بووم وەڵامی قسەکەم بداتەوە، کەچی بێئاگا لەمن ووتی "ژەنینی ڕیتشارد شتراوس بۆ کورد شتێکی تەواو نوێ وگونجاوە"

وەستابووم لەناوەڕاستی ژوورەکە سەیری دواهەمین گەڵای پایزم دەکرد کە لەم وەرزەدا دەوەرین، ڕەشەبایەکی هێمن لەگەڵ خۆی دەیبردن.. ئاوڕم لەدواوە دەدایەوە.. ئەو ژنەی شێرپەنجەی بوو کەمانجەکەی بەدەستێک و بەدەستەکەی تری سەیری نۆتەکانی دەکرد، لەسەر بەتانیەکەی دایدەنا و دەکەوتە ژەنین، دەرفەتی ئەوە نەبوو پرسیاری لێ بکەیت ئەوە چیە؟ خۆی لەبەر خۆی دەیووت شتراوس..

ماوەیەکی زۆر لەناو مۆسیقا و ژەنینە قووڵەکەی نوقم بوو.. لەپڕ وەستا وەک ئەوەی شتێکی بیر هاتبێتەوە.. بیر هاتنەوەیەک کە ئیدی نەیەوێت بژەنێت، وەک ئەوەی گەیشتە ئەو شوێنەی لەمۆسیقا ویستویەتی.. ئەوە ئەو نهێنیە بوو هەر لەو ڕۆژانەی خوێندکاری مۆسیقا بوو بەدوای گەڕاوە.. زۆر جار باسی ئەو ساتە نەمریەی ناو مۆسیقای بۆ دەکردم.. بەتایبەت لەڕۆژانی دەزگیرانیمان، بەڵام ئیدی سارا کۆتایی بە بێدەنگیەکەی نەهێنا ناچار بووم بە ئاگای بێنمەوە.

بەرەو ڕووی نزیک دەکەوتمەوە.. دەستم بۆی دەبرد ئەو دەکەوتە سەر پێخەفەکە، کەمانجەکەش غلۆر دەبۆوە سەر نۆتەکان.. ئیدی نە کەمانجەکە هیچ دەنگێکی لێ

دەبیسترا، نە سارایش هەناسەیەک لەگیانی مابوو، نەمدەتوانی بڕوا بەو مەرگە بکەم، کە عیزرائیل بەدەم مۆسیقا ژەنینەوە گیانی کێشا.. هەستم دەکرد تەواوی ئازاری خێرای شێرپەنجە بەهێمنی بەرەو لای مۆسیقاژەنەکان ڕۆیشت، بەر لەئاگادارکردنەوەی دراوسێکان تێر لەباوەشم گرت.. ڕوانیمە پەنجەرەکە.. ئیدی پاییزیش وەک مۆسیقای شتراوس و جەستەی سارا بێ جولە بوون.. دەنگی هەورە تریشقە و برووسکە دەهات بارانێکی بەخوڕ دای دەکرد نەمدەزانی یەکەم ساتی وەرزی زستانە؟ یان ئاسمان پرسە بۆ کچە میوزیکژەنە نەخۆشەکە ساز دەکات.

کتێبی «حیکایەتە تەواو نەکراوەکانی شەهرەزاد»

ئەمشەو حیکایەتەکانی هەزارویەک شەو تەواو دەبێت، بەتەواو بوونی ژیانی منیش کۆتایی دێت، هەزارو یەک چیرۆک لەمەرگ دووری خستمەوە، ئێستا وادەیەکە بۆ ڕازیبوون بە مەرگ، هیچ چارەیەک نیە جگە لەدرێژکردنەوەی ژیان، بەڵام چۆن تەمەنێکیتر بەخۆم ببەخشم، ژیان لەبێدەنگیدا نیە، بۆ ئەوەی بژیم دەبێت چیرۆکەکان بگێڕمەوە، هەزارو یەک چیرۆک بەمانای هەزارویەک شەو ژیان، پێویستم بەگەمەیەکیتر هەیە، بۆ ئەوەی درێژەی پێبدەم دەبێت شێوازی چیرۆک و قسەکردنەکانم تەواو جیاواز بێت، ئەو چیتر گوێ لەچیرۆکێک ناگرێت کە بەکارەکتەرو شێوەی گێڕانەوە ئاشنایە، کەواتە ئەو چیرۆکە چیە دەبێت بیگێڕمەوە؟

ئەو پرسیارە بۆ شەهرەزاد سەرەتای بیرکردنەوە بوو لەچۆنیەتی دروستکردنی حیکایەتی نوێ تا لەمەرگ دووری بخاتەوە، لەناو ئەو بیرکردنەوەیەدا نوقم بوو، هەستی بەئارەقێک لەنێوچەوانی دەکرد، کاتێک شەهرەیار پێی ووت «کەواتە ئەمشەو حیکایەتەکانی تۆش تەواو دەبێت شەهرەزاد؟»

هێشتا وەڵامی پرسیارەکەی خۆی نەدابۆوە، کەچی پرسیاری ئەویشی هاتە سەر، ئەوە شەهرەزاد نەبوو وای دەوت، بەڵکو ئێمەی خوێنەری ئەو ڕۆژگارەین وا بیر دەکەینەوە، نەک ئەو قسەیە بەخەیاڵی شەهرەزاد هاتبێت، دەنا ئەو نەک هەر بیری لەو قسانە نەدەکردەوە، بەڵکو خەریکی چنینی چیرۆکی نوێ بوو، ئەو دەمەی بە نیگایەک کە پڕ بوو لەنازی ژنانە، ووتی «گەورەم ئەمشەو دەرگا لەدنیایەکی نوێ بەسەر خۆمان دەکەینەوە، ئەوە سەرەتای دەستپێکی دواهەمین شەوی حیکایەتە»

ئەوە شتێکە لەچاوەڕوانی جەلادی ئەودیو دەرگا نەبوو، بڕوابوونی بەشەهرەزاد جەلادی ڕاسپارد بچێت بخەوێتەوە، جارێ زۆری ماوە شەهرەزاد لەگێڕانەوەی تەواو بێت، ئەو دڵنیایە لەوەی چیتر جەلاد لەپشت دەرگا نیە، بەواتای ئەمشەو دوا شەوی ژیانی نیە، بۆیە بەهەستی شاژنێکی نێو حیکایەتەکان دەستی بەگێڕانەوە کرد، وەک ئەوەی لەپشت هەر وشەیەکەوە، دڵنیایی زیاتر بەژیان ببەخشێت.

گەورەم ئێمە ئەمشەو کە بەرەو کۆتایی دوا ڕووداو دەچین، پێشبینی ژنە قەرەجێک دەگێڕینەوە، ئەو ژنە هیچ شوێنێکی دنیا نەماوە نەگەڕێت، شەوێکیان لەخەودا حەزرەتی زەردەشت دەبینێت، لەبەردەم ئاگردا سروودی گاتاکانی فێردەکات و کتێبی پیرۆزی ئاڤێستای وەک دیاری پێدەبەخشێت، چێشتەنگاوێکی درەنگ کە لەخەو هەڵدەستێت، ژنە قەرەج تەواوی کتێبەکەی لەبەرەو توانای ئەوەشی هەیە لەسەر پێستی گیانداران بەڕێنوسی یەسەنی کتێبی ئاڤێستا بنووسێتەوە.

ئەو ژنە شەوێکیان کۆمەڵە جنۆکەیەک لەتاریکیدا دەیگرن، مامانی ژنێکی پێ دەکەن، دەڵێت لەدارستانێک بووم زمان و شێوازی قسەکردنیان بۆ من نامۆ بوو، بەڵام گەورەی جنۆکان کە ئاهەنگی نەوە نوێیە تازە لەدایک بووەکەی دەگێڕا، پێی ووتم «ئێمە سەر بەم دنیایەی ئێوە نین، تۆ دەتوانیت ژیانی چەندین سەدەی دوای خۆت ببینیت»

سەرەوەرم ئەو ژنە قەرەجە هەر ئەو شەوە گەورەی قەرەجەکان لەنێوماڵێکی دروستکراو لە گەڵا، دیوارەکانی گوڵ و کەپرەکەی دارمێوە، لەگەڵ ژنە قەرەج دەخەوێت و سکی پڕ دەکات، دوای تەواو بوونی وادەی خۆی ئەو ژنە کچێکی دەبێت و ناوی دەنێت شەهرەزاد، ئەو ژنەی هەزارو یەک شەوە حیکایەت بۆ تۆ دەگێڕێتەوە، ئێستاش ئەو حیکایەتانەت بۆ دەگێڕێتەوە کە لەدایکیەوە بیستوویەتی.

شەهرەیار بەتامەزرۆییەوە دەیویست ئەو حیکایەتانە ببیستێت، ئەو دەمەی شەهرەزاد لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، ئەوەی تۆ دەیبیستیت باسکردنە لەخێڵی باوانی من، چیرۆکی بەدوا یەک هاتووی رۆژگاری خەڵکانێکە یادەوەریان لەخاکی خۆیان و ئێستایان لەغوربەت دەبەنە سەر، کاتێک چیرۆکەکە دەگێڕینەوە، هیچ شتێک رووی نەداوە، ڕووداوەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکەن، لەسەرەتای سەدەی بیست ویەک لای من تەواو دەبێت، مەگەر ئەو کات دایکم کە کەس نازانێت لەکوێیە.. ئەو بدۆزینەوە، تاوەکو تا کۆتاییی ئەو چیرۆکە لەگەڵ ڕووداوەکانیدا بڕۆین، ئەوەی من دەیزانم لەسبەی شەوەوە سەرەتای چیرۆکێکی نوێیە، وا شەو خەریکە ڕۆشن ئەبێتەوە، تکا ئەکەم ڕێگام بدەیت بچمە ناو نوێنەکەم و بخەوم.

***

چوار کەس لەو سەفەرە کۆبوونەتەوە، بڕیاریاندا پێکەوە بێن بەرەو خاکێکی سووتاو، خاڵێک هەیە هەر چواریان کۆ دەکاتەوە، ئەوە بۆ شڵێر گەڕانەوەی یادەوەری مەرگە، ڕۆژێک تیایدا مردوو لەناو مردووەکان چاوەڕوانی هەڵنیشتنەوەی بالندەکانی دەکرد، تاوەکو چاوەکانی هەڵبکۆڵن، لەپڕ دەنگێک لەناو مردووەکان دڵنیای کردەوە هەڵبستێتەوە، چونکە ئەو وەک ئەوانیتر نەمردووە.. ئەوە دەنگی گۆنای بوو، ئەو دەمە نەیدەزانی بۆچی داوای لێ دەکرێت لەناو مردووەکان زیندوو بێتەوە.

یەڵمازی کوڕە تاقانەکەیان بیر لەو شارە ناکاتەوە کە سەفەری بۆ دەکەن، هێندەی بەدرێژایی ڕێگا بیر لەو چیرۆکە دەکاتەوە، کەوا دایک و باوکی هەریەکەی سەر بە وڵاتێکە و کەچی لە وڵاتێکیتر یەکتر دەناسن، ئەو دەمەی ئەو بیرکردنەوەیە بە کاشا دەڵێت، کاشا کەخۆی لەخۆرهەڵات بینیوەتەوە، ڕووبەرووی دنیایەک بۆتەوە کە وێنای نەکردبوو، نامۆیە بە خەڵک و سەرسامە بە شوێن، لەبەر خۆیەوە بە زمانی پۆڵەندی بە یەڵماز دەڵێت "وەک من وتۆ"

***

رۆژی حەشر زۆر بەر لەوادەی خۆی هاتە سەر ئەم خاکە، هێشتا بەتاک وتەرا مرۆڤەکان دەیانویست زێدی خۆیان جێبێڵن، ئەو دەمەی شارێکیان دەرمانڕێژ دەکرد، مرۆڤ بۆنی میوەکان بەرەو لای خۆی دەیبرد، نەیاندەزانی ئەوە بۆنێکی سرووشتی نیە و گازێکی دروست کراوە، کانی و ڕووبارەکان ئاویان تیا نەدەخورایەوە ژەهراوی ببوون، لەوە دەچوو ڕەوە گورگێک بەسەر ڕانە مەڕێکی دادابێت، هەر مرۆڤ بوو بەسەر یەکدا دەکەوتن و لەشوێنی خۆیان دەمردن، شارێک دەخنکێندرا، مرۆڤ ڕێگایەکی نەدەدۆزیەوە بۆ رزگار بوون.
ئەو شەوە مانگ دەیڕوانیە تەرمی شارێک، پیاوێک کۆرپەکەی لەباوەش بوو لەبەردەرگای ماڵێک خنکابوو، لەوە دەچوو ویستبی ساواکەی ڕزگار بکات، بەناو ئەو هەموو مردنەدا تەرمێک هەڵدەستێتەوە، تا ئەودیوی سنوری شارە کوژراوەکە ناوەستێت، شەوێک دێت چیرۆکی ئەو ڕۆژە دەگێڕینەوە، بەلام ئەوە کاتێکە ئەو بۆتە ئەکتەرێکی سینەمایی، لەهۆڵێکی سینەمایی باسی ئەو ڕۆژە دەکات، چۆن لەناو مردووەکان هەڵسایەوە، ئەو ژنە ناسنامەکەی لەبەیانی گاز ڕژاندنەکە لەنێوان لیفە قەدکراوەکانی سەر سندوقە بوراقیەکانی خانووە قوڕەکەی ماڵی باوکی لێ بەجێماوە.

***

سێ منداڵ لەگەڵ قاچاخچییەکی ڕێگای سنور دەپەڕێندرێنەوە ئەودیو، باوکی ئەو سێ منداڵە هەرچی پارەیەک کۆیان کردۆتەوە دەیخەنە دەستی ئەو پیاوە عەجەمە.. تاوەکو منداڵەکانیان لەمردن ڕزگار بکەن، چیرۆکی ئەو سێ منداڵە کە هەراشن هەریەکەی کوڕی خانەوادەیەکە، ئەو دەمەی سوپا گوندەکان وێران دەکات، ڕەشبگیری ڕاگەیاندووە، ڕزگارکردنی منداڵەکان تاکە شتێک دەبێت کە خەڵکی ئەو ناوچانە بیری لێ دەکەنەوە، ئەو سێ منداڵە تا گەورەش دەبن، لەیەکتری جیا نابنەوە، سەر بەهەموو گازینۆ و کوچەیەکی تاران دەکەن و هێندە سەیر فێری زمانی فارسی دەبن، مرۆڤ گومان دەکات ئەوانە لەبنەچەکەدا ئێرانی نەبن، ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە درێژە بەسەفەرەکەیان بدەن، ژیانیان بەو شێوەیەی بەرێوە دەچێت پێی ڕازین، سەرەتا کاری بارهەڵگری کۆگایەکیان پێ دەکەن، شەوانەش هەر لەوێ لەگەراجەکە دەخەون، هەمیشەش تا گەورەبوونیش لەنێو یەک قاپ نەبێت نازانن نان بخۆن.

ئەوان ژیانێکی سەیر بەڕێ دەکەن، ڕادەستی قاچاخچی کران بۆ ڕزگاربوون، لەخانە ئەو دەمەی قاچاخچییەکە دەیانباتە چایخانەیەک، لەوێ پێی وتوون "تا ئێرە لەئەستۆی من بوون، ئێستا بۆ خۆتان بڕۆن بەلایەکدا"

شوفێری جێبێک باس لەوە دەکات، ئەو خۆی ئەو ماشێنی بارهەڵگرەی دیووە کەمنداڵەکان لەگەڵی ڕێکەوتوون بۆ کاری قاچاخ، هەر ئەو شوفێری ماشێنە ڕۆژگارێک هاتۆتە هەمان چایخانەکەی خانە، کە دەرگای تەنیشتی دەچێتەوە ناو گەراجی پاسی شارەکان، ئەو شوفێرە کە تاوێک لەو بەفرە دەڕوانێت، داوا لەمنداڵەکەی بەردەرگا دەکات جێبەکەی لەبەفر بۆ پاکبکاتەوە، قەندێک دەخاتە دەمیەوە، تا ژیانی شیرین بکات و چایە تاڵەکە ناخی ساردبووی گەرم بکاتەوە، دوای تاوێک بێدەنگی، دەڵێت «سیقە بە دوژمنی خۆت بکە.. بەهەتیووە کوردی ئێراقی مەکە، لەگەڵ من کاریان دەکرد کەچی بارەکەمیان دزی، ئێستا لەکوچەو کۆڵانی تاران چۆن بیاندۆزمەوە"

کەس نازانێت ئەو بەشە نهێنییەی کە لەچایخانەکەی سەرسنوری شاری خانە لەنێوان شوفێران باس دەکرێت، چەندیان ڕاستە، چونکە ئەوانەی ئەوێ هەر لەڕووخسارییانەوە ئەوەت بەدیدەکرد، ئەوەی ڕاستی بێت نایزانن، بەلام کاتێک موسافیرێک ڕووی دەکەوێتە ئەوێ، بەشێوەیەک گوێ لەیەک دەگرن لەپڕ چیرۆکە درۆکانی یەکتری تەواو دەکەن، وەک ئەوەی سەرلەبەری ڕاست بێت.

ئەوان مەگەر ڕۆژێک خۆیان بێنە قسەکردن و چیرۆکی ژیانیان بگێڕنەوە، هێندەی تا ئێرە ڕوونە ئەو کاتەیە کە گەورە دەبن، برێک پارەیان کۆ کردۆتەوە، ئەو دەمە چێشتخانەیەکی گەورەیان لەپشت تاوەری میلاد کردۆتەوە، لەودیوی تاوەرەکە گەشتیاران کە دەسوڕێنەوە ژێر زەمینێک هەیە پێیدا دەچیتە خوارەوە، ئەوە چێشتخانەکەی ئەوانە، کەل وپەلی چێشتخانەکە هەمووی لەدارو دیوارەکانی بە فەرشی نەخشێنراوی کوردی و شیعری فارسی ڕازێندراونەتەوە، خێرا ناوبانگ پەیدا دەکەن، ئەو کوردانەی ڕێیان دەکەوێتە ئەوێ، قسەی باسی ئەودیویان لێدەپرسن، بەو ئومێدەی هەوالی کەسێکی خانەوادەکانیان بزانن، تاوەکو نیوەرۆیەک پیاوێک خۆی دەکات بە چێشتخانەکە، دوای نانخواردن لەبەردەم دوو پیاڵە چای چیرۆکی سێ منداڵ دەگێڕێتەوە، دوان لەوان کە لەوێ دانیشتوونە بانگی سێیەمیش دەکەن، تاوەکو گوێبیستی پاشماوەی چیرۆکە نەبیستراوەکەی ژیانی خۆیان بن.

***

دانیال شوفێرێکی بارهەڵگری تورکە، لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم کاری شوفێری دەکرد، ژنەکەی کچە قەرەجێکی قاجاریە، ئەو ڕۆژەی ژنەکەی منداڵی دەبێت، هەست بەگەورەیی تەمەن دەکات، کە بۆتە باوک، ئیدی واز لەشوفێری دێنێت، لەشاری باتمان کە دەکەوێتە باکوری کوردستان لەوێ قاوەخانەیەکی بچکۆلە دەکاتەوە، قاوەخانەکە دەکەوێتە ناوەراستی گۆڕەپانی شارەکە، بەتەنیشت ئەو چەندین دوکانی جۆراو جۆر دەبینیت، چێشتخانە و دوکانی فرۆشتنی کاری دەستی، هەروەها لەوسەری بازارەکە ڕیزە دوکانێک هەیە کە زیاتر کوردانی باشور سەردانی دەکەن، کاتێک لەو سەرە ڕێیە لادەدەن بۆ ئەستنەبۆل دەچن، چونکە ئەوانە ئەو شتانەن لەگەڵ خۆیان دەیبەنە ئەوروپا، قەیسی وشکراو، زەیتون و هەنگوینی شاخ و پەنیرو کەرەی کوردیی و ڕۆنی خۆماڵی، دانیال ئیدی ژیانی لەناو بۆنی قاوەی قەزوان دەباتە سەر.

تا ئەو ڕۆژەی چوار کەس خۆیان بە قاوەخانەکە دەکەن، تا ئەو چوار کەسە نەهاتوون بۆ قاوەخانەکە هەموو شتێک ئاسایی تێدەپەڕێت، بەڕاست چوار کەسە کە دووژن و دوو پیاو بوون چیان بە دانیال ووت، ئەوەیان شەوێک دێت باسی دەکەین، بەڵام ئێستا وا کەڵەشێرەکە دەقوقێنێ، شەو کاتی نەماوە بۆ حیکایەت.

***

پیاوەکان بەخۆیان وچەکەکانیان لەسەر شاخ و لەودیو سنورەکانەوە تێکەڵی ئاپۆڕای ئەو خەڵکەی سەر شەقام دەبن، لەچاوتروکانێکدا دەوڵەت و دەزگا تۆقێنەرەکانی دەکەوێتە دەستی ئەو خەڵکەوە، ئەوە ئەو ڕۆژە بوو ژیان لەخەیاڵ دەچوو، جەللادەکان خۆیان دەخاڵەتی ماڵە لایەنگرەکانی خۆیان دەکرد، کەس نەیدەگرتنە خۆیان، تا ئێوارەی ڕۆژی یەکەم ئەوانەی بە تەقەی پیاوە گەڕاوەکانی شاخ نەکوژران، وەک دیل کەوتنە دەستی ئەو خەڵکە، ئەوانیش لەتۆلەی کوڕی کوژراو ئاگریان تێیان بەردەدا.

ئەو کچەی بەدەستی ڕەفیق حزبیەک کرابوو بەژن؛ هاواری دەکرد "بووەستن هیچی لێ نەکەن" جەللادە دەستگیرکراوەکە بازنەیەک بەدەوری دروست کرابوو، لەچۆلەکەیەکی بێ باڵی دەست چەند منداڵێک دەچوو کە نەتوانێت بفڕێت، کچە هاتە ناو بازنەکە، هەرچی شتێک لەدڵی بوو لەوێدا ڕشتی، چونکە شەڕێکی گەورەی هەبوو بۆ گەڕانەوەی کەرامەتی خۆی.

ووتم خوا هەیە، ووتت با بێتە فریات، ئەوەتا هات، خودا منی لەیاد نەکرد، بەڵام تۆ دنیات تاریک کردم، ئابڕووت بردم، بەختت ڕەشکردم.. دیوتە چیت پێکردم، من دڵم ئاو ناخواتەوە گەر خۆم دۆزەخت بۆ نەخولقێنم.

بازنەی مرۆڤەکان کرا بە بازنەی ئاگر و کچێک ئاگری بەردەدا لەزاڵمێک، ئەو ڕۆژە مرۆڤ نەیدەتوانی قسە لەسەر ووتانی ئەویتر بکات، ئەوانەی دژ بوون یا دەبوو بمرن یا بسووتێنرێن، ئەو رۆژگارە سەرەتای دنیایەکە بە خەون ناو دەبرێت، بەڵام بەپێی ڕۆژگار شتەکان وادەرناچن، ڕەنگە هۆکارەکەی درۆی گەورەی مرۆڤ بێت لەگەڵ ژیان، کە هیچ شتێک مرۆڤ ڕزگار ناکات، لەو دۆزەخەی تیای دەژیێت، بۆیە دۆزەخ بۆ ئەوانیتر دەخولقێنێت.

***

هەر لەسەرەتای تەمەن خەونم بە پزیشکی دەبینی، کاتێک لە بەیروت خوێندنم تەواو کرد بریارمدا لە وڵاتێکی ئەوروپی بخوێنم، بۆیە زانکۆی وارشۆم هەڵبژارد بۆ خوێندن، سەرەتا زەحمەت بوو تافێری زمانی پۆڵەندی بووم، بۆیە دوو ساڵی یەکەم زمانم خوێند، دواتر لەکۆڵیژی پزیشکی خوێندم، بەتایبەت لەپسپۆڕی پزیشکی ددان، چەند جارێک بەسەردان گەرامەوە بەیروت، بەڵام سووربوم لەسەر ئەوەی بگەڕێمەوە پۆڵەندا، دەبوو لەشارێکی بچوک نۆرینگەیەکی تایبەت بەخۆم بکەمەوە، بۆ ئەوەش شاری ڕادۆمم هەڵبژارد، باوکم پەیمانی پێدابووم کە ئەو کارە بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوە بوو کاتێک سەردانی کردم، هاوکاریەکی باشی کردم و دایکمیش خانویەکی بچکۆلەی بۆ کڕیم، لەسەرەتادا باوکم هەوڵی زۆریدا کە بگەڕێمە بەیروت و لەوێ کار بکەم، بەڵام کاتێک سووربوونی منی بینی، ئیدی بڕیاریدا هاوکاریم بکات، بۆ مانەوەم لێرە دوو هۆکاری بەهێزم هەبوو، یەکێکیان زمان و دووەمیان بڕوانامەکەم بوو کە هەر لەو وڵاتە وەرمگرتبوو.

هەوڵم دەدا بەو پەڕی دڵسۆزیەوە کارەکانم ئەنجام بدەم، ناوبانگێکی باشم لەماوەیەکی کەم پەیدا کرد، هەستم دەکرد داهاتوو ئێستایە، هەر بەڕاستیش وا بوو، یەکێک لەنەخۆشەکانم ژنێک بوو تەمەنی زۆر لەمن گەورەتر بوو، بەڵام جوانیەکەی بەشێوەیەک بوو نەمدەتوانی بەرگەی بگرم، شێوازی خۆ گۆڕینی بەشێکیتری نهێنی جوانیەکەی بوو، ئەو ژنە ناوی ئانا بوو، لە سێیەم بینین داوام لێی کرد ڕۆژێک پێکەوە قاوەیەک بخۆینەوە، ئەوە سەرەتای یەکتر ناسین بوو، دواتر ڕۆژ بەڕۆژ بەرادەیەک لەیەکتر نزیک بووینەوە، تا بەلای ئاناوە سەیر بوو ئاوا خێرا داوام لێی کرد ژیانی هاوسەری پێکەوە درووست بکەین، ئەو بەر لە من دوو جار شووی کردووە، کچێکی لە مێردی دووەمی هەیە بەناوی کاشا.. کچێک پڕ لە بێدەنگی و گریان، ڕۆژێک دێت ئەو چیرۆکە دەبیستیت.

***

فێربوونی زمانی کوردی لەزمانی پۆڵەندی سەختر نییە، بەتایبەت گەر توانیت بەسەر ڕێنووسی کوردی زاڵ بیت، ئەوە شتێک بوو لەخەونیشدا نەمبینیبوو ڕۆژێک فێری کوردی ببم و بە کوردی قسە بکەم، ڕۆژگارێک بوو لەڕابردوو ڕامدەکرد، دەمویست هەموو شتێک کە پەیوەندی بە ڕابردوو هەیە بیسڕمەوە، خۆم دوورگرت لە فەیسبوک و ئەنستگرام هەردوو لاپەڕەکەم لەو تۆڕە کۆمەڵایەتیە سڕیەوە، دایکم و دۆستە لوبنانیەکەی ناوە ناوە سەردانیان دەکردم، بەهۆی ئەوان کەمێک بێتاقەتیم دەڕەویەوە.

دایکم ژنێکە لەژیاندا دوو جار شووی کردووە، بەر لەباوکم مێردێکیتری هەبووە و مردووە، بەر لەناسینی باوکم سێ ساڵ لەگەڵ هانۆشۆفسکی ژیاوە، هەرچی لەبارەی مێردی یەکەمیەتی شتێکی لەبارەوە نازانم، بڕیارە ئەمشەو بێتە لام و دوو بە دوو وەک دوو دەستەخوشک قسە بکەین، دوای بێوەژن کەوتنی باوکم دەناسێت، پەیوەندیەکی درێژ درووست دەکەن و سەرەنجام دەبنە ژن و مێرد، باوکم پیاوێکی ئیتاڵی بوو، ئەو باوکەی بەیانیەک کە ڕۆژی لەدایک بوونیەتی لەماڵەوە دەچێتە دەرەوە ، دەبێت بەر لەخۆرئاوابوون بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە دایکم و هاوڕێکانیان بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی خنجیلانە لەماڵەوە ساز دەکەن، بەڵام ئەوە ئەو ئێوارەییە باوکم هەرگیز ناگەڕێتەوە، بێئەوەی کەس بزانێت کەوتۆتە کوێی ئەو دنیایە، ئاخۆ مردووە یاخود زیندووەو گەڕاوەتەوە ئیتاڵیا.

بەکورتیەکەی من لەباوکێکی ئیتاڵی و دایکێکی پۆڵەندی هاتوومەتە دنیاوە، هاوسەرەکەشم کە دوای دووساڵ لە ژیانی هاوسەری لێم جیابۆوەو جێی هیشتم ئەویش خەلکی شاری میلانی ئیتاڵیا بوو، ئەنتۆنیۆ لەیەکێک لەگەشتەکانم لە میلان ناسیم، ئەو ڕۆژگارە نەگەڕامەوە پۆڵەندا، دوای سێ ڕۆژ لەیەکتر ناسین بڕیاری ئەوەماندا بۆ هەتا هەتایە پێکەوە بژین، قسەیەک هەموو عاشقەکان لەسەرەتادا بەیەکتری دەڵێن، تامەزرۆییەک هەیە وادەزانن قەت کۆتایی نایەت، هەفتەی دوای ئەو دیدارە بڕیارمدا نەگەڕێمەوە بۆ شاری ڕادۆم، ئەو شارەی لەپۆڵەندا تیایدا هاتوومەتە دنیا، ڕاستر بلێم ئەو شوقەیەی ئێستا دایکم بەخشیویەتی بەمن، ساڵانێکی زۆری تەمەنم تیای ژیاوم، دایکم کە ڕاغب دەناسێت بڕیار دەدەن ژیانی هاوسەری پێک بێنن، دەیگوازنەوە خانووەکەی ئەو مێردە لوبنانیەی کە عاشقی دایکم بووە، بۆیە بڕیار دەدەن پێکەوە بژین.

دوای گەڕانەوە لە ئیتاڵیا بڕیارمدا بۆ هەتا هەتایە سەفەر بۆ هیچ شوێنێکی دنیا نەکەم، ئەو شارە بەجێ نەیەڵم و ژیانی ئاسایی خۆم بژیم، کەچی هەفتەی ڕابردوو یەڵماز دوو پلیتی فڕۆکەی هێنایەوە ماڵەوە، کە بەرەو تورکیا گەشت دەکەین، هەفتەیەک لەوێ دەبین، دواتر لەگەڵ دایک و باوکی دەچینە نیشتیمانی دایکی.. خاکێکی بێ دەوڵەت، بەڵام ئەو دەڵێت؛ ئەوان خەونی گەورەیان هەیە، باس لە شارێکی ئەوێ دەکات، دایکی دواهەمین ڕۆژ تیای ژیا، ئەو ڕۆژەبوو بۆنی سێو شاری داگرتبوو، مرۆڤ بەلا دەهات و دەکەوت و هەلنەدەستایەوە، شلێر وادەزانێت ئەویش مردووە، دەڵێت وەک مەسیح لەناو مردووەکان هەڵسایەوە، بەبێ گەڕانەوە ڕۆیشت تا ئەودیوی سنوور و پشتی لەنیشتیمان کرد، تا باوەش بەژیاندا بکات.

کاشا کاتێک بەناو برینی ساڵیک تێدەپەڕێت، بڕوای وایە جیاوازیەک لەنێوان خۆی و شلێری دایکی یەڵمازدا نییە، ئەو لەشارێک بەناو مردووەکان تێدەپەڕێت و نیشتیمان جێدێڵێت، جیاوازیەکەی خۆی تەنیا لەوەدا دەبینێتەوە، ئەو بەناو مردووەکان تێپەڕی تا بگاتەوە نیشتیمان.

کاشا و شلێر دوو ژنی ناو مردووەکانن کە مەرگ برینی لەڕۆحیان خولقاندووە، برینێک هەر یەکە لەوان تەنیا خۆی دەتوانێ گوزارشتی لێ بکات.

ئەنتۆنیۆ لەماوەی ساڵێکدا لەمندا تەنیا جوانی دەخولْقاند، لەناو خۆمدا شارێک هەبوو ناوی عەشق بوو، من شاژنی ئەو شارە بووم، هیچ شتێک جگە لە جوانی بوونی نەبوو، ئەو ئێوارەیەی لەسینەما دەهاتینە دەرەوە بیرمە چووبووین بۆ سەیرکردنی فلمێکی پازۆلۆنی، شلەژانی سەیرم لەهاوسەرەکەم دەبینی، هەردووکمان دەشلەژاین نەماندەتوانی بڕوا بەرووداوی فیلمەکە بکەین، لەدیمەنێکدا لەناو دەغڵ و دان مەسیح سێکس لەگەڵ ڕاهیبەیەک دەکات، بەلام ئەوە من بووم ئەو دیمەنە دەیشلەژاندم، ئەنتۆنیۆ خۆی بۆ شەڕێکی گەورەی ژیان ئامادە کردبوو، شەڕێك تا هەڵهاتنی کازێوەی خایاند و جارێکیتر بۆ هەتا هەتایە، من ئیتاڵیام لەخۆمدا کووشت، وەک ئەو شارەی لەناومدا کوژرا.

جوانیەکان لەو شەوەدا بەبۆنی سێو دەکەوتن و ملیان لار دەبۆوە، هەر دەڵێی ڕۆژی حەشری شارەکەی دایکی یەڵمازە، ئەو دەمەی خۆڕ هەڵدەهات شارەکەی ناو من کەلاوەیەک بوو، تیشکی خۆر لەم سپێدەیە دەیدا لەو هەموو تەرمی کوژراوەی ناو من، سەیری جوانیە کوژراوەکانم دەکرد و تێدەگەیشتم مرۆڤ لەدەرەوەی نیشتیمانی خۆی هیچ نیە، جگە لەژیان لەناو ترسێک کە ڕۆژێک دێت تێیدەگات، هەرچیەکی بنیاتناوە غەریبێک لەشەوێکدا هەموو جوانیەکانی بەتاریکی دەبەخشێت.

دایکم بریار وایە ئەمشەو بێتە ئێرە، سوود لەو کاتە وەربگرێت، کە هاوسەرەکەی لەبەیرووتە، بۆ ئەوەی هەندێک قسە بکەین، ئەو دڵیخۆشە بەوەی من و یەڵماز دلخۆشین بەو ژیانەی ئێستامان، بەتایبەت کاتێک دەبینێت ئەو پیاوێکە توانی من ڕازیبکات بۆ دەرچوون لەو گۆشەگیریە، وا خۆم ئامادە دەکەم بۆ سەفەرەکەمان.

ئەو ڕۆژە بەدەم پیاسەوە لەگەڵ دایکم بەناو پارکە بچکۆلەکەی دەکەوێتە بەرامبەر بانۆفی شەمەندەفەر، کە دەڕوانێتە سەر ئەو گەشتیارانەی لەوێوە سەفەر دەکەن بۆ شارەکانی کراکۆف و وارسۆ و لوبلین و پۆزنانی و گدانیسک، بەناو پارکەکە دەسوڕاینەوە، دواتر لەسەر ئەو کورسیە ئاسنەی ژێر درەختێک دانیشتین، باسی چیرۆکی ناسینی یەڵمازم بۆیکرد، کە چۆن بەڕێکەوتێک قسەمان کرد.

***

هەشت ساڵ بەسەر خەڵاتی ئاڵتونی فێستیڤاڵی کان تێدەپەڕی، ئەو دەمەی دەرهێنەری سینەمایی کورد یەڵماز گۆنای خەڵاتی فێستیڤاڵەکەی بردەوە، حەوت ساڵ دوای ئەو ڕووداوە من کوڕێکم بوو ناوم نا یەڵماز، تا ناوەکەی ببێت بە یەڵماز گۆنای.
دوو ساڵ بەر لەوەی ببم بە باوک، بەهۆی تیمێکی تەلەفزیۆنی لەتورکیاوە ڕۆیشتین بەرەو ئێران لەوێشەوە وێنەی ئەو بریندار وسوتاوانەمان دەگرت کە لەعێراقەوە هێنرابوون، ئەوان کورد بوون و بەهۆی گازەوە جەستەیان شێواو وسووتاو بوو، کاری ئێمە ڕۆژانە چوون بوو بۆ ئەو نەخۆشخانەیە کە خەریکی وێنەگرتنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی بووم لەبارەی ئەوماڵوێرانیە، ڕۆژانە بەناو سووتاوەکان تێدەپەڕین و دەمانوویست وێنەی سوتاویان تێکەڵی قسەکانیان بکەین، ئێمە شتێک لەزمانی ئەوان حاڵی نەدەبووین، بەڵام ئەوەندە بەس بوو کە برینەکانیان دەکەوتە قسەکردن، لەو ڕۆژگارەدا دەمویست وێنەکان وەک خۆی بگوازمەوە، ڕێک لەو دەمەدا بوو کچێک کە چاوە سەوزەکانی هۆلیا ئەفشاری فیلمی "ماڤی ماڤی" بیر هێنامەوە.
لەناو هاوار وگریانی مناڵە سووتاوەکان، من هەر ئەو ساتە عاشق بووم، بەڵام کێ بەهانای منەوە دەهات، کچێک کامێراکەم لێی بردە پێشەوە، هێندە شەرمن بوو مرۆڤ نەیدەزانی ئەو شەرم دەکات، یاخود هێشتا ترسی گازەکان بەری نەداوە، لەڕێی خوداداد ئەو وەرگێرە کوردەی قسەی بریندارەکانی بۆمان دەکردە ئینگلیزی، بێئەوەی یەک وشەی لێ حاڵی بم دواتر پەیامنێرێکی کەناڵی تەلەفزیۆنەکەمان بۆی دەکردینەوە تورکی، ئەو کچە هەموو چیرۆکی ڕزگاربوونی وەک مەسیح ناو دەبەن، کاتێک لەناو مردوەکان هەڵساوەتەوە و تا ئێران نەوەستاوە، ئەو دێتە لای نەخۆشەکان و بەدوای خانەوادەکەی خۆی دەگەڕێت، بەڵام وەک خۆی ووتی "ڕەنگە لێرە بن و بەهۆی برینەکان نەیانناسمەوە" ئومێدی ئەوە بوو سووتاوێک دەستی بۆ بەرز بکاتەوە و بەدەستی سوتاوی مەچەکی بگرێت، تێی بگەیەنێت کە ئەو دایکیەتی.
کچێک ئاگری کەسوکاری ئەیسوتاند، منیش ئاگری عیشقی ئەو، هەرچۆنێک بوو پەنام بردە بەر پەیامنێرەکەمان، تا ئەویش بۆ وەرگێڕە کوردەکە بیکات بەئینگلیزی و وەرگێڕەکەش بیکاتەوە بە کوردی، ڕازی دڵی بگەیەنێتە کچە کوردەکەی ناو قاوشی نەخۆشخانەکە.
ئەگەر لەگەڵ من بێیت لێرە رزگارت ئەکەم و لەژێر شەرعی ئیسلام مارەت دەکەم و دەبینە ژن و مێرد، ئەوەی تۆش داوای بکەیت بۆتی جێبەجێ دەکەم، زۆر بەخێراییش فێری زمانی تورکیت دەکەم، تۆ نابیتە ژنی پیاوێکی تورک.. ماڵباتی ئێمە لەبنەڕەتدا کوردن، بەدەستوری کوردی باکور ژیان دەگوزەرێنین.
هۆلیا ئەفشاری قاوشی نەخۆشخانە.. دوای چەندین ڕۆژ لەبیرکردنەوە ڕازی بوو لەگەڵ من بێت و ببێت بەهاوسەرم، کچێکی وریاو زیرەک بوو، ئارەزووی لەکارەکەی منیش دەکرد، وەرگێڕەکە ئەوەی تێگەیاندین کە ئەو باس لەوە دەکات، پێشتر جارێکیان لەشانۆگەری "ئەنتیگۆنا" وەک ئەکتەر بەشداری لەشانۆ کردووە.
پەیوەندی من بەڕەچەڵەکی خۆمەوە بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە، کاتێک فیلمی (یۆڵ) م بینی لەدەرهێنانی یەڵماز گۆنای، ئەو فیلمە بۆ من هەقیقەتی کوردبوون نیشان دەدات، بەتایبەت لەو دیمەنەی لادێ کە چەندە فیلمەکە بەزمانی تورکی بەرهەم هاتووە، بەڵام گۆرانی ژنە لادێیەکە و دابەشکاری چینەکان، ئەو خراپ مامەڵەکردنەی ناو شەمەندەفەر، مێژووی منی وەک خۆی دەخستە ڕوو، بۆیە ئێستا لەو قاوشی

نەخۆشخانەیە بەدیار ئەو هەموو بریندارو جەستە مردوو زیندوانە تێدەگەم، فیلمی یۆڵ ژیانی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانەیە، هەر ڕۆژەی بە وێنەیەک دەردەکەون.

کاتێک گەڕاینەوە و فیلمەکەمان تەواو کرد، ڕۆژی نیشاندانی فیلمەکە هەموومان بەتاسەوە چاوەڕێ بووین، کە فیلمەکە تەواو بوو لەناو هۆڵی سینەماکە، کچە کوردەکەی ناو مردووەکان کە هەڵسایەوە، لەگەڵ خۆم چووینە پێشەوەی بینەران، چونکە ئەو وەک کارەکتەری سەرەکی فیلمەکە چیرۆکی خۆی دەگێڕایەوە، بۆیە دوای چەپڵەی ئافەرینی بینەران، بەوە کۆتاییمان پێهێنا، کە ووتم "بەم بۆنەیەوە ئەمڕۆ ڕایدەگەیەنم لێرە لەبەردەمی هەمووتان من ئەڵقەی خۆشەویستی دەکەمە پەنجەی ئەو ئەکتەرە مەزنە"

ئیدی من و شلێر بووین بە ژن و مێرد، کاتێک کوڕێکیشمان بوو بۆ ڕێزگرتن لە یەڵماز گۆنای، بەهۆی ئەوەی من ناوم گۆنای بوو ناوی کوڕەکەشم کرد بە یەڵماز.

***

کاتێک دراینە دەست قاچاخچی ئێمە مناڵ بووین، سێ مناڵ کەبەسەر دارو دیوار سەردەکەوتین، هیچ کارێک نەما پێمان نەکرێت، لەبەڕێوەبردنی چایخانەوە تا بار هەڵگرتن، گەورە بووین و دەستمان کرد بەکاری دەرمان، دەماننناردەوە بۆ ئەودیو، شوێنێک کە بۆ ئێمە ڕۆژێک مەرگ بوو، ئێستا دەرمانیان بۆ دەنێرین تا بیانکەین بە موعتاد، گرنگ ئێمە پارەیەکی باشمان دەستکەوت، توانیمان لەناوەڕاستی تاران چێشتخانەیەک بکەینەوە، ڕۆژێک باوکمان هات ئەو پیاوەی باوکی یەکێک لەو سیانەمان بوو، بەڵام ئەو پیربوو، ناوی ئێمەی بیر نەمابوو، ڕاستیەکەی ئێمە هێندە ناومان لێنراو لەترسی دەستگیرکردن ناومان گۆڕی، خۆشمان نازانین ناومان چیە، ڕەنگە سەیر بێت بەلاتانەوە چۆن ناوی خۆمان نازانین، ئەرێ بەڕاست کەسێک لەناو ڕەشبگیری و بۆنی سێو هاتبێتەوە ناو ژیان.. چۆن ناوی خۆی بیر دەمێنێتەوە.
ئەو ڕۆژە بڕیارماندا گەشتی ئەو پیاوە ڕابگرین کە هەموو تەمەن لەگەڵ دوو پیاویتر بەدوای ئێمە دەگەڕێن، ئەو باوکی یەکێکمان نەبوو، باوکی هەرسێکمان بوو، سبەینێ کە لەخەو هەڵساین بینیمان ئەو پیاوە مردووە، وەک یەک هەرسێکمان بۆی گریاین.. لەئامێزمان گرت، نە ئەو، نەئێمەش نەمانزانی باوکی کاممانە.. کاممان کوڕی ئەوین؟ ڕەنگ ئێمە هەرسێکمان یەک کەس بین لەناو سێ جەستە، ئەو پیاوەش باوکی ئێمە بێت و دوو پیاوەکەیتریش کە بەدوای ئێمە دەگەڕێن یەک کەس بن، گەشت دەکەن و بەدوای ئێمە وێڵن تا بماندۆزنەوە، یەکێکیان پێمان گەیشت، هەر هێندەی ئێمەی دۆزیەوە کاری تەواو بوو مرد، دەبێت چاوەڕێی دوانەکەیتر بکەین.

***

ژیان ڕیتمی مۆسیقایەکە ترپەکانی دڵی من پڕی دەکات لەنۆتەی شەهوەت، ژنایەتیەک لەناومدا دەڕژێت، ساڵەکانی تەمەن ناناسێت.. هێشتا هەست دەکەم لەهەڕەتی لاویدام، شەوانە لەگەڵ ڕاغب هەست ناکەیت ژنێکم شەست و پێنج ساڵی تەمەنم بەڕێکردووە، هیچ شەوێک ناچمە نێو نوێن تا خۆم نەشۆم و کرێم نەدەم لە جەستەم، ژێر کراسێکی سەرنج ڕاکێش لەبەر نەکەم کە تا سەر سمتمم دادەپۆشێت، دەرپێی کورت لەبەر ناکەم، تا ڕاغب بە ویستی خۆی دەستم بۆ بەرێت، چێژێکی سەیر لە پەنجەکانی دەبینم، هێندە لێزانانە دەست بۆ سەر هەموو لەشم دەبات، خۆم لێ دەبێتە پیانۆیەک و ئەویش وەک پیانۆژەنە کلاسیکیەکان دەمژەنێت، گوێم لەمۆسیقای ناخی خۆم دەبێت، مۆسیقایەک لەمندا دەژەنێت، سۆلۆی کەمانی دوو پیاوی تریشی تیا ماوە، ئەوەتە پەنجە بە ڕانەکانمدا دێنێت و لێزانانە سەر دەکەوێت، دەڵێی پەنجەی لەناو ڕووبارێکە، بە ئاو مۆسیقای مەرگی هانۆشۆفسکی دەژەنێت، ئەو پیاوەی مەیلە شەهوەتیەکانم کووشتی.

کەس هەقیقەتی مەرگی مێردی یەکەمم نازانێت، هەر دەڵێن بە نەخۆشی دڵ مرد، ڕاستیەکەی ئەو بەزۆر سێکسکردن تووشی نەخۆشی دڵ هات، هیچ شەوێک نەبوو لەسێ جار کەمتر سوارم بێت، پیاوێک بوو بەمانای ووشە، حەیف کە پیاوی وەک هانۆشۆفسکی دەمرێت، کەچی فرانشیسکۆ زۆرترین تەمەن دەژیێت.. دواتر لەدەستم ڕادەکات.

راغب هەمیشە وێنەیەکیتری هانۆشۆفسکی لەمندا دەخولقێنێت، بەڵام ئەو چونکە زۆر لەمن گەنجترە، بۆیە بەردەوام ئارەزووەکانم دەگەیەنێتە لوتکە، بەمانای ووشە تێرم دەکات لەخۆی، هەمیشەش بایەخ بە تەندروستی خۆی دەدات و نایەڵێت ماڵەکە بێ هەنگوین وگۆشت بێت، بە پێکەنینەوە دەڵێت "بەبێ ئەو شتانە توانام نابێت شەوان ئاگر بکەمەوە"

بۆ ئەوەی شوو بە ڕاغب بکەم، وام بڵاوکردەوە کەوا فرانشیسکۆ لەشاری ناپۆلی لە ئیتاڵیا خۆی کووشتووە، ڕاستیەکەی ئەوە شتێک بوو هەموو باوەڕیان پێکردم، جگە لە کاشا نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی کاشا نەتوانێت بەدوای هەواڵەکە بڕوات، ووتم ئەنتۆنیۆ بەتەلەفۆن وای پێ گووتم، مرۆڤ کە مەیلێکی توندی لەکوشتنی کەسێک بێت، بۆ زیندوو ڕاگرتنی کەسێکیتر، دەتوانێت بانگەشە بۆ مردنی یەکێکیتر بکات.

***

سێ ساڵ بەسەر ڕۆژگاری خەون تێپەڕی، دەرگای ئومێدێک بەسەر ژیان کرایەوە، تەنیا سێ ساڵ بەس بوو بۆ ئەوەی تێبگەین نەک دەرگا نەکرایەوە، بەڵکو لەبنەڕەتدا دارو دیواریش بوونی نەبوو.. ئێمە لەبیابان بووین، ئیدی دەرگای چی؟ دەمامکی سەر ڕووی دڕندەکان دەرکەوت، پەلاماری یەکتریاندا، ئێمە نەماندەزانی ئەوان جارێکیتر دەتوانن ئاوا دڕندانە لەگەڵ یەکتری بجەنگن، ساڵانێکی زۆر نیشتیمان بەدەستی ئەوان دابەش کرا بۆ سەر دوو خاکی جیاواز، تا ئەو ڕۆژەی زانیان لەژێر خاکی هەردوولایان بۆڕی نەوت هەیە و وڵاتان بەڵێنی کڕینی نەوتەکەیانیاندا، ئیدی شەری خوێن ڕشتن گۆڕا بەشەری نەوت فرۆشتن.

کە نەوت دەرهێنرا، ئەوان چاویان لێ سوور نەکردینەوە، بەڵام هەمیشە دەبوو رازی بین، ئەو نانەی دەهاتەوە ماڵەوە ئەویش بوونی نەما، ڕۆژگاری قات و قڕی و هەڕەشەکردن لەژیان دەستی پێکرد، لەهەموو لایەکی نیشتیمان خەڵکانێک ماڵ و خانوویان دەفرۆشت، خۆیان دەخستە ئەو دەریایەوە تا ژیان لەگەڵ مەرگ بەشبکەن، گەر گرەوی ژیانیان بردەوە، مەرگ شکست دێنێت، لەودیو وڵاتانی ئەوروپی دەست بەژیانێکی جیاواز دەکەن، ئەوە تاکە شتێک بوو ئیدی مرۆڤ دەیتوانی بیری لێ بکاتەوە.

***

نەمدەویست هەموو ئەو مرۆڤانەی دەیانناسم پەیوەندیم لەگەڵیان هەبێت، رۆژێک لەڕۆژنامەیەکدا بابەتێکم خوێندەوە، پزیشکێکی دەروونی باسی لەوە دەکرد، شتێک تاقیبکەیتەوە کە پێشتر گاڵتەت پێی هاتووە، دەتوانێت هەر ئەو شتە هەموو ژیانت بگۆڕێت، دوای کاژێرێک لەچێشتخانە بچکۆڵەکەم خەریکی ماسی سوور کردنەوە بووم، لەپڕ ئەو قسەیەم کەوتەوە بیر، ڕۆژگارێک گاڵتەم بەو ژن و پیاوانە دەهات دەچوون لەسەر تەلەفۆنەکانیان بەرنامەیەکیان دادەبەزاند بەناوی بادۆ، تا هاوڕێ و دۆستی تازە بدۆزنەوە، بەدەم پێکەنینەوە وتم مەگەر بچمە بادۆ ژیانم بگۆڕم، هەر وامکرد لەکاتی نانخواردن بەدەم خواردنەوە، بەرنامەکەم دابەزاندە ناو تەلەفۆنەکەم، لەپڕ هێندەم زانی چەندین نامەم بۆ هات تا یەکتر بناسین، هیچ لەنامەکان بۆ من گرنگ نەبوون، قسەکانی یەکەم دیداری ئەنتۆنیۆی بیر دەهێنامەوە، هەڵە نەبم سێ ڕۆژ بەسەر ماسی خواردن و بادۆ تێپەڕیبوو، سەیری لاپەڕە و کەسەکانی ناو بەرنامەکەم دەکرد، کوڕێکی لەخۆم مناڵکارتر وێنە و ناوەکەی سەرنجیان ڕاکێشام، یەڵماز ناوێکی سەرنج ڕاکێشە، بێ ویستی خۆم کەوتمە قسەکردن، تاقسەم لەگەڵی بکردبایە، زۆرتر پارچە شکاوەکانمی کۆ دەکردەوە، هیچ چاوەڕێم نەکرد داوای ژمارەی تەلەفۆنم بکات، بۆیە پێم ووت "لێرە بێزارم ئەو بەرنامەیە دەسڕمەوە، ژمارەی تەلەفۆنەکەتم بۆ بنووسە، لەوێ لە وەتس ئاپ قسە دەکەین "

دایکم بە حەسرەتەوە گوێی گرتبوو، بۆ ئەو سەیر بوو ئەوەی ڕوویداوە، نەک لەجۆری پەیوەندی، چونکە ئەو بۆ خۆی لەژیاندا جگە لەوەی سێ جار شووی کردووە، بەڵام پیاوانێکی زۆریشی ناسیووە، بۆیە ئەوەی بۆ ئەو جێگای تێرامان بوو، چۆن پیاوێکی غەریبە توانی ئەو هەموو شکانە بگۆڕێت بە دنیایەکی نوێ کە شتەکان گەورە نەکات، بەڵکو بەخۆت بناسێنێتەوە، هەر ئەوەشە بۆ من سەیرە، بەڵام یەڵماز کاتێک باس لەو نامە گۆڕینانەوەیە دەکات، ئەو قسە لەشتێک دەکات، ناچاریت واز لەهەستی غەریزی بێنێت، ئەگەر ئەنتۆنیۆ ستایشی جوانی منی دەکرد، بەڵام یەڵماز بڕوای وایە جوانی گەر دەریایەک بێت، من تەنیا ماسیەکی بچکۆلەی ناو ئەو دەریایەم، ئەو هێندە ڕاستگۆیە لەناومدا درۆ ناخوڵقێنێت، تا فریووم بدات، وەک خۆم سەیرم دەکات تاوەکو بتوانم بەناو دەریاکەدا گەوهەر ومرواریەکانی جوانی بدۆزمەوە.

***

ئاسمان وێنەی باخێک بوو، ئێمە بەرگەی جوانیمان نەدەگرت.. هەموو بەلادا دەهاتین و دەمردین.. پێم وابوو ئەو بەیانیە خودا بەهەشتی هێناوەتە شارەکەی ئێمە.. دەنا ئەو هەموو بۆنی سێوە چیە.. کانی و درەخت وماڵەکان هەر هەموو بۆنی سێویان گرتبوو، دەبوو بە بۆنی سێو بمرین و زەوی جێبێلین تا لەئاسمان یەکبگرینەوە، ئەو ڕۆژە منیش مردم لەناو مردووەکان بووم، دەنگێک ئەوسا نەمناسی بەزمانێکیتر قسەی دەکرد، نازانم چی ووت هێندە نەبێت لەوە تێگەیشتم کە من تاکە زیندووی ناو مردووەکانم، دەبێت هەڵبستمەوە، بەهەشت نیە ئەوە دۆزەخە پێویستە لەو دۆزەخە ڕابکەم، هەڵسامەوە ئاوڕم لەمردووەکان نەدایەوە ڕۆیشتم لەپڕ هیچم نەبینی، ترس لەکوێری ڕایگرتم، وەک ئەو منداڵانەی بەیانی کوێر بوون، لەشوێنی خۆم وەستام.. پەنجەکانم لەچاوم نزیک دەکردەوە.. ئاخۆ من دەستەکانی خۆم دەبینم.. ئەوە هەر دە پەنجەکەمە، ئەی بۆ هیچ نابینم، تاوێک بەئاگا دێمەوە بەخۆم دەڵێم "ئەوە ڕێگایەکی درێژە شلێر خۆت شێت مەکە، ڕەنگە چەندین ساڵ لەو ڕێگایە بەپێ بڕۆیت" ئیدی تێگەیشتم شەو هاتووەو ئاسمانی تاریک کردووە، دەنگی وەڕینی سەگ لەدوورەوە تێیدەگەیاندم هێندە دوور نەکەوتومەتەوە، لەشوێنی خۆم دانیشتم ودەستم بۆ شوێنەکە برد تا لێی دڵنیابم، هەر لەشوێنی خۆم، خۆم گرمۆڵەکردو لەئاسمان ڕامابووم هێندەم زانی کەوتمە خەوێکی قوڵەوە.

تیشکی خۆر وکرانەوەی چاوەکانی من دەیدا لەپیکابێکی سوور هەموو مردبوون بەسەریەکدا کەوتوون، لەوە دەچوو دوێنێ تا ئێرە ڕایانکردبێت و فرۆکەکان دەرفەتی ڕاکردنیان بۆ نەهێشتبن، دەزانم هەمووتان وا دەزانن بەهۆی ئەوەی خەوتبووم ئەوەی باسی دەکەم خەونە، نا من خەونم نەبینی ئەوەی دەیڵێم ڕاستیە، وەک شێت لەشوێنی خۆم ڕاپەڕیم.. سەرلەبەری مردووی ناو پیکابەکەم دەناسی، پڕ بوون لەهاوپۆلی خوێندن و دراوسێ، ئەوان خۆراکێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، چارۆگی ژنێکی پیرم لەژێری دەرکرد، پڕم کرد لەخواردن و پسکیت و کردمە کۆڵەپشتی و دەبەیەک لەتەنیشتیان بوو، دڵنیابووم بەنزین نیە و ئاوە.. کەمێکم لێی خواردەوە و ئەویترم لەگەڵ خۆم هێنا، نازانم چەند شەو و ڕۆژیتر لەڕێگا بووم.. ئەوە نەبێت دەزانم دوو ڕۆژ تێپەڕی، هیچ شتێک نەبوو بیخۆم، گەیشتمە سنوور، نەبۆم گرنگە ئەو پرسیارانەی لێیان کردم چی بوو.. نە دەشزانم چەند ڕایان گرتم، هەندێک خواردن وجل و بەرگیان پێدام و خستمیانە ناو پاسێک بۆ ئۆردوگایەک بردمیان.. لەوێ زانیم ئەوانەی بەر لەمنیش هاتوون لێرە کۆیان دەکەنەوە، نەخۆشخانەیەکیش بۆ بریندارەکان هەبوو، بەهۆی خوێندەواریم کردمیانە ژوورەوە تا بتوانم ناوەکانیان بۆ پزیشک و کارمەندەکان بنووسم، تا ئەو ڕۆژەی گروپێکی تەلەفزیۆن هاتن و فیلمێکیان لەبارەمانەوە درووست کرد، ئەو ڕۆژەی گۆنای عاشقم بوو، تێگەیشتم ئەوە دەنگی گۆنای بوو لەناو مردووەکان هەڵیساندمەوە، لەپڕ خۆم لەهۆڵێکی سینەمایی بینیەوە، خەونی بوونە ئەکتەریم ڕاست دەرچوو، خەونێک لەپڕ بینیم ئەمجارە گرێبەستێکم بۆ هاتووە لەلایان گۆرانیبێژی تورک ئیبراهیم تاتلیساس تا لەفیلمە نوێیەکەی بەشداری بکەم، لەناو کۆڵان و بازاری ئەستەنبۆڵ ناوی خۆم بەسەر پۆستەری فیلمەکانەوە بینی "شلێر گۆنای"

***

ئەو پیاوانەی لەشاخ هاتن هەریەکەیان ڕەنگێک بوون، هەریەکەیان بوون بە تاقمێک، هەر کۆشکێک جوان بوایە دەبوو بە هی ئەوان، هەر ژنێک جوان بوایە شەریان لەسەری دەکرد تا وەدەستیان دێنا، ئەو ڕۆژگارە خەڵکی نانی نەبوو بیخوات، دەبوو بۆ نان ڕووبکەیتە دەرگای ئەوان، کوشتن ئاسانترین کارێک بوو ئەوان ئەنجامیان بدابایە، یەکێک لەو پیاوانە منی ویست، بێ سێ ودوو پێم ووت "شانازیە ژنی تۆ بم" بەپێکەنینەوە ووتی "هێشتا شۆرش تەواو نەبووە، بۆیە نامەوێت جارێ ژن بێنم، دەبێت ببیتە دۆستم"

جا هێز هەیە پێی بڵی نامەوێت دۆستت بم.. خۆ قەحپە نیم، بەڵام چیرۆکی ژیانی من ئەو ڕۆژەی ئەمنەکەم سوتاند بەدەمی خۆم، هەموو شتێکم باس کرد، ئیدی بۆ پیاوەکانی شاخ ژنەکانی وەک ئێمە تا دوێنێ هی ئەوان بووین، دەبێت ئەمڕۆش هی ئەوانە بین.

حزبەکان لەوە گەورەتر بوون کە لێیان نەترسین، پیاوەکانیش کوڕی حزب بوون، دەبوو هەموومان گوێڕایەڵیان بین، تاوەکو ژیانمان پارێزراو بێت، حزب شورشگێر بوو.. ئەوانەی ئەو بەر خیانەتکارەکان بوون، ئەوانیش شۆڕشگێربوون.. ئەوانی ئێمە خیانەتکار بوون، خیانەت ئاسانترین کارێک بوو بەیەکتری بڵێین، شۆرشگێریش ئەو نازناوە بوو هەریەکێکیان بەخۆی دەبەخشی، سەرەنجام خوێن و شەهوەت دوو ئارەزووی ئەوان بوو، بێدەنگی و ڕازیبوونیش دوو خەسڵەتی ئێمە بوو، من تا ماوم لەخراپەکانم پاکنابمەوە، منێک کە بەبیانووی شۆڕش و تۆڵە پیاوێکم سوتاند، ئێستا هەموو ڕۆژێک لەبەردەم ئاوێنە خۆم ئارایشت دەکەم، تا گورگێک بێت ڕۆحم بسوتێنێت.

***

ئێمه سێ هاوڕێی یەکتری بووین، بەهۆی گەڕان بەدوای جگەر گۆشەکانمان، وا بۆ ساڵێک دەچێت هاوڕێیەکمان وون بووەو بێ سۆراغە، بۆیە بریارماندا ئیدی بەدوای هاوڕێکەمان و هەر سێ مناڵەکەمان بگەڕێین، ئێمە دەزانین مناڵەکان گەورە بوونە، پێویستە ژنیان بۆ بێنین، تا بەدیار نەوەکانمانەوە دابنیشین، بەڕاستی ژیان پیری کردین.. ئێستا کاتی ئەوەیە پشوو بدەین.
رەنگە مناڵەکان ئێستا ژنیان هێنابێت، ئێمەش بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بووینە بە باپیرە، ناکرێت لەوە زیاتر بەدەم چاوەڕوانیەوە بمێنینەوە، دەبێت لەئەمڕۆ زووتر نیە دەست بکەین بە دۆزینەوەیان.
ئەو دوو پیاوە دەست دەکەن بە ڕۆیشتن و هاتنە دەرەوە لەماڵ، بێ ئاگا لەوەی هاوڕێکەیان لەمێژە کۆتایی بە گەشتەکەی خۆی هێناوە، ڕاستیەکەی ئەوان ئەو هەواڵەیان بیستبوو، گوایە مناڵەکان ئێستا لەناو گروپە چەکدارە دینیەکان دەستی باڵایان هەیە، لەشوێنێکی عاسێی سەر شاخ خۆیان مەڵاس داوە، هەر کارێکی توندڕەویی بکرێت دەستی ئەوانی تیایە، بۆیە بڕیاریاندا بڕۆن بیانهێننەوە، تا واز لەو کارە خراپانەش بێنن، بەتایبەت قسە لەوە بوو یەکێک لە مناڵەکان ئێستا بۆتە ئەمیری ئەو گروپە ناسراوە.
سێ مناڵ ئێستا بوونەتە سێ پیاو، چێشتخانەیەکی ناودار بەڕێوە دەبەن یەکێک لەباوکەکان لەلای خۆیان مرد، چاوەڕوانی هاتنی ئەو دوو باوکەی تریان دەکرد، ئەو دەمەی لەناو چێشتخانەکە لەهەواڵێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی سەحەر ئەو هەواڵە خوێنرایەوە، ئەو دوو پیاوەی بەدوای سێ مناڵ دەگەڕێن، دەزگاکانی ئاسایش لەسەر سنوور دەستگیریانی کردووە، چونکە بەپێی زانیاریەکان وا بڵاو بۆتەوە: ئەو دوو پیاوە بەنیازی زانیاری بردنی بوونە لەبارەی سەرۆکی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی تیرۆری بکەن.
یەکێک لەمناڵەکان کە ئێستا چێشتخانەکە بەڕێوە دەبات، وەک جاری پێشوو لەهاتنی باوکیان دوو هاوڕێکەی بانگ کرد، تا هەواڵی دەستگیرکردنی دوو باوکەکەیتریان ببیستن.

***

هەوەسێکم بۆ ژنی جوان هەیە، هەر کاتێک ژنێکی جوان دەبینم، دەست و قاچم دەشکێت، دەڵێم گەر ئەوە ببێت بەهی من.. ئیتر ژیان نغرۆ بوونە لەناو جوانی، هەموو شتێک دەکەم بۆ ئەوەی وەدەستی بێنم، کاتێک ژنە بوو بە هی من، تەنیا سێ مانگم خۆشە ووردە ووردە شتەکان سیحریان بەتاڵ دەبێتەوە، هەست ناکەم ئەوە ئەو ژنەیە کە لەناو خەیاڵی مندا بووە، دەبێت هەموو هەوڵێک بدەم بۆ ئەوەی لەخۆمدا بیکوژم و بیکەمە دەرەوە.
پێویستم بەشەڕی گەورە دەبێت، هەندێک جار لەئێوارەوە تا ڕۆژی دواتر ئامادەبوومە شەڕ بکەم بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندیەکە بێنم، وەک ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ کاشا چووینە سینەما و بەدیار فیلمێکی پازۆلۆنی دانیشتبووین.. ئەو کاتەی مەسیح لەناو دەغڵ و دان سێکس دەکات، سەیری کاشام کرد زۆر قوڵ حەپەسا بوو بەدیار فیلمەکەوە، بەخۆم ووت ژیان چیە تاوەکو هەموو تەمەن لەگەڵ کەسێکدا ببەیتە سەر، دەشێت مەسیح لەگەڵ ڕاهیبەیەکدا سێکس بکات، وەک ئەوەی پازۆلۆنی دەیبینێت، پێیم وابێت هەر بەهۆی ئەو فیلمەوە لەڕووداوێکی نادیار کوژراوە، بەڵام ژیانی من ئەو ترس و توندو تیژیەی تیایە وەک فیلمەکانی ئەو دەرهێنەرە، دەشێت گەڕان بەدوای ژنەکان زاڵبوون بێت بەسەر ئەو ترسە، بۆیە پێویستم بەوەیە لەگەڵ ئەو فیلمە کۆتایی بە کاشا بێنم لەژیانم، دەبێت کەسێکیتر بێت، تا لەو دیوی توندوتیژی ناو من ئارامی بێنێت.
هەندێک جار هەست بەتاوان دەکەم، وێنەی پیاوێک لەخۆمدا دەبینم، دەستەکانی بەخوێنە، پەنجە خوێناویەکانم دەدەم لەڕووخساری کاشا، بەڵام کاشا یەکەمین کەس نیە خوێناوی بکەم، گوناهی من نیە، ئەوە ئەو خوێنەیە هەمیشە لەخۆمدا دەیبینم و بەجوانی ژنەکان دەیانشارمەوە، ڕووخساری ژنەکان و لەش و لاریان دەکەمە دەمامکی خوێن، هەر هێندەی دەمامک کەوت و خوێن دەرکەوتەوە دەبێت ئەو خوێنە بچێتە ناو ڕۆحی ژنەکانەوە.
ئانای دایکی کاشا ژنێکە لەوێنەی مندا، هەست دەکەم لەبنەڕەتدا من و ئەو خوشک و برا بین، هێندە مەیلمان بۆ گۆڕین و شەهوەت لەیەکتر دەچێت، هێندەی من ژنم گۆڕیووە، ئەویش پیاوی گۆڕیووە لەژیاندا، هەردووکمان بەو هەستەی یەکتری دەزانین، بۆیە دوای جیابوونەوە لە کچەکەشی پەیوەندی ئێمە نەپچڕا، بەتایبەت کاتێک دەهاتنە شاری میلان سەردانی دەکردم و یەکتریمان دەبینی، دواهەمین جار تەلەفۆنی بۆ کردم باسی لەوە کرد فرانشیسکۆی مێردی جێی هێشتووە و بێ سەرو شوێنە، بۆیە ئێستا حەزی لە دکتۆرێکی لوبنانی کردووە، پلانێکی دانابوو مەگەر هەر لەڕۆمانی پۆلیسیدا شتی وا ببینیت، گوایە بە کاشا دەڵێت من پەیوەندیم پێ کردووە کە فرانشیسکۆ دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە ئیتاڵیا لەشاری ناپۆلی خۆی کووشتووە.
ئانا ڕاست دەکات مرۆڤ کە ویستی بگات بە شتێک هەموو فڕت و فێڵەکانی بەکار دێنێت تاوەکو بتوانێت بگات بە مەبەست، ئەو بۆ ئەوەی مێرد بە دکتۆرە عەرەبەکە بکات، هاوسەرەکەی خۆی کووشت، منیش بۆ ئەوەی بگەم بە ژنێکی جوانتر گەورەترین شەڕم بەرپا کرد، گوایە ئیتر ناتوانم پێکەوە بژین و هەست دەکەم لەو ماڵە لەگەڵ ئەودا دەخنکێم.
من و ئانا بەهەردوکمان درۆمان لەگەڵ کاشا کرد، ئێمە بەهەردووکمان فریومانداو ڕۆحیمان هەلا هەلا کرد، یەکێکیان دایکیەتی و ئەویتریش مێردی بوو، ماڵیمان خابوور کرد و ڕامانگەیاند کە باوکیشی مردووە، بەڵام ئێمە هەمیشە ئاسوودەین،

چونکه دەبێت بەردەوام بەدوای چێژی تاقی نەکراوە بگەڕێین، تۆ بڵێی ڕۆژێک فڕانشیسکۆ بێتە بەردەمم بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم، پێی بڵێم لای کچەکەت تۆ مردوویت، یاخود هەوڵ دەدەم درۆی ژنەکەی بۆ ئاشکرا بکەم، نا هیچ ناکەم چونکە ئێمە دوو مرۆڤین هەمیشە بەشداریمان لەکاری زۆر گەورەتر کردووە، تەنانەت هاوکاری و کۆمەکی یەکتریشمان کردووە تا پلانەکانمان سەر بگرێت.

***

من ژنە قاجاریەکەی دانیالم، بەبێ ئەوەی بزانم قاجاریەکان دەکەونە کوێی ئەم دنیایە، ئەوە پێشنیاری مێردەکەم بوو، ئەو پیاوەی شوفێری ڕێگای تورکیا عێراق بوو، ئەو بە ڕەگەز کوردی باکورە، بەڵام بۆ بژێوی ژیان وەک تورکێک دەبێت دەربکەوێت، ئەو ڕۆژگارە ئێمە سەرگەردان بووین، نا بەڵکو خۆمان نەبووین، کاتێک هەموومان خراینە ناو زیلەکانەوە، ئیدی خراینە شوێنێک کە بەسیم دەوردرا بوو، لەکۆمەڵە باڵندەیەکی نێو قەفەسێک دەچووین، شەوان پیاوەکان دەهاتن لەناو قەفەس چەند دانەیەکیان هەڵدەبژارد تا بەرە بەیان لەژوورەوە یاریان لەگەڵمان دەکرد، یەکەمجار کە بۆنی لەشی پیاوم کرد، جگە لەباڵندەیەکی بچکۆڵە هیچیتر نەبووم بەناو ژوورەکە هەڵیدەفڕاندم، دەیگرتمەوە، بۆنی دەکردم پەڕوباڵی دەکردم لەبەرە بەیان دەیخستمەوە قەفەس، بەڵام ئیدی من باڵم نەمابوو بفڕم.
دوو ڕۆژ دوای ئەوەی شەوێک لەقەفەس وەدەریان نام، بەوە زانیم شەو تەواو بووە، کاتێک دڵۆپە خوێن بەلا ڕانەکانمەوە بوو، ئێستاشی لەگەڵ بێت بۆ من بەیانی بە دەرکەوتنی تیشکی خۆر نیە، بەڵکو بە دڵۆپە خوێنەکانی نێو ڕانەکانمە، ئێمە حەوت ژن بووین بەگریانەوە لەباوەشی دایک و خوشک و برا بچکۆلەکانمان دەریان کردین، وەک دەرکردنی نێو قەفەسی شەوان، لەژوورێکی ڕووتەڵەی دیواری بێ پەنجەرە لەسەر کورسیەک دانرام، وەک چۆن پێش من ژنەکانیتر دانران، لەبەردەم کامێرایەک دانیشتم سەیری شوشەکەم دەکرد، تێگەیشتم دەبێت وێنەم بگرن، هەلیانساندم و یەکێکیتر هێنرایە شوێنەکەم، هەر حەوتمان بەدوای یەک ڕیز کرابووین، داوای ناوی سیانی و ناوی دایکمان لێ دەکرا.. لاپەڕەیەکیان پێمان ئیمزا دەکرد، سواری پاسێک کراین، پاسێکی پرتەقاڵی بوو.. کاتێک دەهاتینە شار دەمانبینی شاریەکان سواری دەبن و پێیان دەووت ڕیم.
لەناو ڕیمەکە ژنەکان دەگریان، کەچی من دەمویست خۆم بۆ ئەو ترسە ئامادە بکەم کە دێت، نەمدەزانی ئەوە گەڕانەوەی کەمێک حورمەتە بۆ ژیان، ڕزگاربوونە لەقەفەسی باڵندەکانی شەو، دەمزانی ئیمزامان کردووە، ڕووم سوڕاند، بە کچێکی گەنجم ووت "بەدەستی خۆمان ئیمزامان کرد تا گوللە بارانمان بکەن"
ژنێکیتر بەدەم شەقدان لەچۆک و لێو کرۆشتنی دەیووت "بمرم باشترە لەوەی هەموو شەوێک عەرەبێکی ڕەزا گران سوارم بێت" بێدەنگیەک هەموومانی داگیر کرد.. تا ئەو کاتەی پیاوێکی قات ڕەساسی قۆڵ کورت بە دەست ئیشارەتی بۆ کردین کە بێینە خوارەوە، بردراین بۆ باڵەخانەیەک لەسەر ڕیزە کورسیەک دانیشتین، ئەو کەسەی کە فایلەکانی ئێمەی پێ بوو یەک بەیەک ناومانی دەخوێندەوە، هەر یەکێکمان لەگەڵ پیاوێک دەبردراینە ژوورەوە، دوایی بەڕێزەوە بەڕێ دەکراین، پیاوێک لەگەڵ خۆی دەیبردین، ئیدی تێگەیشتم من کرام بە بووک، با بەکورتیەکەی باسی بکەم، من فرۆشرامە پیاوێکی تورک بەناوی دانیال، ئەو پیاوەی ئێستا مێردمە، بۆ ئەوەی وەک ژنێکی بە ئابڕوو بۆ خۆی سەیرم بکات، وای بڵاو کردەوە کە ژنێکی قەرەجی قاجاری کردووە بە هاوسەری، گوایە لەیەکێک لەسەفەرەکانی لەڕێگای تورکیا یۆنان منی بینیووە و عاشقم بووە، کاتێکیش منالمان بوو ئیدی بڕیاریدا بۆ ئەوەی ژیانێکی هێمنمان هەبێت وازی لەشوفێری هێناو گواستمانەوە، لەئەستەنبۆڵەوە هاتینە باتمان.
یەڵماز بەمانای ووشە پیاوێکە ڕێزی لێ گرتووم، کاتێک باسی باڵندەی قەفەس ئەکەم کە چۆن لەناو قەفەس بووین، چۆن پێشتر ژیانی خۆمان دەژیاین.. سەرم دەخاتە سەر

سینەی و دەملاوێنێتەوە، ڕێزێکی زۆرم دەگرێت، هیچ کاتێک سووکایەتیشی پێ نەکردووم، بۆیە تاماوم پێلاوەکانی دەخەمە سەر سەرم.

***

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکردەوە، دەبوو بگەم بە ئەنجامێک، هەموو عەشقێک شوێنێکی هەیە بۆ کۆتایی، ئەو دەمە خۆت دەکەویتە بەردەم ئەو پرسەی ئەوەی خەونت پێیەوە دەبینی، ئەوە بوو کە هاتە دی؟ یاخود شتەکان وێنەیەکی تریان هەیە و مرۆڤ تا نەچێتە ناوی درکی پێ ناکات؟

نەمدەهێشت هاوسەرەکەم پەی بەو نهێنی و گومانانە بەرێت کە ماوەیەکی زۆر بوو عەقڵ و دڵمی داگیر کردبوو، بەڵام لەبوێری و دەرفەتێک دەگەڕام تاوەکو بتوانم بڕیارێک کە پێی گەیشتووم بیدەم، من کە چیرۆکێکی درێژی عەشق ژیام، چاوم کردەوەو یەکەم عەشق و دواهەمین چیرۆک ساڵەهای ساڵ تیای ژیام، ژیان سێکس نییە وەک ژنێک وای تێگەیشتووە، ساڵەکان منیش مەیلم لێ بوو، بەڵام دەمویست ڕۆژێک ئەو سێکسە بەرمە ئاقاری تەندروستی خۆی، چیدەکەیت لەژنێک کە هەمیشە دەیەوێت هەرچی لەفیلمێکی ڕووتدا بینیوویەتی ساڵەهای ساڵ بەو شێوەیە لەگەڵت جووت بێت، لەکاتێکدا من ئەو ئارەزووەم بەو شێوەیە نەبوو، هاوسەرەکەی پێشووی هەر بەو بەزمە مرد، پیاوێک هەموو شەوێک تا بەیانی گان بکات، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکات، بەیانیەک دڵی بووەستێت، ئەمبولانسێک هەر بە نووێنەکەیەوە بۆ ژووری ئینعاشی نەخۆشخانە بیبات.

ڕۆژی لەدایکبوونم بوو هاتنە دەرەوەیەک هاتمە دەرەوە.. هەرگیز نەگەڕامەوە، دەبوو ئەو ڕۆژە بکەم بە دەرفەتێکی گونجاو تا ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەم، پلیتی شەمەندەفەرم بڕی و تا شاری کراکۆڤ، شەوێک لەوێ مامەوە و ژوورێکم لەئوتێل گرت، ئەو ڕۆژە بەرەو مۆزەخانە ڕۆیشتم، پێشتر بیستبووم تابلۆیەکی لیۆناردۆ داڤنشی لەمۆزاخانەکەی کراکۆڤ هەیە، کە تابلۆی ژنێکە بەلای چەپ ئاوڕی داوەتەوە، بێچووە سەگێک یان گیاندارێکیتری بەدەستەوەیە، کە وابزانم دوای تابلۆی مۆنالیزا بەدووەم تابلۆی ناسراوی داڤنشی دادەنرێت، بۆیە ئەو ڕۆژە چوومە مۆزەخانە و ئەو تابلۆیەشم بینی، بەیانیش کە لەئوتێلەکە هاتمە دەرەوە بە پاسێک بەرەو شاری زاکۆپانێ چووم، ساڵانی ڕابردوو هێندە پارەم پاشەکەوت کردبوو.. بتوانم خانویەکی بچکۆلە بکڕم و ژیانم لەناو ئەو سرووشتە جوانەی ئەو شارە بەرمە سەر.

مرۆڤ کە چووە تەمەنەوە پێویستی بەگەڕانەوەیە بۆ ناو سرووشت، دەیەوێت چێژ لەبۆنی گەڵاکان وەربگرێت، لەباڵندەیەک ڕابمێنێت، ئەو دەمەی لەشەقامێکی بچکۆلە دەپەڕیتەوە و خۆت بە کەنیسە دەکەیت، کە کچ و کوڕێکی گەنج بەیەکتری شاد دەکەن.

لەڕیزی دواوەی کورسیەکان دادەنیشم، هەموو بەجوانترین شێوە خۆیان گۆڕیووە، هەر جارێک قەشە چەند وێردێک دەخوێنێت، هەموو هەڵدەستینەوە، دواتر دادەنیشینەوە، تاوەکو ئەو دوو گەنجە دەگەیەنێت بەیەکترو داوامان لێ دەکات پیرۆزبایی لەیەکتری بکەین، بەدەوری خۆمان هەر کەسێک هەبێت پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەین.

هەموو بەشادیەوە کەنیسە جێ دێڵین، ئەوان بۆ هۆڵی ئاهەنگ دەڕۆن تا بەرە بەیان خەریکی خواردنەوەو سەما دەبن، منیش بەناو حەوشی کەنیسە تێدەپەڕم.. بە دەرگاکەی ئەوسەر دەچمە دەرەوە، تاوەکو دەگەمە ڕووبارە بچکۆلەکە، کەوا لەناوەڕاستی درەختەکان ڕووبارێک هەیە و بەتەنیشتی تێدەپەڕم، دەچمە سەر پردەکە و بیر لەساڵانی تەمەن دەکەمەوە، لەوێ یادەوەری لەخۆمدا دەکوژم، هەر لەناو ئەو

سرووشــــته گــــۆڕی ئانــــا لــــێ دەدەم، گۆڕێــــک لەخۆمــــدا و لەنــــاو زاکۆپــــانێ دەینێــــژم، درێــــژە بەژیانی تەنیایی ناو سرووشت دەدەم.

***

شلێر گۆنای دایکی منە، من و دایکم هەردوکمان نازناوی باوکمان هەڵگرتووە، ئەویش بۆ خۆشەویستی دەرهێنەری سینەمایی یەڵماز گۆنای ناوی منی کرد بە یەڵماز، لەدایک و باوکێکی کورد یەکێکیان لەعێراق و ئەویتریان لەتورکیا هاتومەتە دنیاوە، لەئەستەنبۆل هیچ ژنێک ناتوانێت وێنەیەکی درۆزنانەی دراما تورکیەکان نەبێت، دەیانەوێت وێنەی دژ و ناکۆک بەخۆیان ببەخشن، ئەوە تەواو هەراسانی دەکردم، دەمویست ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەم، باوکم ئارەزویەکی زۆری لەوە بوو لەسینەما بخوێنم، بەڵام من کاری دیزاینی گۆڤارو ڕۆژنامەم هەڵبژارد، هەر بەهۆی کارەکەمەوە توانیم سەفەر بۆ ئەڵمانیا بکەم، لەوێ هەستم دەکرد کارکردن ئارامیەکی تیا نیە، وام بەخەیاڵدا هات بڕۆمە پۆڵەندا لەوێ کاربکەم، بەو پێیەی شتی زۆرم لەبارەی ئەوێ خویندبۆوە، توانیم کارێکم دەست بکەوێت، بەڵام کێشەی فێرنەبوونی زمان یەکێک بوو لەگرفتەکان ئەوا زۆری ئازار ئەدام، هەرچەندە هەوڵێکی زۆرم دەدا.

سەرەنجام بیرم لەوە کردەوە پەیوەندی ناسین لەڕێی ئەنتەرنێت دروست بکەم، هەرچەندە من ڕۆژانە کارم لەگەڵ ئەو خانمە بوو کە ئۆفیسی دیزاینەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەو زمانی ڕووسی و پۆڵەندی زۆر باش دەزانی، هەروەها کەمێک ئینگلیزی دەزانی، ئەوە زمانی هاوبەشمان بوو، ئەو بەرنامەیەی بۆ ناسین بوو دامبەزاندبوو نامەم دەنارد، دوای چەند نامەیەک کە دەیانزانی پۆڵەندی نازانم، ئیتر بە شۆخیەوە دەیانووت "خۆ من مامۆستای زمان نیم تا فێرت بکەم"

تا ڕۆژێکیان ژنێک بەناوی کاشا خۆی نامەی نارد، منیش لەڕێی وەرگێرانی گۆگلەوە نامەکانم بە تورکی دەنوسی و وەرمدەگێڕا و بۆم دەنارد، وورده وورده لەو ڕێگەیەوە درێژەم پێدا، ئەو خێرا داوای ژمارەی تەلەفۆنی کردم و ڕاستەوخۆش پێم ووت کە پۆڵەندی نازانم، ئەوە تاکە شتێک بوو بەلایەوە کێشە نەبوو.

مرۆڤ لەنیشتیمانی خۆی بەدەست درۆزنی خەڵکانێک ڕادەکات، بەڵام لە غوربەتدا غەریبێک لەخۆیت نزیک دەکاتەوە، کاشا ئەو ژنەیە لەناو مێشکی مندا بووە، ئەو ڕۆحی پڕ بوو لەبرین، کەچی من ترس لەبرین نەیهێشتبوو برینداری بم، لەناو خەیاڵات و چێژی مۆسیقاوە سەیری ژیانم دەکرد، بۆیە دەمویست چێژی نۆتەی ئەو مۆسیقایانەی بیستبووم بۆ ئەوی بکەم بە نامە و بیانووسمەوە.

مۆسیقا و جوانی دوانەیەکی ناو دەروونن.. ناتوانیت دەستیان بەسەردا بگریت، بەڵکو دەبێت لەناویدا بیت، تا قاچەکانت ببن بە باڵ و لەناو خۆتدا بفڕیت و خەون بکەیتە ڕاستی، لێرەوەیە ئێمە جوان نین و خاوەنی جوانی نین، ئەوە جوانیە دەبێت ئێمە ستایشی بکەین و چێژی لێ ببینین، کێشەی مرۆڤ ئەوەیە هەر هێندەی شیعرێکی نووسی و شانۆگەریەکی پێشکەش کرد خۆی لێ دەبێتە مرۆڤێکی جوان پەرست، ژنێک هەر هێندەی شەهوانیەتی پیاوەکان ستایشی ڕووخساریان کرد، خێرا بیر لەوە دەکاتەوە بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی وڵات بکات.

ئەوە سەرەتای ئەو گفتوگۆیانە بوو کە یەکەمجار ئاوا دەستمان پێی کرد، ئەو دەمەی پرسی "تۆ من بەجوان نابینیت؟" پلانی درۆکردنم بۆی نەبوو، من خۆم لەپلانی درۆزنەکان ڕامدەکرد، تاوێک ڕامام بزانم جوانی ئەو چیە، ئەو ماسیەکی تامەزرۆی جوانیە، دەیەوێت لەدەریای جوانی بێت، نەک خۆی جوانیەک بێت، ئەوە ئەو ڕاستیە بوو، کاتێک پێم ووت، من کاتم هێندە نەبوو بۆ قسەکردن.. مەگەر شەوانە بمتوانیبا نامەی بۆ بنووسم و قسەی لەگەڵدا بکەم.

یەکەمجار کە بڕیار بوو یەکتر ببینین، وەک دوو کەس لەقاوەخانەیەک نەبوو، نا ئەوە ئەو شەوەی یەکشەمەیە بوو کە من لە وارشۆوە چووم بۆ ڕادۆم، تا لەماڵەکەی ئەو یەکتر ببینین و بەیەکەوە سەیری فیلمێکی مۆسیقی پۆڵەندی بکەین، فیلمەکە لەبارەی میوزیکژەن فرەدریک چۆپین بوو، بەناوی "چۆپین ئارەزوویەک بۆ خۆشەویستی"
ئەو فیلمەی ئارەزووم کرد چەندین جاریتر بیبینمەوە، نەک بەهۆی ئەوەی تیایدا یەکتریمان بینی، بەڵکو زیندەگیەک لەو فیلمەدایە هەمان خەیاڵ و مەیلی چۆپین بۆ ژنە نووسەر جۆرج ساند، ڕێک لەمەیل و تامەزرۆیی من و کاشا دەچێت، ئەو کاتەی هەوڵیدا کارێکم لەشارەکەی خۆی بۆ بدۆزێتەوە، ئیدی ژوورێکم لەنزیک ئەو گرت تا گەیشت بەو ئاستەی ئیتر بەیەکەوە بژین، ئێستاش لەگەڵ کاشا و دایکم وباوکم بەنیازین سەردانی کوردستان بکەین.

***

شۆڕش بۆ ژنانی وەک ئێمە درۆیەکە، شۆڕش دەنگی ئێمەی پێویست نییە، بەقەد ئەوەی کاری بە جەستەمانە، تاوەکو پیاوە بەربەریەکانی شۆڕش داگیری بکەن، ئەو ڕۆژەی جەللادەکەم سوتاند، ئەو پیاوەی کردمی بەژن، وامزانی شۆڕش ئەو دنیایە ئاسۆی ڕوون دەبەخشێت کەرامەتم بۆ دەگەڕێنێتەوە، کەچی پیاوەکانی لەشاخەکانەوە هاتن ئەوانیش هەر وایان کرد، تا ئەو ئاستەی نێردرامە بەرەی دوژمنەکانیان تاوەکو لەگەڵ پیاوەکانی دوژمنیان بخەوم و نهێنیەکانیان بدزم.

پێویستە خۆم ناوێک بۆ خۆم بدۆزمەوە، چی لە خانوو و سەیارەو ئاڵتون و پارە بکەم، من خۆم نیم، حزب هیچی بەمن نەبەخشیووە، ئەوە منم جەستە و شەرەفی خۆمم لەپێناوی دانا، ئەوە من بووم زارا لەگەڵ شلێر و سەروین بەهەرسێکمان لەسەر ڕەحلەیەکی قوتابخانە دادەنیشتین، بیرمان دەکردەوە کە گەورەش بووین هەر ئاوا سێ برا ئەدۆزینەوەو شوویان پێ ئەکەین، کەچی ئەو ڕۆژەی بۆنی میوەکان لەفرۆکەکانەوە دەهات، شلێر بەبۆنی سێو کەوت ویەک لەسێ براکەی بێ ژن کرد، ئەو ڕۆژە ووتیان سەروین کە لەگەڵ باوکی دەگەڕێتەوە شار لەبازگەیەکی سەربازەکان دەستگیر کراوەو خەلکانێک ئەویان لەناو زیلە سەربازیەکان بینیووە، وتم ئەوە برای دووەمیش بێ ژن مایەوە لەو سێ برایەی دەمانویست و خەیاڵمان دەکرد شوویان پێ دەکەین، تاقە براکە نەهات، کە شۆڕش هاتە ناو شار ووتم تاقە برا شۆڕشگێڕەو دەبێتە مێردم، دوو کچم لێی دەبێت ناویان دەنێم شلێر و سەروین، نا ئەو دایکەی ئەو سێ برایەی بۆ ئێمە دەهێنا دنیا هەر خۆی نەزۆک بوو، هیچ کەسێک نەدەهات.. دەزانم سەروین سالآنێکی زۆرە خراوەتە ژێر خاک و ئێسقانیشی نەماوە، ڕەنگە وەک ئەوانیتر ڕۆژێک کراسە شینەکەی کە لەبازار پێیان دەووت ڕیشی خومەینی، ئەو کراسە لەگەڵ پارچە ئێسقانێک بدۆزنەوە، ئەوە ئێسقانی سەرە پڕ خەونەکەیەتی، لەسەر قوماشە شینەکە دانراوە کە ئێستا بۆتە پارچە قوماشێکی قاوەیی چڵکن، لەو ئێسقانەی سەری وورد دەبمەوە، دەکەوێتە قسە هەر وەک سەرەتای ڕۆژانی مەکتەب، گوێم لەدەنگی دەبێت و حەپەساوانە سەیری دەکەم.

زارا لەمێژە لەژێر خاکدام.. ئەرێ ئەو سێ سەگبابە هەر نەهاتنە خوازبێنیمان؟ دەترسم دایکە مەیمونەکەیان هێشتا شووی نەکردبێت، ئێمەش هەر چاوەڕێی ئەوان بین، ئەرێ زارا تۆ بێیتە لای من باشتر نییە، هەوڵ دەدەین شلێرە ئۆین بازیش بدۆزینەوە.. بەهەر سێکمان لەژێر خاک تێر قسە دەکەین وەک جاران پێدەکەنین و خەیاڵ دەکەین.

وا دەکەین سەروین گیان، ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو دەبە نەوتەم ئامادە کردووە، وا لەماڵەکەم خۆمی پێ دەشۆم و چەرخەکە نزیک دەکەمەوە لەقژم، تا تەواو نەسووتێم و نەبمە خەڵوز و ماڵ نەکەم بە دۆزەخ دانانیشم، ئەوسا دێمە لای تۆ و بەدوای شلێر دەگەڕێین تا وەک جاران پێکەوە بین و چاوەڕێی هیچ پیاوێکیش ناکەین، دەزانم ئەو کات شلێر لەبەزمی خۆی ناکەوێت، دەڵێت پیاوتان بۆ چیە هەردووکتان دەخوازم و سێ قۆڵی لەو گۆڕستانە بە ئارامی ژیان دەبەینە سەر.

***

ئەو ڕۆژەی ئەو دوو پیاوە پیرە دەستگیر کران، ڕۆژێک بوو تێدەگەیشتن هیچ شتێک لەشوێنی خۆیدا نەماوە، ئەوان دەڕۆیشتن تا مناڵەکانیان بێننەوە، وەک چۆن هەر یەک لەپیاوەکان بەشێوەی جیاواز هەر یەکەو کچێکی لەدەستدابوو، زارا و شلێر وسەروین خوشکی ئەو سێ برایە بوون کە باوکەکان بەدوایان دەگەڕان، یەکێکیان گەیشتە لای کوڕەکان و مرد، ئەوانیتر لەڕێگەی گەڕان بەتۆمەتی سیخوری و کوشتن دەستگیر کران، ئەوە لەچاوەڕوانی کەسدا نەبوو کە دوو پیاو بەو تەمەنە بڕیارێکی سەختیان بەسەردا بدرێت، شلێر ویەڵماز و کاشا و گۆنای تازە گەیشتبوونە ئوتێل ئەو دەمەی لەتەلەفزیۆنی ریستۆرانتەکە هەواڵی لەسێدارەدانی دوو پیاوی پیریان بیست، هەواڵێکی هێندە گرنگ نەبوو، کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی پەیامنێرەکەی تەلەفزیۆن ئیدی دایکی یەڵماز کەوچک بەدەستی ووشک بوو تەنیا ووتی "باوکم"

ئەو زانی باوکی لەسێدارە دەدرێت، بەڵام نەیزانی لەو دوو پیاوە پیرەی سەریان سفرکرابوو، کامیان باوکی بوو، وەک چۆن تێگەیشت براکەی و منالەکانیتر لەژیاندا ماون.

کاشا لەهیچ شتێک تێنەدەگەیشت، بۆ یەڵماز چیرۆکەکەی جارێک لەدەمی دایکیەوە بیستبوو، بەڵام گۆنای سەرلەبەری ڕووداوەکە تێدەگەیشت، پەرداخێک ئاوی دا بە هاوسەرەکەی، شلێر هێشتا ئاوەکەی بەتەواوی نەخواردبۆوە دڵی وەستا، هەموو بەدەوری کۆبوونەوە، بەڵام چاوەڕوانیەک کە ساڵەهای ساڵی خایاند، سەرەنجام بەر لەمەرگی باوکی ئەو مرد، بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لەشریتی نووسراوی هەوالەکانی کەناڵەکان بە پەلەیەک بڵاو کرابۆوە، تیایدا نووسرابوو "بەپەلە: ئەکتەری تورک شلێر گۆنای باوکی یەکێک لەکچە تاوانبارەکانە دوای بیستنی هەواڵەکە گیانی سپارد"

سێ هاوڕێکەی چێشتخانەکەی تاران هەمیشە تەلەفزیۆن بۆ ئەوان سەرچاوەی هەواڵی شوومە، هێشتا چەند کاژێرێک بەسەر بڕیاری لەسێدارەدانی دوو باوکەکەیان تێنەپەڕیبوو، هەواڵی مەرگی یەکێک لەخوشکەکانیان بیست، دڵنیابوون هێشتا رۆژگارێک ماوە کە هەواڵی مەرگی دوو خوشکەکەی تریشیان دەبیستن.

***

من خوداداد خەڵکی شاری سنەم، ئەو ڕۆژانەی کە گاز لەخەڵکی ئەودیوی دابوو، ئەو کات لەنەخۆشخانەیەکی تاران کاری وەرگێڕیم دەست کەوتبوو لەگەڵ تیمە ئینگلیزەکان، بەو پێیەی دەرچووی زانکۆ بووم و زمانی ئینگلیزیم باش ئەزانی، بۆیە لەو نەخۆشخانەیە لەگەڵ تیمە ڕۆژنامەوانیەکان کارم دەکرد.

سەرەتا لەگەڵ کەناڵێکی عەرەبی کارم دەکرد و دواتر لەگەڵ کەناڵێکی تورکی کارم دەست کەوت، خەڵکێکی زۆر داماو لەو شوێنەدا هەبوو، بیرمە کچێکی سەرگەردان بەدوای خانەوادەکەی دەگەڕا، وابزانم بەهۆی ئەوەی خوێندەواری هەبوو، بۆیە کرابووە ژوورەوە تا ناوەکانیان لەسەر کاغەز تۆمار بکات، لەپاڵ ئەو کارە بەنیگای گەڕان و ناسینەوە بەناو سووتاوەکان تێدەپەڕی، دەیویست کەسێکی خۆی هاوڕێیەکی برایەک ناسیاوێک بدۆزێتەوە.

مرۆڤ لەو شوێنە دەرفەتی نەبوو بیر لەهیچ شتێک بکاتەوە، لاشەی سووتاو برینی سەر جەستە، تاکە وێنەیەکی نەخۆشخانە بوو، کەچی خەڵکانێک هەیە لەم دنیایە ناتوانێت واز لەمەیلی دڵ و عاشق بوونی خۆیان بێنن، دەرهێنەرێکی تەلەفزیۆنی کەناڵێکی تورکی عاشقی ئەو کچە کوردە سەرگەردانە بوو، دەبوو نامە زارەکیەکانیان بۆ بکەم بە ئینگلیزی و کوردی، تاکە هۆکارێک کە ئەو کارەی بەمن کرد، دەمزانی ئەو کچە لەدووی سۆراغی خانەوادەیی شێت دەبێت، ووتم بۆ ئەویش ئەوە شتێکی باشە هەر نەبێت لەم ژیانە ڕزگاری دەبێت.

ئەو کچە چاو شینە کوردە نازانم ئێستا لەکوێیە و چی بەسەر هات، هێندە نەبێت دەزانم بۆتە ژنی پیاوێکی تورک، لێرە بۆ خۆی دەرچوو، ئەو دەرهێنەرە تورکە هەوڵیدا نووسراوی تەلەفزیۆنی بۆ بکات، ئاگام لێ بوو ماوەیەکی پێ چوو تا نامەی تایبەتی و ناسنامەیەکیان بۆ دروست کرد تا لەگەڵ تیمەکەیان بتوانێت بڕواتە تورکیا.

***

ئەو ڕۆژگـــارە هێشـــتا شـــلێر نەمردبـــوو، گۆنـــای وەک پیـــاوێکی تەنیـــا نەدەژیـــا، بەڵام ئێســـتا هەمـــوو ئەو شـــتانە ڕوویانـــداوە، کاشـــا ویەڵمـــاز بـــۆ مـــاوەیەک تووشـــی ڕاچڵەکینێکـــی ســـەیر دەبـــن، کاتێـــک گۆنـــای لەگەڕانەوە بـــۆ تورکیـــا لەمـــاڵەکەی خـــۆی تەواوی چیرۆکـــی ژیـــانی شـــلێری بـــۆ گێـــڕانەوە، کاشـــا هەســـتی بەمردنێکـــی ســـەیر دەکـــرد، دەیزانـــی یەڵمـــاز نەبـــوایە ئەویـــش لەپـــڕ ئـــاوا دڵـــی دەوەســـتا، دوای چەنـــد ڕۆژێـــک گەڕانەوە پۆڵەنـــدا و ژیانیـــان چـــۆوە ســـەر ڕیتمـــی ئاســـایی خـــۆی، بەڵام ئەو مـــردنە وایکـــرد زیـــاتر هـــۆگری یەکتـــری بـــبن، نەبـــادا ڕۆژێک یەکێکیان بمرێت، بۆیە هەستیان بە گرنگی و نرخی یەکتری دەکرد.

لەگەڕانەوە هەمووشـــتێک تێکچـــوو بـــوو، شـــلێریان بەو خـــاکە ســـپارد کە تیـــای هـــاتبووە دنیـــا، بـــۆ یەکجـــاری ماڵئاواییـــان لێـــی کـــرد، بـــۆیە ئەو بەڵێـــنەی بە دانیـــال و هاوســـەرەکەیان دابـــوو لەگەڕانەوە ســـەردانیان بـــکەن، بەجێیـــان نەگەیانـــد، ســـەردانی چـــی بـــکەن، خـــۆ ئەوان شـــلێریان لەگەڵ نەبـــوو، بەدڵنیـــاییەوە ئێســـتا ســـەروین کە دانیـــال لەنـــاو خەڵـــک بەژنە قەرەج ناســـاندوویەتی، لەتەلەفزیـــۆن هەواڵـــی مەرگـــی دەستەخوشـــکی ســـەردەمی منـــاڵی بیستووە.

پێـــدەچێت هاوســـەرەکەی ڕاســـت بکـــات ئەو لە ئەزەلـــدا قەرەج بوو بێـــت، نەک خـــانەوادە تەنـــانەت ژیـــان نەیگەیانـــدەوە بە شـــەوێک لەگەڵ هـــاوڕێی تەمەن و منـــاڵی، ئەو ڕۆژەی ئەوان خۆیـــان کـــرد بەقاوەخـــانەکەی دانیـــال، وەک هەر کەســـێک چـــوونە ئەوێ، لەپـــڕ ســـەروین کە هـــاتبوو بـــازاڕی بکـــات و ســـەرێکیدا لەهاوســـەرەکەی، ئەو دەمەی ئەو چـــوار کەســـە خەریکـــی خـــواردنی قـــاوەی قەزوان بـــوون، لەپـــڕ بـــۆ تاوێـــک شـــلێر ســـەرنجی چـــووە سەر ژنەکەی دانیال و لەپڕ بەهەموو دەنگیەوە ووتی "ووی سەروینە حەیوان"

ئەویـــش لەبەردەم چـــوار غەریـــبەکە حەپەســـاو بـــێ ئاگـــا لەمێـــرد، بەپەلە خـــۆی خســـتە باوەشـــی شـــلێر و دەســـتی کـــرد بەگریـــان، وەک ئەو شـــەوەی لەقەفەســـەوە بردیـــانە ژوورێک، دەستی کرد بە گریان و گێڕانەوەی مناڵی.

ئـاوا وتـت یـان سـێ بـرا ئەدۆزمەوە بـۆ هەرسـێکمان یـان خـۆم هەردووکتـان دێـنم، شـل شـل بـــاوانم واااى شـــەوەهای شـــەو بیـــرم کردوویـــت، ئەوە چ خـــودایەک تـــۆی وەک پێغەمبەرێک بۆ من ناردەوە.

خەڵکـــی کەم کەمە لەقاوەخـــانەکە کـــۆ دەبـــوونەوە، هەنـــدێکیان بە چیرۆکێکیـــان دەزانـــی، بەتـــایبەت دانیـــاڵ لای هـــاوڕێ نوێکـــانی باســـی لەچیرۆکـــی عاشـــقبونی کـــردووە کە چـــۆن کـــچە قەرەجێـــک دڵـــی بـــردووە و کـــردوویەتیە هاوســـەری خـــۆی، ئێســـتا دەبیـــنن چیرۆکـــی عاشـــق بـــوونی دانیـــال بە ژنە قەرەجە قاجـــاریەکە درۆ دەرچـــوو، چـــونکە ئەوەتە قاجـــاری نەبـــوو کـــورد دەرچـــوو، دانیـــال نەیـــدەزانی چـــی بکـــات هەســـتی بەشـــەرمەزاری دەکـــرد، وەک چـــۆن ئێســـتا بەنەگەرانەوەی شـــلێر، ســـەروین چرایەکـــی تـــاریکی لەمـــاڵەکەی داگیرســـاندووە، ئەوان کە ڕۆیشـــتن بەڵێنـــی گەڕانەوەیانـــدا، گەڕانەوەیەک کە زۆر شـــت چاکبکەنەوە، بەڵام مردن شتەکانی خراپتر کرد.

تـــا ئەو ڕۆژەی ســـەروین ســـکی بـــوو کاتێـــک ســـکەکەی بـــوو دوانەیەک بـــوو، بـــوونە خـــاوەنی دوو کـــچ، کچەکانیـــان نـــاو نـــا شـــلێر و زارا، ئیـــدی بەو جـــۆرە شـــلێر و زارا ئەو دوو مناڵە بوون ڕوناکیان گەڕاندەوە بۆ ماڵەکەیان.

***

شەهرەزاد هەست دەکات ئەو چیرۆکە کۆتاییەکەی کاریگەری بەسەر شەهرەیار جێهێشتووە، دەیەوێت وەک شەوان کۆتایی پێ بێنێت، بۆ سبەی شەو، بەڵام شەهرەیار کە تامەزرۆی چیرۆکی شلێر وزارای کچی سەروینە، دەڵێت "شەهرەزاد دەمەوێت بزانم ئەو کچانە بەکوێ دەگەن"

بەدەم ئەو قسانەوە شەهرەزاد هەست دەکات، شەهرەیار خەریکە خەوی لێ دەکەوێت، ئەوە وا دەکات پلانێک بەفکریدا بێت، دەیەوێت ڕێیەکی تر تاقی بکاتەوە بۆ گێڕانەوە، بۆ ئەوەی لەو گەمە زمانەوانیە کات بکوژێت، بۆ یەکەمجارە هەست دەکات شەهرەیار خەریکە خەو دەیباتەوە، ئەو هیچ کاتێک لەبەردەم حیکایەتدا هەستی بەخەو نەکردووە، شەهرەزاد لەسەر گەمەی گێڕانەوە بەردەوام دەبێت، لەپڕ ئاماژەیەک بۆ چیرۆکەکە دەکات و باسی زەمینەی ئەو ڕۆژگارە دەکات، تا دڵنیا دەبێت خەوی لێکەوتووە، بۆ تاوێکیتریش درێژە بە چیرۆکەکە دەدات.

شەهرەیار دەچێتە خەوێکی قووڵەوە، حیکایەت گێڕەرەوەکە تێدەگات ئەوە گەیشتنە بەمەبەستی یاریەک بۆ ڕزگاربوون لەمەرگ، لەبری ئەوەی کۆتاییەکەی چارەنووسی بەدەستی جەللاد تەواو بێت، دەزانێت دەبێت هەموان ئاگادار بکاتەوە، کە پێویستە بێدەنگ بن، چونکە شەهرەیار خەوتووە و پێویستە کەس بێزاری نەکات، داوای کردووە ئەو ناوە جێ بێڵن.

کاتێک ڕێگای کۆشک بۆ شەهرەزاد چۆل دەبێت، چۆن شلێر ڕۆژێک لەناو مردووەکان هەلسایەوەو ڕۆیشت و ئاوڕی لەدواوە نەدایەوە، شەهرەزاد بەبیانووی حیکایەت تەواو کردن بەسەر سەری شەهرەیار وەستاوە و دوا دێری ئەو حیکایەتە دەگێڕێتەوە: شلێر ئاسا لەشوێنی خۆم هەڵدەستمەوە، تا ئەو دیوی کۆشک ئاوڕ نادەمەوە، دڵنیاشم گەورەم تا تیشکی خۆر نەگاتە ژوورەکەت خەبەرت نابێتەوە، منیش دەبێت بڕۆم تا ئەو حیکایەتە تەواو بێت، بەبێ ئەوەی کۆتاییەکەی مەرگی من بێت، بەڵکو خەوی قوڵی تۆ بێت.

# کتێبی وەرزەکانی ڤیڤاڵدی

# وەرزی زستان

ئێستا یەکەم ڕۆژەکانی زستان لەگۆڕینی وەرزەوە هەست پێناکەم، بەڵکو لەمۆسیقای ڤیڤاڵدیەوە تێدەگەم، ئەوە هاتنی وەرزێکی نوێیە، وەرزێک تێپەڕی.. ئیدی من پایزم خۆش ناوێت.. پایز خەزانی گەڵا نەبوو، وەرینی عیشقی دڵی من بوو، ئەوە هەڵوەرینی ئازیز بوو لەچاوی من.

ڤیڤاڵدی ئەوەم پێنیشان دەدات.. کە هاتنی زستان مەترسی ڕووبەرووی باڵندەکان دەکاتەوە، بۆیە خێرا بە کۆمەڵ بەئاسمان دەفڕن تا بگەنە حەشارگە، هێلانەکانیان و خۆیان لەژێر پووش بشارنەوە تا هاتنەوەی بەهار، باڵندەی نەخۆش و سیسی وەکو سارا دەیانەوێت لەناو پایز بمێننەوەو نەڕۆن، بەڵام بارانەکە بۆ ئەوان وەک شێرپەنجە وایە.

بۆیە ڕۆیشتن لەپایز وەک مەرگی خۆی دەبینێت، لەوانەیە نەگاتە هێلانەی ژێر درەختە چڕەکەی دارستان، بەو بارانەوە گیانی بسپێرێت، بکەوێتە خوارەوە بۆسەر گۆڕێک کە گۆڕی هاوسەرەکەمە.. لەوێ ئەو لەژێر کفنە هێشتا زەرد نەبووەکەی دەستەکانی دێنێتە دەرەوە، باڵندەکە هەڵدەگرێتەوە ودەیخاتە ژێر کفنەکەی، هیچ ناڵێت وەک ئەوەی کفنە سپیەکە هێلانەی خۆی و ئەو باڵندە مردووە بێت، کە زستانیش بێت ئەوان لەژێر خاک هەڵنەستنەوە.

ئەو وەرزە تیپەڕینی ڕەنگی ئاسمان.. گریانی هەورەکان بوو، تەواوی وەرزێکم لەسەر گۆڕستان بردە سەر، لە کازێوە دەهاتم و دەمەو غروبی ئێوارە ئەوێم جێدەهێشت.. هەمیشە هەندێک خواردنم دوای خۆم جێدەهێشت، بە سارام دەووت خۆ سەرمات نابێت شەو.. ئەگەر برسیت بوو خۆت و باڵندەکەت وەرنە دەرەوە.. خواردنم بۆتان داناوە، سبەینێ دەگەڕامەوە ئەوێ باڵندەکان لەسەر خواردنەکەی ئێوارە هەڵدەفڕین.

هەڵفڕینێک دەمزانی باڵندە مردووەکەش لەگەڵ پۆلە باڵندەکە هەڵفڕیووە، ساراش لەگەڵ ئەوان بۆتە باڵندە، تا چاو بڕبکات دیار نەدەمان.. لەدوای بارانی شەو کە خۆر لەپشت هەورەکانەوە بوو.. زەوی تەڕ بوو ئاسمان پەڵکە زێرینە بوو، سارا و باڵندەکان تا چاو بڕ بکات هەڵدەفڕین، لەناو پەڵکە زێرینەکان دەبوونە ڕەنگ، ئیدی لەبەر چاوی من دیار نەدەمان.

لەو بەیانیەوە تێگەیشتم، ئیدی سارا لەناو گۆڕەکە نەماوە، لەگەڵ باڵندەکان سەفەری کردووە، بۆیە چیتر نەهاتم بۆ سەر گۆڕەکەی، گۆڕی ئەوم لەناو دڵی خۆم دانا، ئێستا ئەوم لەناو دڵی خۆم ناشتووە، ڕۆحیشی وا لەناو پەلکە زێرینەکاندایە.

من کە ئێستا دواهەمین ڕۆژەکانی سەفەرم تەواو دەکەم، دەستنووسی یەکەم ڕۆمانم لەگەڵ خۆم دەبەمەوە نیشتیمان، تۆی خوێنەر وەک یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی من دەیخوێنیتەوە، دڵنیام ئێستا دەزانیت بۆ دەبوو من ڕۆمان بنووسم، ئەو چیرۆکەی ڤیڤاڵدی پێی نووسیمەوە، بەتەنیا گێڕانەوەی ژیانی عەشقێک نەبوو.. هێندەی بیرکردنەوەیە لە فێربوونی ئامێری کەمان، تاوەکو بە کەمانەکەی سارا.. ئەو کۆنسێرتەی نەیتوانی سازی بکات، داهاتەکەی بدات بەتووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە من کارەکەی ئەو تەواو بکەم.

ئەوە تاکە شتێکە من لەترانزێت بۆ کاتی سەرکەوتنەوە ناو فڕۆکە بیری لێ دەکەمەوە، بەڵام من ئاشنای باخ و شتراوس نیم، وەک ئەوەی باڵندەی ناو پەلکە زێڕینەکان لە کۆنسێرتەکە دەیویست.

ئێستا تەواو ئاشنای ڤیڤاڵدیم، دەمەوێت بچمە خولی مۆسیقا، هەر هێندەی فێری بووم، کۆنسێرتەکە ساز دەکەم، ناوی کۆنسێرتەکەشم دەنێم "ئێوارەیەک ڤیڤاڵدی سارا دەگەڕێنێتەوە ناو ژیان"

# کارینا یەکەم کتێبی خۆی دەنووسێت

ئەگەر نووسین بۆ ئێمە مانایەکی هەبێت، ئەویش تێگەیشتن بێت لەوانەی هەستی پێدەکەین، سەرەنجام چێژی نووسەر بوون بێت. ئەوا بۆ کارینا نووسین تەواو جیاوازە، ئەو بەدوای حیکاتە تەواو نەکراوەکانی شەهرەزاد و وەرزەکانی ڤیڤالدی، هەستێکی لەلا دروست بوو، مرۆڤ بەبێ نووسین ناتوانێت بمێنێتەوە، ئەو لەو نووسەرە دەگمەنانە نەبوو کە نووسین ناو بەرێت بە هەوڵێک بۆ دوورکەوتنەوە لەخۆکوشتن، بەڵکو نووسین بۆ خۆی دەبووە هەوڵێک بۆ نەمریی، نەمریی کارینا چی بوو؟

ئەو پرسیارەی بەقەڵەم ماجیکێکی سوور لەکارتۆنێکی سپی نوسی بوو. وەک تابلۆیەک لەچوارچێوەیەکی گرتبوو. بەدیواری ژوورەکەی هەڵیواسی بوو، تا سەرەنجام بەیانیەک لەخەو هەڵدەستێت و تابلۆکە لەدیوارەکە دەکاتەوە، دەیخاتە سەر مێزی ژوورەکەی، تێدەگات باوکی بۆچی کتێبی وەرزەکانی ڤیڤالدی بۆ جێهێشتووە؟ ئەوە پرسیارێک بوو، وەک ئەوەی لەو بەیانیەدا نهێنیەکی تری خەیاڵ بەرەو ڕووی بکاتەوە.

شتێک نەماوە بۆ خوێندنەوە، کتێبێک نەماوە سەری بەسەردا بگرێت، ئەوەی هەیە دەبێت خۆی بینووسێت، ئەوەش پێویستی بەنووسینی کتێبێک هەبوو، وەک کتێبەکەی شەهرەزاد و وەرزەکانی ڤیڤالدی ببێت بە سێیەمین کتێبی بنەماڵەی خەیاڵ، کتێبێک کە وەک سیانەی نەوەی خەیاڵ ببینرێت، ڕەنگە دەرگایەک بکاتەوە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن لەجوانیناسی و خوڵقاندنی پەیوەندیەک بێت لەنێوان خەیاڵ و جوانی.

ئەوانە بۆ تاوێک نووسەری ئەو کتێبە نوێیەمان ڕادەگرێت، بیر لەو بابەتە دەکاتەوە کە دەیەوێت بینووسێت، کتێبێک خەیاڵ نەبوو نزیک بوو لەو چیرۆکانەی ڕۆژانە ڕوویان دەدا، بەڵام دەیویست ئەوانە بنووسێت کە هەرگیز لەناو ڕووداوەکان ڕوویان نەدابوو، دڵنیاش بوو خوێنەرانێک هەن وەک شێتی سەیری بکەن، بەڵام بۆ کارینا ئەوە نەریتێکی ئەو خەڵکەیە لەکوێ نەیانتوانی لەخەیاڵ تێبگەن، تۆمەتی شێتی بڵاو دەکەنەوە.

بۆیە کتێبێک دەنووسێت، کە باس لەپەیوەندی نێوان مەرگ و نووسین بکات، کتێبێک هەموو دەیانەوێت خۆیانی لەئاست کوێر بکەن، چونکە هەڵگری نهێنی تایبەتە، وەک چۆن دەیزانی بەئاسانی ئەو کتێبە چاپ ناکرێت، دەزگاکانی چاپ بەتۆمەتی نۆرەی چاپ یاخود ئەو جۆرە کتێبانە چاپ ناکەن خۆیانی لێ دەدزنەوە، بەڵام دەیزانی ڕۆژگارێک دێت لەپاڵ هەردوو کتێبەکەیتر لەبەرگێکی ناوازەدا وەک کتێبی خەیاڵ چاپ دەکرێن و نەوەکان وەک ئینجیلی جوانیناسی دەیخەنە کتێبخانەکانیانەوە.

هەندێک کاتیش نائومێدانە دەوەستایەوە و بەناو ژوورەکەدا تێدەپەڕی لەبەر خۆیەوە دەیووت "ڕەنگە ئیماندارێکی تووڕە ڕۆژێک کتێبی خەیاڵ وەک کوفر ببینێت و هەرسێ کتێبەکە بسووتێنێت، بەڵام نازانم بۆ هەستێک لەدڵمدا پێم دەڵێت هەرسێ کتێبەکە لەبەرگێک بەناوی کتێبی خەیاڵ چاپ دەکرێت" بەدەم ئەو بیرۆکەیەوە کەوتە نووسینی یەکەمین ودواهەمین کتێبی خۆی، کە ناوینابوو "دەستنووسی کتێبێک"

دەستنووسی کتێبێک

نووسینی: کارینا

# دەستپێکێک بۆ دەستنووسی ئەو کتێبە

زۆر پێش ئەو ئێوارانەی سێ کراسی ڕەش بپۆشرێت بە سێ ژن کە هەر یەکەی کوڕێکی دەکوژرێت، سێ ژن لە سێ ئێوارەی تاریکی سێ شاری ئێمە بوون بە جەرگ سووتاو، لەو ڕۆژگارە هێشتا کارۆخ و ڕێبوار و ئاراس بەدەستی حزبە کوردییەکان نەکوژرابوون، ئەوان دواهەمین گەنجی ئەو وڵاتە نین کە دەکوژرێن، بەڵکو درێژەی چیرۆکی کوشتنی ناو دەستنووسەکانن.

بەعسییەکان ساڵەهای ساڵ دەستکاری ئەو دەستنووسانەیان نەکرد، وەک دەستنووسی فەقێکان و کاری فێرکاری ئەو مزگەوتە ناویان دەبرد، کاتێک ئەمەریکییەکان بەعس دەڕووخێنن، بۆ کەرکووکییەکان ژیانێکی نوێ دێتە دی، باوەش بۆ ئەو چەکدارانەی شۆڕش دەکەنەوە کە ساڵەهای ساڵ، خەون بە گەڕانەوەیان بینراوە، شادییەک ئەو شارە دادەگرێت وا مەزەند دەکرێت ئیدی کەس ناتوانێت ستەم لە دانیشتوانەکەی بکات. شارێک ئاوا لە شۆڕش دەڕوانێت و ڕۆژ بە ڕۆژ بەنهێنی بەشێکی شارەکە دەدزن و دەیفرۆشن، لەولایشەوە شادییەک بڵاو دەکەنەوە، گوایە شارەکە نۆژەن دەکەنەوە، ئێمە لە خەوی غەفڵەتی ئازادی نووقم بووین، لەپڕ کە بەئاگا هاتینەوە هیچمان بۆ نەمابووەوە، جگە لە بەشێکی کەمی دەستنووسەکان کە تەڕ بوون، یاخۆ بەهۆی شێی باران و درزی دیوارەکانەوە وەک دەستنووسی نەخوێنراوە ماونەتەوە. من ئەو دەستنووسە دەخەمە ناو پاشماوەی ئەو دەستنووسانە بۆ ئەوەی لە ڕۆژگار و زەمانێکی تردا بتوانرێت تالانکردنی شارەکەمان بخوێنرێتەوە، کە چۆن شەقامێکمان بۆ قیرتاو دەکەن و چوار گڵۆپ بەسەر دارتێلی کارەباوە شۆڕ دەکەنەوە، لەولایشەوە هەموو ڕابردوومان بۆ خۆیان دەدزن و دەیفرۆشنە دوژمنان، ئەوەی تورکەکان ناتوانن بێنە ناویەوە و بیبەن، ئەوا پیاوانی شۆڕش دێن و بە ویستی خۆیان دەیدزن و هەرزانفرۆشی دەکەن.

دڵنیام سەرلەبەری ئەو دەستنووسە دەپشکنی بەدوای ڕەمزێکدا دەگەڕێی کە ئاماژە بێت بۆ ناوی من، وەک نووسەری ئەو دەستنووسە، بەڵام من وەک تۆ بیر ناکەمەوە، کێشەی ناوم نییە، ئەوەی بۆم گرنگە ئەوەیە فەقێیەکم لە مزگەوتی شێخ عەبدولباقی، لە سەرمە دەستنووسەکە بخەمە سەر ڕەفەی ژێرزەمینی مزگەوت، ئەو ڕەفەیەی نزیکەی بیست دەستنووسی تری لێیە و ڕۆژگارێک ڕەفەکانی ئێرە سەدان دەستنووسی تێدا بوو، مێژووەکەیان دەگەڕایەوە بۆ ساڵی «١٣٠٣»ی کۆچی، ڕێک واتە ١٣٦ ساڵ پێش ئیستە.

ئەوان کە هاتن دەستیان بە دزینی دەستنووسەکان کرد، هاوینی ۲۰۰۳ بوو، کەس سەیری ئەو تابلۆیەی نەدەکرد کە لە خوار ناوی شێخ نووسرابوو ساڵی ۱۸۸۲ی زاینی دروست کراوە، بەڵام مێژوو بۆ ئەوان چییە؟ ئەوە هەرگیز پرسیار نییە هیچ کەسێکمان لەوانی بکەین، بۆ ئەوان مێژووفرۆشتن بە واتای بەهێزکردنی پێوەندیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دوژمنە سەرسەختەکەمان دێ.

ئەو دەستنووسە کە بڕوام وایە وەک شاهیدی مێژووییەکی نوێ بۆ داهاتوو بەجێی بێڵین، وێنەیەکی ڕوونی چەند لاپەڕەیەکی نووسراوە کە چەندان لاپەڕەی نەنووسراو بەجێماون، بەدووری نازانم هەفتەی داهاتوو دەستێکی تر دەستنووسێکی تریش بخاتە سەر هەمان ڕەفە، لە لاپەرەی یەکەمی لێی نووسیبێت «لە ئۆکتۆبەردا کوژرام» ڕەنگە ئێمە نەزانین چ کارەسات و ماڵوێرانییەک لە ساڵانی دواتر چاوەڕێمان دەکات، بەڵام کە لەو سێ ساڵەی دوایی دەڕوانین، ئەو تاڵانکارییە دەبینین، من دڵنیام زۆر شتی ترسناکتر چاوەڕێی ئەم شارە دەکات، وەک ڕووداوەکانی دەستکاری گۆڕی پێغەمبەرانی قەڵا کە لەم دەستنووسەدا باسم کردووە.

# نۆژەنکردنەوەی مزگەوت

دوو پیاو وا خۆیان گۆڕیبوو لەوە دەچوو ڕۆژی زاوایەتی هەردووکیان بێت، دوو هاوڕێی منداڵی یەکتری بن، بڕیاریان دابێت حەز لە دوو خوشک بکەن و لەیەک ڕۆژدا زەماوەند بگێڕن، لە خانوویەکی دوو نهۆمی پێکەوە بژین، هەموو ژیانیان نەزانن دووری لە یەکتری چییە، منداڵەکانیشیان وەک خۆیان ببن بە هاوڕێ و دۆستی یەکتر.

لوتفی زۆریان دەنواند لەگەڵ یەکتر کاتێک لە ماشێنە گرانبەهاکەیان دابەزین، هاتنە ناو مزگەوت، هەواڵی مامۆستا و خەتیبی مزگەوتەکەیان پرسی، تاوێک چاوەڕێیان کرد، تا شێخ گەیشتە لایان، ئەوان لەوە دەچوو پەیامی زۆر نهێنیان پێ بێت، بەڵام هیچمان لەو قسانە نەبیست، خۆیان کرد بە ژووره بچکۆلەکەی شێخ و لەوێ قسەیان لەگەڵ یەکتری کرد.

هەفتەیەک تێپەڕی ئێمە نەمانزانی ئەو پیاوانە بۆ هاتنە حەوشی مزگەوت، کەی و چۆن لە حەوشی مزگەوت چوونە دەرەوە، بەڵام کاتێک بانگی عەسر بوو.. شێخ نە پێشنوێژی بۆ ئێمە کرد.. نە لە ڕیزی ئێمەدا بوو، بەڵام لە نوێژی مەغریب بە مەلا سیراجەدینی گوت پێشنوێژی بکات، خۆی زۆر هێمن دەردەکەوت، لە یەک کاتدا کەیفساز و خەمبار دەبینرا، سەخت بوو بزانین ئەوە چ هەستێکە، هەفتەیەک زیاتر بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی و ڕۆژێک لە حوجرەی خوێندن، ئێمە سێ فەقێ بووین دوای خوێندنی ڕێزمان و هێبەر تا و جای پیتەکان، شێخ باسی ئەو ڕۆژەی بۆ کردین کە دوو پیاوەکە هاتنە مزگەوت و مەرام و پلانیان چیی بووە.

ئەو ڕۆژە بەشێکتان ئەو دوو پیاوەتان بینی کە خۆیان بە مزگەوتدا کرد، ئەوانە مەکتەب سیاسی حزب بوون، دەیانەوێت دەستی هاوکاری بۆ ئێمە درێژ بکەن، شێخ دوای ئەو قسەیە لەوە دەچوو بیەوێت قسەی زۆرمان بۆ بکات، بەڵام هەوڵی دەدا بۆ ڕەوایەتیدان بەوەی ڕوو دەدات، باسی پێویستی نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و ژێرزەمینەکە بکات، بۆیە سەرلەنوێ درێژەی بە قسەکانی دا.

دواهەمین جار کە ئەم مزگەوتە نۆژەن کرابێتەوە، ئەو کاتە بوو من گەنجێکی هاوتەمەنی ئێوە بووم، ئەو کاتەی شێخ عەبدولجەباری شێخ مستەفا خوا لێی ڕازی بێت، هەڵسا بە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە، ئەوە ئەوکاتە بوو بیرمە ساڵی ١٩٧٦ بوو، ئێستە کە ئێمە لە ٢٠٠٣دا دەژین، ٢٧ ساڵی ڕێکە ئێرە هەر وەک خۆیەتی.

ئەو قسانە مایەی دڵخۆشی بوون، بەڵام شێخ خەمێکیتری هەبوو، ئەو هەستی سەرکەوتنەی وەک دەستکەوت دەیبینی، لێرەوە لە تۆنی دەنگی هەستت دەکرد شکستێک هەیە و ئەو باسی دەکات.

ئەوان هەموو شتێک لەسەر ئەرکی خۆیان چاک دەکەنەوە، بەشێوەیەک کارەکە ئەنجام دەدەن وەک ئەوەی تازە دروست کرابێت، بەڵام تاکە داوایان ئەوەیە دەستنووسەکان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی تایبەت تا لەوێ بیانپارێزن.

یاسر ئەو کوڕە عەرەبەی لەگەڵ ئێمە فێری کوردیی بووە، ڕووی کردە شێخ و گوتی «یا شێخ هەقە پێیان بڵێی ئەگەر دەستکاری دەستنووسەکان دەکەن، ئێرەمان بۆ چاک مەکەنەوە». خەمێک بە ڕووی شێخەوە دەرکەوت، خەمێک چەندە خەمباری دەکرد، کەچی هێمنانە دەستی خستە سەرشانی یاسر و بە قوڕگێکی پڕ لە حەسرەتەوە دوا «یاسر تۆ پێت وایە من یەکسەر ڕازی بووم، کوڕی خۆم ڕازیش نەبم ئەوان بڕیاریان داوە، لەم دوو ڕۆژە تەواوی دەستنووسەکان لە کەرکووک بەنە دەرەوە». بێدەنگی ئێمەی داگرت، هەموومان دڵی خۆمان بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە دەدایەوە، بەڵام لە دڵی مزگەوتەکەدا دەستنووسی یەک سەدەی فەقێکانیان دەدزی و بە تاڵانیان دەبرد.

# بەر لەبردنی دەستنووسەکان سەڵاح داودەیان بینی

سێ ماشێن لە دەرەوەی شارەوە بە ئاراستەیەکی خێرا دەڕۆن، لە بازگەکەیش ناوەستن و کە دەگەنە ناو کەرکووک بە پێش نەخۆشخانەی ئازادی تێدەپەڕن، دەگەنە گەڕەکی شۆرجە، لەوێ پێچ دەکەنەوە بۆ چایخانەکەی حەمەی گوڵناز، ئەوە ئەو شوێنەیە کە دەهۆڵچی و گۆرانیبێژی ئاهەنگەکانی تێدا کۆ دەبووەوە، یەکێک لە دەنگخۆشە دیارەکانی کورد کە هونەرمەند سەڵاح داودە بوو، ئەویش هەندێک جار سەردانی چایخانەکەی دەکرد، ئەو ڕۆژە بەهۆی فایەق داودەوە لەوێ دەبێت، ئەو دوو پیاوەی قسەیان لەگەڵ شێخ کرد لە ماشێنەکەیان دادەبەزن، ڕووخسەتی ئەو دوو شوفێری بارهەڵگرانەیش دەدەن تا ئەوانیش پشوویەک بدەن، بەهەمان ڕێزنواندنیان بۆ شێخ، خۆیان بە چایخانەکەدا دەکەن و داوای چا دەکەن، کە هونەرمەند سەڵاح داودە دەبینن بەرێزەوە یەکێکیان دەچێتە تەنیشتی دادەنیشێ و ڕێزی بەرپرسانی حزبی پێ ڕادەگەیەنێت، بەڵێنی ئەوەیشی پێ دەدات لە داهاتوودا بانگی بکەنە لای خۆیان و دیاری تایبەتی پێشکەش بکەن.

لەپڕ لەبەرچاو ون دەبن و ئەمجارە لە حەوشی مزگەوت شێخ پێشوازیان دەکات، وەک ئەوەی سات و کاتی هاتنیان دیار بووبێت، چەند کرێکارێک لەگەڵ هاتنیان خۆیان کرد بە حەوشەکەدا و لە چاوتروکانێکدا ئەو هەموو دەستنووسە خرانە ناو کارتۆنی گەورە و بار کران.

شێخ لەو باوکە دەچوو کە کوڕەکەی بە ناهەق کوژرابێت، بەڵام مافی خۆی دواخستبێت بۆ ڕۆژی قیامەت، ئێمە لەسەر پەیژەکانی حەوشە دانیشتبووین، بە یەکمان دەگوت «شێخ لە حەزرەتی برایم دەچێت کە ڕازی بووە سمایلی کوڕی سەر ببڕێت» یاسر دەیووت جا جوبرائیل لە کوێ دێت بە هانایەوە و نەیەڵێت دەستنووسەکان ببرێن.

دەستنووسەکان بار دەکران، دوو پیاوەکە لەگەڵ شێخ لە کاتی سواربوونی ماشێنەکان هەندێک قسەیان کرد، بانگی یەکێک لە کرێکارەکانیان کرد کە دیاربوو وەک نوێنەری خۆیان بوو، کە لە سبەینێوە دەست بکەن بە نۆژەن کردنەوەی مزگەوت. بۆ ڕۆژی دوایی کۆمپانیایەک بە تەواوی کەلوپەلی دروستکردنی خانوو لە حەوشی مزگەوت کاریان دەست پێ کرد، سێ ڕۆژ بەبێ وەستان کاریان کرد، ڕۆژی چوارەم دەست کرا بە بۆیاغکردنەوەی تەواوی مزگەوتەکە، هەفتەی دواتر تەواوی مۆکێت و فەرشی نوێ هێنران، هەموومان بە دڵخۆشی چووینەوە مزگەوت، شێخ تاکە کەسێک بوو دڵی خۆش نەبوو، یەکەم خوتبەی داهاتوو نەچووە سەر مینبەر، مەلا سیراجەدینی ڕاسپارد بۆ خوتبە، ئەو دواهەمین کەس بوو لە مزگەوت مایەوە، دواتر ڕۆیشتە ژێر زەمینەکە و تا ئێوارەی ڕۆژی دواتر کەس ئەوی نەبینیەوە

# ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو لەژێر زەمیندا

تیشکی خۆر هێشتا دوا زەردایی خۆی تەسلیمی تاریکی ئاوابوون نەکردبوو، خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتن بووین، هەندێک نوێژی سوونەتیان دەکرد، هاوارێک لە فەقێیەک بەرز بووەوە، ئەیقیژاند «فریام کەون لێرەیە لێرە» ئەو دەنگە لە کوێ دەهات؟ هەموو لە حەوشی مزگەوت چاوەڕێی سەرچاوەی دەنگەکەمان دەکرد، شێخ تاکە کەس بوو لە دوێنێ نیوەڕۆوە دوای نوێژی خوتبە کەس نەیبینیبوو، بۆیە لە دەرگای حوجرەکەیمان ڕوانی، بەڵام من لەپڕ بیرم هاتەوە، دواهەمین کەس کە چاودێری شێخی کرد خۆم بووم، ئەو دەمەی لە دەرگای مزگەوت چوومە دەرەوە، ئەوم بینی بەرەو ژێرزەمینەکە ڕۆیشت، بە پەلە بەرەو ئەوێ ڕامکرد و فەقێ گەنجەکەم بینی بەسەر پەیژەکانەوە هاواری ئەکرد «لێرەیە لێرەیە! شێخیان کوشتووە! لێرە فڕێیان داوە» دوای فەقێکە یەکەم کەس بووم گەیشتمە سەر تەرمەکەی، دوای منیش ئەوانیتر هاتن، ئەو لەوە دەچوو دوێنێ شەو مردبێت، تەواوی تەرمەکەیمان پشکنی، نەکوژرابوو، نا خۆی مردبوو دڵی وەستابوو، چەند فەقێیەک تەرمەکەیان هەڵگرت بۆ حەوشی مزگەوتیان برد، دەبوو لەوێ بیشۆن و هەر لەوێش بڕیاری ناشتنی درا.

لە شوێنی خۆم دانیشتم نەمدەتوانی بڕوا بە مردنی بکەم، عەبا ڕەشەکەیم بۆن دەکرد، بۆنی کتێبی کۆنی لێ دەهات، ئەو بۆ خۆی کتێبی زەمانێکی زوو بوو، کتێبێک هێشتا تەواو نەخوێنرابووەوە، پێویستی بە زانایەک هەبوو بیخوێنێتەوە و تێی بگات، دەمویست پاشماوەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بگرمە ئامێزم، عەباکەیم بۆ لای خۆم ڕادەکێشا و دەمگرتە باوەش، بینیم لەژێر عەباکەی دەستنووسێک هەیە، کە دەستم بۆ برد، تێگەیشتم ئەو دەستنووسە شێخ نووسیویەتی، دەستنووسێکی کورتی 24 لاپەڕەیی بوو، شێخ بەدەم نووسینەوە مردبوو، دەمزانی پۆلیس دێتە ژێرزەمینەکە و بەدوا داچوون بۆ مردنەکەی دەکات، دەستنووسەکەم لە شوێنێکی ژێرزەمینەکە خستە نێوان دەستنووسەکان تا دواتر بیخوێنمەوە و لەگەڵ ئەو دەستنووسەی خۆمدا وێنەیەکی لەبەر بگرمەوە.

عەباکەی شێخم گرتە باوەش و ژێرزەمینەکەم بەجێهێشت، هەموومان لە حەوشی مزگەوت بە چاوی گریان لە یەکترمان دەڕوانی، کەس هیچی نەدەووت، ئەو شەوە کەس مزگەوتی جێنەهێشت، تەنانەت بانگی مەغریبی تێدا نەدرا، بۆ نوێژی شێوانیش ئێمەی فەقێ نەچووینە نوێژ و لە حەوشە پاسەوانیمان بەدیار تەرمەکەیەوە گرت، پۆلیس هات و لێکۆڵینەوە و پرسیاری خۆی کرد، بەرەبەیان دوای نوێژی بەیانی هەریەکەمان کاری خۆی ئەنجام دەدا، ئاو گەرم دەکراو کفن دەدوورا، لەناو باخەکە لەودیو درەختی هەنارەکەوە گۆڕمان لێ دەدا، چێشتەنگاو شێخمان ناشت و یەکەم پرسە دوای نۆژەنکردنەوەی مزگەوت بۆ شێخ ئەنجام درا.

# دەستنووسەکەی شێخ و کتێبی خۆکوشتن

مرۆڤ لە دڵدا خودای هەڵگرتووە، ئێمە خودایەکمان هەیە لە ئاسمان نییە، لە دڵی مسوڵمانانی ڕاستەقینەدایە، هەر ئەوە وایکردووە خودا هەمیشە بە زیندوویی لای ئێمە بمێنێتەوە، گەر خودا لە ئاسمان بوایە خێرا لە یادمان دەکرد، هیچ کاتێک لێمان نزیک نەدەبوو، خودا کە لە دڵی ئیماندار بوو وا دەکات لێی نزیک بێت.

خودا لە نزیکەوە بینی چۆن تەسلیم بووم.. دەستنووسەکان کە ڕەنجی بیرکردنەوە و شەونخونی فەقێکانی حوجرە بوو، چەند بە ئاسانی توانیم بیدەم بە دەستی ئەو خوا نەناسانە، دەزانم دوو ڕۆژی تر دەستنووسە کۆنەکان بەناوی گەنجانی نوێی سیاسەت و سەرکردە پیاوکوژەکان بڵاو دەکرێنەوە «کێ گوناهباری ئەو کارەیە یا شێخ تۆی گوناهبار نەبیت» ئەوە دەنگی خودایە لە دڵدا وام پێ دەڵێت، ئیدی بۆ نەزەر ناکەم و بێدەنگیەک سزای خۆم نادەم، ئاخۆ مەرجە مرۆڤ بۆ خۆکوشتن ژەهر بخوات یا چەکێک بەکار بێنێت؟

خودایە کۆمەکم بکە ئیماندارانە لەناو تۆبەکردن بمرم، دەمەوێ لەڕێی ئەو دەستنووسەوە خۆم لەو گوناهە گەورەیە پاک بکەمەوە، ئیلاهی بۆ خاتری پیاوچاکان ئەو نووسینە نەگاتە کۆتایی تۆ ڕۆحم لێ وەربگرەوە، مەلەک مەوت بنێرە ئەو ژێرزەمینە.

چی ڕووی دەدا کاتێک بموتایە نامەوێت مزگەوتەکە نۆژەن بکەنەوە؟ کۆمەڵێک چەکدار دەهاتن دەستیان بەسەر مزگەوتدا دەگرت، بە بیانووی تیرۆریستی و ڕێکخراوە دینییەکان دەستگیریان دەکردم و دەیانبردمە ئەو قەڵایانەی بۆ دیلکردنی دوژمنەکانیان بەکاریان دێنن، بە درێژایی ساڵەکان لە ژوورە تاریکەکانی قەڵا وەک سەدەها دیل بەند دەکرام، تا چی زانیارییان پێویستە لە دڵمدا دەریان دەکرد، کاتێک هیچ سوودم نەدەما بە دوو قەترە دەرمانی دەبەیەک ئاو ژەهرخوارد دەکرام، ئەوسا دەمردم و تەرمەکەم فڕێ دەدرایە دەرەوەی قەڵاکە، تا سەگە هارەکانیان بمخۆن و گۆڕێک ناونیشانم نەبێت.

هەر ئەو ساتەی دەستگیریان دەکردم، تەواوی دەستنووسەکانیشیان بار دەکرد، بەبیانووی ئەوەی بڵاوکراوەی ئیسلامییەکان و ئەدەبیاتی پاشماوەکانی بەعس لەو مزگەوتە بڵاو دەکرێتەوە.

من پاکانە بۆ بێدەنگی خۆم ناهێنمەوە، بەڵام ئەوان ئەزموونێکی درێژیان لە کاری سیخوری و مرۆڤ کوشتندا هەیە، هەر کاتێک ویستیان کارێک بکەن، بێ هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک ئەنجامی دەدەن.. ئەو ئازارەی لە دڵمدایە، ڕۆحی ئەو دەستنووسانەیە ئێستا لەوێ هاواریان لێ بەرزبووەتەوە.. ئەوەتا گوێم لێیانە دەزریکێنن و دەقیژێنن و هاوار دەکەن «لە خەوی سەد ساڵە خەبەریان کردووینەتەوە، یا شێخ فریامان کەوە، لە پیاوچاکانەوە دەمانکەن بە بەرهەمی ئەو مرۆڤ کوژانە»

ئەی تۆ کێیت لە بەرامبەرم وەستاویت؟ تۆش ڕۆحی دەستنووسێکیت؟ نا من لێت ناترسم، سوپاس بۆ خودا کە بەهانامەوە هاتووە، قسەیەکی ترم نییە، وەرە دەست بخەرە سەر برینی دڵم.. پەنجەی پێدا بکە، خەریکە ڕۆحم لە دڵمەوە دێتە دەرەوە.. تەواو توانای نووسینیشم نەما و دەستنووسەکەم بەرەو کۆتایی دەڕوات.

# حزب ئینشقاقی تێکەوت و حزبێکی نوێ دروست دەبێت

ساڵەکان تێپەڕین، مەرگی شێخ و بردنی دەستنووسەکان خەریک بوون بیر دەچوونەوە، تەنیا لە ساتەوەختێک کە بە کارێک بچووینایە بۆ ژێرزەمینەکە، یا دێڕێکی شێخمان بیر بهاتایە، یادی ئەو ڕۆژانەمان دەکردەوە، لەو ڕۆژگارە کردە خۆکوژییەکانی هێزە توندڕەوەکان زیادی کردبوو، تەنانەت تەقینەوەیەک لە نزیک مزگەوت بۆ چێشتخانەیەک دانرایەوە، ترس و دڵەڕاوکە و بێمانایی بۆ ئەم شارە جێ ناهێڵین؟ ڕووبەڕوومان دەبووەوە، بەڵام هەمیشە دەمانتوانی بیانووی بەهێز بۆ مانەوە بدۆزینەوە.

شێخ لەم شارە و لەم مزگەوتە گیانی سپارد، جەلیل قەیسی چیرۆکنووس بۆ ڕۆژێک بەناوی سەفەر ئێرەی جێنەهێشت، ئەوانیتر دوور لێرە مردن، کەچی حەسرەتی گەڕانەوەیان هەبوو بەر لە مەرگ. ئەو هەستانە هێزی مانەوەی بەهێزتر دەکرد لە تەقینەوەکان، لەو ڕۆژگارەدا چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزب دەست لەکارکێشانەوەیان ڕاگەیاند، حزب ئەوەی بە ئینشقاق ناو برد، هێندەی نەبرد ئینشقاقچییەکان حزبێکی نوێیان ڕاگەیاند، توانیان بەشداری هەڵبژاردنیش بکەن و دوو کورسیش لە پەرلەمان وەربگرن.

حزبە نوێیەکە ناویان لەخۆیاننا «باڵندە تۆراوەکان» ئەو پیاوەی گوایە کاتی خۆی دەستنووسەکان بۆ ئەو هاتە بردن ناوی «شاهۆی کەریم» بوو، کرا بە سکرتێری تۆراوەکان. شاهۆ پیاوێکی خڕی کورتە بنە بوو، لووتی نیوهێندەی کەلە سەری دەبوو، لە ڕۆژگاری سەردەمی شاخ نامیلکەیەکی شیعری بڵاو کردبووەوە بە ناونیشانی «دڵدارەکەم نەبووە بەعسی» ڕەخنەگرێکی ئەو ڕۆژگارە لە ڕۆژنامەیەکی چاپی شاخ نووسیبووی «ئەو کاغەزانەی ئەو نامیلکەیەی پێ چاپ کراوە بەفیڕۆدانی کاغەزی بەیاننامە و پەککستنی چاپخانەی شۆڕشە، لە کاتێکدا ئەوە بەس شیعر نییە، هەمووی نوزانەوەی ئازیزەکەم و گیانەکەم نابێتە بەعسی، کەی شیعرە؟» دوای ڕاپەرینیش کتێبێکی تری بە چاپ گەیاند بەناوی «کاتێک سیخوڕەکانم کووشت» ئەوەیان باسی ڕۆژانی شاخ بوو کە وێنای خۆی وەک پاڵەوانێکی نموونەیی خستبووە ڕوو، دوای بوونیشی بە سکرتێری حزبە نوێیەکە چەند کتێبێکی بەدوای یەکدا چاپ کرد کە بابەتی جیاواز بوون، لەوانە: «جەلالەدینی ڕۆمی.. شیعر و عیرفان، فەریدون عەتار و کۆنگرەی باڵندەکان، مەسعوود محەمەد وەک فەیلەسوفێک لە کتێبی کۆمەڵگای مرۆیی بە شێتخانە دەچێت، مەحوی وەک فەیلەسوف، هونەر و جوانیناسی، کورد بۆ فەیلەسوفی نییە».

شاهۆ لە سکرتێری حزبەوە وێنەی وەک بیرمەندێکی سیاسی دەردەکەوت، بووە جێی سەرسامی هەمووان، تەنانەت وەک مامۆستای فەخری لە زانکۆ وانەی فەلسەفەی دەوتەوە، بەڵام ئەوە تەنیا من بووم قسەکانی شێخم بیستبوو، دواهەمین دەستنووسی پێش مردنیم خوێندبووەوە، تێدەگەیشتم سکرتێری حزبی باڵندە تۆراوەکان نەک هەر بیرمەند نییە، بەڵکو دزێکی گەورەی دەستنووسەکانە و لەسەر میراتی یەک سەدەی فەقێکانی کەرکووک دەژیی.

# دەستنووسێک کارۆخی لەسەر دەکوژرێت

کوشتنی گەنجێک لەسەر ستوونێکی ڕۆژنامەوانی کە لەسەر والی نوسیویەتی، هێزێک دەبەخشێتە شاهۆ تا دۆسیەی دزینی دەستنووسەکان بەتەواوی بیر خۆی بەرێتەوە و ئێستەیشی لەگەڵدابێت والی وەک تۆمەتباری ئەو کوشتنە ناوی دەبرێت، دوو دەستنووسی ئەو گەنجە بەناوی کارۆخ دەرگا لەسەر سەرەتایەکی تاریک بۆ کوشتنی نووسەری دەستنووسەکان دەکاتەوە، کە تۆڕێکی سیخوڕی بەدوای دۆزینەوەی نووسەری دەستنووسەکانەوەن، هەردوو دەزگا سیخوڕییەکەی ئەو دوو بنەماڵە فەرمانڕەوایە کارێکی زۆریان بە دۆزینەوەی نووسەران هەیە تا لەناویان بەرن.

ڕۆژانی دواتر کوشتنی نووسەران لەلایەن ئەو دوو دامەزراوە سیخوڕیە بەتەواوی پەرە دەستێنێت، چەندان نووسەریتر دەکوژن و هەریەکەیان تۆمەتێکی بۆ دروست دەکرێت، هەندێکیان ناو دەبرێن بە کێشەی کۆمەڵایەتی.

لەو ڕۆژگارەدا هێشتا بۆ من ڕوون نەبوو کارۆخ جگە لەو وتارەی لەسەری کوژراوە، هیچ دەستنووسێکی هەبێت و خستبێتیە ژێرزەمینی مزگەوت، تا لەگەڵ ئەو چەند دەستنووسە کەمە لەوێ بمێننەوە، بەڕێوبەری پۆلیس لە لێدوانێکدا ڕای گەیاند «لە هەموو دنیادا ڕۆژنامەنووس تاوانەکان ئاشکرا دەکەن، بۆیە لە کەیسی کارۆخ ڕۆژنامەنووسان کەمتەرخەمن». ئێمە گفتوگۆی ئەو لێدوانەمان دەکرد، سەید عەلی لەسەر حەوزەکە بەدەم دەستنوێژ هەڵگرتن و خوێندنی وێردی دەستنوێژ گرتن، گوتی «ئەوە زۆر ئاشکرایە مانای وایە بە پۆلیس وتراوە ئەو مەلەفە دابخەن، با ڕۆژنامەنووسان مەرد بن بوێرن باس لەو کوشتنە بکەن».

بەشێکی دەستنووسەکان پێشتر شێیان هەڵهێنابوو، مەلا سیراجەدین منی ڕاسپاردبوو دەستنووسەکان پاک بکەمەوە و لە بەرگیان بگرم، چاوم بە چەند دەستنووسێک کەوت کە تێک نەچووبوون، بەڵام نەمدەزانی چۆن لێرە ماون؟ ئاخۆ لەو ماوەی پێشوو هەر جارەی کەسێک ئەوانەی هێنابێت؟ ئایا هی خەڵکی ئەو شارە بوو؟ یا خەڵکانێک بۆ سەردانی قەڵا هاتوونەتە ئەو شارە، لە مزگەوتی شێخ عەبدولباقی نوێژیان کردووە، دواتر بەبیانووی سەردانی ژووری فەقێکان دەرفەتیان هێناوە و دەستنووسەکانیان لەسەر ڕەفەکان بەجێ هێشتووە.

ئەوانە گومان بوون، بەپێی ڕۆژەکان لە گوماندا نامێننەوە و دەبنە ڕاستی، دەردەکەوێت خەڵکانێک بەر لە کوژرانیان هاتوونەتە ئەم شارەو لەم مزگەوتە لایانداوە، وەک چۆن دەستنووسی خەڵکی شارەکەیشی تێدایە، لە نموونەی ئەو دوو دەستنووسەی وەک ئەوانیتر ناوی نووسەری بەسەرەوە نەبوو، تاکە هۆکارێک بۆ ساغکردنەوەی نووسەرەکەی لەو چەند وشەیەی سەرەتایە کە نووسراوە «بۆ والی کە بەهۆی ئەو دەکوژرێم، کەچی نهێنی زۆر گەورەتر هەیە بۆ کوشتنی من.. دەستنووسێک والی لە گوناهباری پاک دەکاتەوە» دەستنووسی یەکەمی گەنجە کوژراوەکە لەبارەی تۆڕێکی پەیوەندی دەزگاکانی پۆلیس بوو بە لەشفرۆشەکانەوە کە چۆن لەو ڕێگایەوە باندی لەشفرۆشی دروست دەکرێت، پۆلیس سەرپەرشتی ئەو لەشفرۆشانە دەکەن، لەشفرۆشێک نیە لە شاردا بێ بوونی پۆلیسەکان ئەو کارە بکات، بۆ نموونە ئەو ژنە سواڵکەرەی لای بەڕێوبەرایەتی ڕەگەزنامە پەرۆیەکی پەمەیی لەناوچاوانی دەبەستێت و لەلای دووکانی فۆتۆکۆپیەکە سواڵ دەکات، گەر تەکلیفی سێکسی لێ بکرێت دەکەوێتە مامەلەکردن و ڕێکەوتن، ئاوا وەسفی خۆی دەکات.

خەریک باش فێری کوردی دەبم، ئەوەندە سواربوون لە من وا فێربووم، خۆتان شەریف مەکەن عەیب دەڵێن دادە.. ئەمڕۆ خێر دەکەن بەمن سبەینێ تەکلیف دەکەن لە من.. خەلکی مووسڵ من.. لەوێ ناوم ڕابیعە بوو، لێرە مودیری مەخفەر نزیک ئۆتێل بەغدا ناو من کرد بە سومەییە، مولازم ڕاکان پێی وتم سوممە خڕە، بەخوا نازانم ئەو منالە کچ کێ، خۆی هی قەحتان بوو، لە مووسڵ من حامیلە کرد جێی هێشتم، ئەسعەد وتی دەتبەم شیمال لەوێ دەبم بە مێرد تو.. هێنامی بۆ شەقلاوە هەفتە لەوێ خۆش تووەنس کرد، یەمعەوەد جا چی نەکرد لە من، وتی من مشاکل هەیە دەبێت تو ببەم بۆ کەرکووک، خۆم بگەڕێمەوە مووسڵ، تخوا وازبێنە لە قسەکردن پارە بدە و گانی خۆت بکە، هیچ مەڵێ ڕابیعە بۆی نووسراوە نەک هەر قەحپە بێت بووم بە جاسووسیش.

سومە خڕە کە وەک ئاوا ناوی دەرکردووە لە لای جەندرمەکان، کە هەفتەی پێشوو لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە گەڕەکی تسعین دەپەڕیەوە. ئەمبولانسێکی خێرا خۆی پێدا دەکێشێ و لەناو خوێنی خۆی دەگەوزێت، مندالەکەی تاکە کەسێک دەبێت بەسەر دایکیەوە دەگریی، سۆزانییەکان لە ساتی مردنیان تەنیا کچەکانیان بۆیان دەگرین، تا درەنگانێکی شەو منداڵێک بەدیار تەرمی دایکیەوە دەگریی، پۆلیسی فریاکەوتن تەرمەکەی دەدۆزنەوە و دەیبەنە پزیشکی دادوەری.

ئێستە دوای خوێندنەوەی ئەو دەستنووسە سەرلەبەری ئەو ڕووداوی ئەمبولانسە بە کارێکی ڕێکخراو دەزانم، ڕابیعە کە نهێنی ئاشکرا کرد، دەبێت چاوەڕێی سەختترین مردن بکات، منداڵەکەیشی تەنیا هەتیوخانە دەیگرێتە خۆی، تا لە گەورەبوون هەمان ڕۆڵی سیخوڕی بۆ پۆلیس پێ بدرێت.

رووداوی کوشتنی گەنجێکی تر بەناوی ڕێبوار لە هەولێر وا دەکات، جارێ واز لە باسکردنی دەستنووسی دووەم بێنین و دواتر بگەڕێینەوە سەری، چونکە ئەویش هەروەک بەشێک و درێژەی ئەو کوشتنەیە.

# ڕێبوار دەیەوێت ببێتە زاوای ئیمبراتۆڕ

من لەناو نادیاردام، دەمەوێت لەم ژیانە نەبم، باوکی من چی کەمترە لە پاشاکان، کاتێک بیر دەکەمەوە دەمەوێت تێبگەم چۆن دەتوانم بچمە ناو کۆشکی پاشاکان، ژیانێکی شاهەنشاییانە بژیم، ئەوە خەیاڵە، نووسینیش دنیای هاتنە دی خەیاڵە.. لێمگەڕێن خەون ببینم.. من دەنووسم تا بگەم بە دنیایەک هەرگیز نابێتە ڕاستی.. سەرەنجام هەر نووسینە سەرم دەخوات، لەسەر نووسین مەمکوژن، لێمگەڕێن ئەوەی ئێوە بە ڕاستی تێیدا دەژین، با منیش لەناو نووسین وەک ئێوە بژیم.

بۆ ئەوەی وەک ئێوە بم لەناو کۆشک بم، خۆم لەیاد ئەکەم من کێم؟ من ئیتر کەسێکی ناو نووسینم.. دەمەوێت عاشقی کچی ئیمبراتۆر بم، بەڵام تکایە مەمکوژن، حەزم لێیە زاوای ئیمبراتۆریەت بم.. با هەژارێک بچێتە نێو حەرەمسەراکان، وەک پاشا و لویسەکانی سەدەی هەڤدەم بژیم.. ئایا ئەوە زۆر بوو؟ لەو ڕۆژەوەی ئەوەم نووسی، پێیم دەڵێن ژیانی خۆت خستووەتە پیاڵەی مەرگەوە، بەیانیان بەدەم چای خواردن لە یانەی زانکۆ سەیری مردنی خۆم دەکەم، پیاڵەی مەرگ یانی چی؟ وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارە پێ نییە، بەڵام ڕستەیەک هەیە بەر لە من گەنجێکی کەرکووکی ویستی بینوسێت تەواوی نەکرد، من هاتووم ڕستەکەی ئەو تەواو بکەم، بەقسەی کێ دەگەمە دوا دێڕی کۆتایی، کێ دەڵێت ئەوە کەسێکی تر نییە دوای من دەیەوێت دێڕی تەواونەکراو بنووسێتەوە، دوای کوشتنی من ئەویش دەکوژن؟

تا کەی دەمانکوژن، ژیانی شاهانە هی ئێوەیە، ئیدی بۆ لێ ناگەڕێن ژیانی ناو نووسین هی ئێمە بێت، بە ڕاستی ئێوە ئیرەییمان پێ دەبەن؟ دەی وەرنە شوێنی ئێمە و ئێمەیش دەچینە شوێنی ئێوە، ڕازین؟ دەزانم ئێستە بەشێوەیەکی وا شێتانە پێدەکەنن ددانە تاخمەکانتان دەبریسکێتەوە، ئەی چی ئاخۆ ئێوە لە نووسین دەترسن بۆیە دەمانکوژن؟ ترس لە نووسین هەڕەشەیە لە ژیان، سەیرکەن چەند بێباکین لە مەرگی خۆمان ئامادەین بمرین، بەڵام ناتوانین بێدەنگ بین، دوای مەرگی من هیچ چیرۆکێک مەهۆننەوە، ڕۆژێک دێت ئەو دەستنووسەم دەگات بەهەموو کەسێک تا هەموو بزانن من لەسەر خەون کوژراوم، ئایا لە سایەی دیموکراسی ئێوەدا مافی خەونبینینشمان نییە؟ مافی نووسینمان نییە؟ ئەی بۆچی ئێوە هەموو مافێکتان هەیە؟

ئایا ئێوه كه دەمانكوژن بیر له دایكانی ئێمه دەكەنەوە، چۆن جەرگ سووتاو دەبن، به ڕاستی یەک بەراورد دەكەن.. دایكی ئێوه و خوشكی ئێوه كراسی ڕەنگاوڕەنگی ئەوروپی دەپۆشن، بەهۆی ئێوه ڕەنگاوڕەنگن، هەر بەهۆی ئێوەیشه دایک و خوشكی ئێمه كراسی ڕەش و تاریک دەپۆشن، دڵخۆشن به كراسی ڕەشی دایكی من، خەونی نووسین گەورەتر نیه له ژیانی شاهانەی ئێوه، خۆتان دەڵێن چەند ڕۆژێک ژیانت ماوه، بەڵام تكایه دوای من كەس مەكوژن، لێگەڕێن ئەوانیتر بنووسن و خەون ببینن، وامان لێ مەكەن تف له ڕۆژەكانی ڕاپەرین بكەین، كه باوک و براكانمان بۆ ئێوه خۆیان تێدا به كووشتن دا.. ئێوەش ڕۆژگارێک بۆ ئێمه خەون بوون، وەک چۆن ئێستەیش خەون بۆ ئێمه هەناسەیەكه بۆ ژیان، كەچی ئێوه دەیخنكێنن تا ژیانمان بگۆڕن به مەرگ.

# گەڕان بەدوای ڕێگایەک بۆ چوونە کەنیسەی حەمرا

کەسێک نهێنییەکی گرنگ بە باڵی دزینی دەستنووسەکانی حزب ڕادەگەیەنێت، کە دەستنووس گەلێک لە کەنیسەی حەمرا هەیە، مێژووی خوێناوی جەنگی ئاینی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت لەم شارە دەگێڕێتەوە، مامۆستایەکی زانکۆ لە بەشی کۆمەڵناسی بۆ شاهۆ کەریم باس لەوە دەکات دەتوانرێت لە ڕێی ئەو دەستنووسانەوە خوێندنەوەی کۆمەڵناسی بۆ پێکهاتە و گرووپە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کەرکووک بکرێت.

ئەوە هەراسانبوونێک دەخولقێنێت کە خەون بە دەستنووسەکان مەیلی بوون بە کۆمەڵناسی تێدا دەورووژێنێت، دوو کەس لەناو شارەکە لە هەوادار و دەستوپێوەندەکان دەنێرن تا بزانن ڕێگای چوونە ناو کەنیسە چۆنە و لە چ ڕێگایەکەوەیە؟ ئاخۆ ڕێوڕەسمی ئاینی تێدا ئەنجام دەدرێت، تا بەم هۆیەوە لێی نزیک ببنەوە.

هەموو ئەو ئەگەرانە شکست دێنن، کاتێک دوو سیخوڕەکە دەچنە بنج و بنەوانی زانیاری لەبارەی کەنیسەوە، ئەوە زیاتر گرووپی دەستنووس دزەکان و ڕابەرەکەیان شێت دەکات، ئەو دوو سیخوڕە ڕاپۆرتێکی ورد بۆ سکرتێری حزبی باڵندە تۆراوەکان دەنووسن، تەواوی وردەکاریی و ڕێگاکان باس دەکەن.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «کەنیسەکە کەوتووەتە بەرزاییەک کە بەرامبەری ڕیزە دووکانێکە، گەر بچیتە قوولاییەوە دەتگەیەنێت بە بازاری گەرەکی ئیسکان، لە لای دووکانی فەرشفرۆشەکانەوە دەڕوانیتە کەنیسە، کاتێک دەپەڕیتەوە بۆ کەنیسە دەرگاکە داخراوە، چونکە هیچ ڕێوڕەسمێکی ئاینی تێدا ئەنجام نادرێت، بێ وەرگرتنی مۆڵەت لە دەرگاش بدەیت کەس دەرگات لێ ناکاتەوە، لە سووچی بەرامبەر دەرگای کەنیسەکە خانوویەک هەیە ماڵی پیاوێکی کوردە، دەبێت لەو دەرگایە بدەیت و نیازی خۆت بڵێیت، ئەو کلیلی دەرگای سەرەکی و دەرگاکانی ژوورەوەی لەلایە، ئێمەی لەبەر دەرگاکە ڕاگرت، هەڵبەت ئێمە بەبیانووی کاری فۆتۆ چووینە ئەوێ، کەچی کاتێک کابرای کورد هاتەوە گوتی، مەتران ڕازی نەبوو، ئیدی هەر ئەوەندە زانیاریمان دەست کەوت».

ئەو ڕاپۆرتە تامەزرۆیی بۆ دەستنووسەکان زیاتر دەکرد، تا ئاستی ئەوەی وای بە خەیاڵدا هات، بەرپرسی پەیوەندەکانی حزب بنێرێت، بەهۆی شارەزایی لە قسەکردن بتوانێت بچێتە بنج و بنەوانی دەستنووسەکان و ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ وەرگرتنیان.

ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، کارێک بوو سەختی زۆری دەهاتە ڕێ، بۆیە بەکرە شەل دوای بێدەنگیەکی درێژ، بڕیاری دا بە ئەرکەکە هەستێت، بەهەر ڕێگایەک بێت بتوانێ دەستنووسەکان وەدەست بێنێت.

لە كـــاتی چوونیشـــــی ئەو دوو پیـــاوە هاوكـــاری ســــەفەرەكەی دەبـــن، كە دەستنووســــەكانی مزگەوتەكەیـــان بـــۆی هێنـــابوو، هەمـــوو ئەوانە دوای وردبینییەكـــی زۆر وەک بڕیـــار پێـــی گەیشتبوون.

# ئاراس چۆن دەستنووسەکەی ناردووە بۆ کەرکووک؟

کەسمان نەمانزانی ئەو دەستنووسەی ئاراس چۆن گەیشتووەتە حوجرەی فەقێکان، لەو سەروبەندەدا بووم لەناو پاشماوەی دەستنووسەکان، دەستنووسێک کە تا ئەوکاتە لەناو قوماشێکی سەوز کە لە شێوەی ئەو قوماشە بوو سەیدەکان لە پشتیان دەبەست، سەرەتا وا تێگەیشتم دەستنووسێکی قورئان بێت، لە ترسی لەناوچوون بەهۆی ئاوی باران لە فەوتان ئاوا پاراستویانە. شێخ قادر کە دەستنووسە پێچراوە سەوزەکەی بینی بەدەستمەوە، چیرۆکی هێنانی دەستنووسەکەی گێڕایەوە بۆ سەرەتای مانگی تەمووزی چەند ساڵێک پێش ئێستە.

شوفێرێکی هێڵی سلێمانی- کەرکووک هاتە مزگەوت نوێژی عەسری کرد، دواتر لە حەوشی مزگەوت بینیمەوە.. لەسەر حەسیرە نایلۆنەکان دانیشتبوو، لەو ئایەتانە ڕا دەما کە دیواری حەوشی مزگەوتیان ڕازاندبووەوە، کاتێک منی بینی بۆ ئەو ژێرزەمینە دێم، دەستێکی بەرز کردەوە بەدەم گوتنی «خاڵۆ گیان بە یارمەتیت» تەماشایەکم کرد و هەردووکمان بەرەو ڕووی یەکتر چووین، تا شوفێرەکە کەوتە قسەکردن.

من ئەمانەتێکم لە گەرمیانەوە لەگەڵ خۆم هێناوە، کەسێک لەوێ هێنای بۆ سلێمانی، لەوێشەوە داویانە بە من تا بیگەیەنم بە ئێرە، گوایە لێرە کتێبخانەی دەستنووسەکانتان هەیە و تێیدا نووسینەکان دەپارێزن، منیان ڕاسپارد ئەو دەستنووسە وەک دیاری بەو کتێبخانەیەی ئێوە ببەخشم.

شێخ قادر تاوێک بێدەنگ بوو، ئەوسا دوای هەناسە هەڵکێشانێک.. کەوتەوە قسەکردن، لەو ڕۆژەوە ئەو دەستنووسە لێرەیە لە خۆمەوە هەستم کردووە نهێنییەک هەیە لەناو ئەو دەستنووسە، بەڵام هیچ کاتێک دەستکاری دەستنووسەکان ناکەم، من دەزانم ڕۆحی پیاوچاکان ئێرەو نهێنیەکانی دەپارێزن، بۆ بەندەی گوناهبار نەهاتووە بڕواتە ناو نهێنی ئەوانیترەوە، وەک ئەوەی گوناهەکانی خۆم زۆرکەم بێت، جا نۆرەی زانینی نهێنی ئەوانیترە.

شێخ بەدەم ئەو قسانەوە دەستێکی دڵنیایی خستە سەر شانم و منی بە تەنیا جێهێشت، دەستنووسەکەم لەناو قوماشە سەوزەکە دەرکرد، لە لاپەڕەی یەکەم نووسرابوو: تۆ ئەی ئەو کەسەی ئەو دەستنووسە دەخوێنیتەوە.. ئەوە وەسیەتنامەی پیاوێکە بەناوی ئاراس، ڕەنگە کە دەست بە خوێندنەوەی دەکەیت، چەند ساڵێکە هاوسەرەکەی و دایکی کراسی ڕەشیان بۆی پۆشیوە .

ئەوە سەرەتای وەسیەتنامەکە بوو، تا ڕۆ دەچوومە ناو وشەکانەوە، هەستم بە هەناسە تەنگی زیاتری نووسەرەکەی دەکرد، دەمبینی تاو نا تاوێك زیاتر لە ژیان دوور دەکەوێتەوە، نەمدەزانی ئەو چۆن بە دزینی دەستنووسەکانی ئێرەی زانیوە، ئاخر ئەو نووسیبووی "چیتر تا سەد ساڵیتریش ئێرە تاڵان ناکرێتەوە، ئەوان ئەوەی ویستیان بردیان و تاڵانیان کرد، بۆیە ئێرە ئارامترین شوێنە وەسیەتنامەکەمی تێدا بپارێزم"

# پشوویەک لەناو دەستنووسەکان

هێشتا نیوەی چیرۆکی دەستنووسەکان لە لاتان نادیارن، ئەوەی ئێوە خوێندتانەوە، تەنیا هێنانی ئێوەیە بۆ ناو چیرۆکەکان، جارێ نازانن دەستنووسی وەسیەتنامەکەی ئاراس چییە؟ هێشتا نەچوونەتە سەر دەستنووسی دووەمی کارۆخ، ئاخۆ پیاوەکانی شاهۆ چوونە ناو کەنیسەی حەمڕا و توانیان لەژێر زەبروزەنگی خۆیان دەستنووسەکان بدزن؟ ئایا شاهۆ دەبێت بە کۆمەڵناس؟

ئەوانە بەشە نادیارەکانی ئەو دەستنووسانەن کە دەتانەوێ لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا پێی بگەن، بەڵام کەستان بڕوا ناکەن لەناو ئەو دەستنووسانەدا چیرۆکێکی نوێ هەبێت، چیرۆکێک پڕ لە سێکس و ترس و توندوتیژیی، پاڵەوانەکەیشی ژن بێت، ژنێک کاتێک بە فڕۆکە لە ئەوروپاوە دەیگەڕێننەوە کوردستان، ژنێک کە ماڵەوەی جێهێشتووە، هەڵبەت دەزانێت خانەوادەکەی لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەکەن تا بیکوژن، چەند سەعاتێك بەر لە مەرگی، ئەو کاتەی فڕۆکەکە تڕانزێتی تورکیای هەیە، لەوێ بەدرێژایی رێگا دەستنووسێکی لەسەر ئایپادەکەی نووسیوە و لەڕێگەی نامەی ڤاییەر بۆ پیاوێکی کەرکووکی بەناوی زاهیر شوکر دەینێرێت، ئەویش تەواوی ئەو دەستنووسەی خستووەتە سەر کاغەز و هێناویەتی بۆ حوجرەی فەقێکان.

رەنگە دەستنووسەکەی بێگەرد حامید لە تەواوی چیرۆکەکانی تر کاریگەرتر بێت، بەڵام کەس بەلایدا نەچووە، ڕۆژگارێک ئەو سکرتێری وەزیری دارایی بوو، بەڵام ئێستە ئەو کەسێک نییە کەس لە یادی مابێت، ئەو دەستنووسە هەوڵێکیترە بۆ یادهێنانەوەی حزب، تا بزانن ئەوان ناتوانن ئێمە فریوو بدەن، دەشێت بێگەرد لە کونجێکی ئەم دنیایە بێت، یاخۆ وەک باڵندەیەک لە ئاسمان بێت، دووریش نییە ئەو تەنانەت بستێک خاکیش نەبێت وەک گۆڕ گرتبێتیە خۆی، چونکە ئێمە شتێکی ئەوتۆ لە کۆتایی ژیانی ئەو نازانین، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش نەیانویستووە پەردە لەسەر ئەو کوشتنە هەڵبدەنەوە، چونکە وەک تۆڕی جانجاڵۆکە نهێنی چەندان سیاسی و رۆژنامەنووس لەم دۆسییە دەردەکەوێت .

من لێرە شتێک بۆ چیرۆکەکە زیاد ناکەم، جگە لەوەی تەنیا دەستنووسە نووسراوەکە بەهەندێک دارشتنەوە بۆ چیرۆکە ڕاستەقینەکە دەگێڕمەوە، ڕەنگە پێویستی بە چەند پەراوێز و ڕوونکردنەوەیەک هەبێت، ئەوەش بەشێوەیەک دایدەڕێژمەوە تا لەگەڵ زمانی کتێبەکە بگونجێت .

لێرەوە بێگەرد حامید وەک کارۆخ و ڕێبوار و ئاراس و ئەوانیتر دەبێتە بەشێکی تری نهێنی ناو دەستنووسەکانی ئەو کتێبە . ئێستە سەرلەنوێ بیر لەو چیرۆکە پچڕاوانە بکەوە کە لەبارەی ژیانی کۆمەڵە کەسێک خوێندتەوە، هەریەکەیان ژیانی خۆی دەژیی، هەندێکیان چاوچنۆکیان دەیانکات بە تاڵانکار، ئەوانی تریش دەیانەوێت بژین، کەچی ژیانیان وەک دەستنووسەکان تاڵان دەکرێت، لەولایشەوە ژنێک چەند سەعاتێك بەر لە مەرگ چیرۆکی تاڵی ژیانی خۆی لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا دەگێڕێتەوە، ئەو گێڕەرەوەی خەونێکە کە بە مردن کۆتایی دێت، مردنێکی ناتەواو کە کەس گوناهی مەرگی ناگرێتە ئەستۆی خۆی .

ئێمە لەو ساتەوەختی مردنەوە دەست پێ دەکەینەوە، کە دەبێت بێگەرد تێیدا بمرێت، کاتێک لەناو فڕۆکەیە و تەواوی چیرۆکەکەی خۆی لەسەر ئایپادەکەی دەنووسێتەوە.

# ژنێک لەناو فڕۆکە مردن دەنووسێتەوە

نێوانی من و مردن تەنیا چەند سەعاتێکە، ساتی وا خەون دەبینم لەناو پەڵە هەورێک ون ببم، ببمەوە دڵۆپە ئاوێک و بڕژێمە باخێکەوە تا لە شێوەی گوڵێک بڕوێمەوە، کەس باوەڕ نەکات، ئەم گوڵە سپیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژن بوو، خەونی دنیایەکی پاکیزەی هەبوو، وەک پەڕەکانی ئێستەی.. خەون من دەکوژێت، منێک تا فڕۆکەکە زیاتر بە قووڵایی ئاسماندا بڕوات، نزیکتر دەبمەوە لە مردن، کەچی هێشتا خەون لە مردن نزیکترە . بەخۆم دەڵێم بێگەرد ئەو خەیاڵانە چییە دەیکەیت، تاوێکی تر تۆ لە فڕۆکەخانە دادەبەزیت، ئەو دەمەی لە هۆڵی پێشوازیماڵەباتەکان باوەش بەو سەرنشینانە دەکەن، تۆ چی؟ کێ من؟ ئا تۆ دەڵێم.. بیرمی مەهێنەوە.. دەزانم باوک و براو پورزاو ئامۆزا، لە دوێنێ شەوەوە کە هەواڵی گەڕانەوەمیان بیستووە تفەنگەکانیان پڕ کردووە لە فیشەك، باوکم بەو خەنجەرەی باپیرەم.. وەک ڕەمزی بنەماڵەکەمان بۆ شۆڕش هەڵیگرتووە، ئەمڕۆ شۆڕشی شەرەف لە دژی کچەکەی بەرپا دەکات .

ئەمێستە دایکم ژنێکە وەک بوونەوەرێکی تەنیا لە ماڵەکەدا دەبێت ئاو گەرم بکات بۆ شووشتنی کچەکەی، خوشکەکەی بۆ دڵنەوایی هاتووەتە لای، تاو نا تاوێک میمی ڕوقیە بۆ دڵنەوایی دایکم خۆی دەکات بەناو گریانەکەیدا و دەڵێت "بەخوا خوشکم مندالت خراپ گەورە نەکرد، بەس خوا سەبەبکاری ئەو بەزمە بگرێت" تارای خوشکم لە مۆنیکای ئازادی مێردی دادەبەزێت، بێباک لەوەی تاوێکی تر تەرمی خوشکەکەی دێننەوە ماڵ، تەنیا بەهۆی خەمی دایکمەوە نەیوێراوە خۆی جوان بکات، دەنا کراسێکی شینی تۆخی دەنک سپی لەبەر کردووە، بازنەکانی دەستیشی دا نەناوە .

ئێستە دراوسێیەکمان بۆ نموونە ئافتاوی دراوسێمان کە هەمیشە چێژ لە باسکردنی ئەو دیمەنانە دەبینێت، چاوی لە ئێمە بوایە لەژێر کاریگەری دراما مەکسییەکان کە خۆی چێژێکی زۆری لێ دەبینین دەیووت "خوا عالیمە بێگەرد و تارا ڕێک دەڵێی ماریمار و گۆدەلوپین"

ئەوانە کێن باجی ئافتاو؟ ئەرێ ئێوە چ زوو بەهۆی ئەو دراما تورکیانەوە ئەڵقە مەکسییەکانتان لەبیر چوو، ئەها کاتی گرانیەکە ئەو ئەڵقە مەکسیکییانە هەبوون، جا بێگەرد دەڵێی ماریمارە، ئەها ملوانکەیەکیش هەبوو پێیان دەووت ملوانکەی ماریمار، جا ئەو داماوە لەو بێگەردەی ئێمە دەچێت، بەڵام ئێستە بە تەنیشت پۆلیسێکەوە کەلەپچە کراوەتە دەستی، ئەو تارایەش کە لە گۆدەلوپی دەچێت، لە باتی کەلەپچە، ئازادی مێردی کە پیشانگای ئۆتۆمۆبیلی هەیە، دەستی پڕ کردووە لە بازن و ئاڵتوون.

با ئافتاو بێدەنگ بکەم، ڕاستییەکەی ئەوەیە جیاوازی من و خوشکەکەم کەلەپچە و ئاڵتوونە، مێردەکەی هەرچی بکات جێگای شانازییە، دەستەکانی تارای پڕ کردووە لە ئاڵتوون و بە مۆنیکا دەیهێنێتەوە ماڵی باوکم، منیش ماڵی باوکم جێهێشت و ڕامکرد و ئێستە بە پۆلیس دەمگەڕێننەوە.

نیگای سەرنشینەکانی فڕۆکە بۆ من لە نێوان ڕق و بەزەیی دابەش دەبن، هەندێکیان دەناسم، بەڵام کێ خۆی لە من ئاشکرا دەکات، هەندێکیانم لە یۆنان بینیووە، تیایەتی لە کەمپەکەی ئیتاڵیا پێشتر بینیبووم، ئەو پیاوەی لە ڕیزی دەستە ڕاست دانیشتووە ملوانکەیەکی لە ملە و پێشتر لە ڕێی یۆنان لەگەڵ ئێمە بوو، هاوڕێکەی پێی دەڵێت "هەتیو ئەو ملوانکەیە لە مل بکەوە، با لە کوردستان نەڵێن کوڕەکەمان شووی کردووە".

هەر بە ڕاستیش هەندێک لە پیاوەکان وایان کرد، بەڵام لە گەڕانەوەیان پارەیان بۆ ماڵەوە دەهێنایەوە، ئیتر هیچ کێشەیەکیان نەبوو، یاخۆ وەک ئەو پیاوەی لە دواوەی فڕۆکەکە دانیشتووە کە جارێک ڕووخسەتم لە پۆلیسەکە وەرگرت بچمە توالێت، ئەویش لەگەڵم هات، لەبەر دەرگای تواڵێتەکە کەلەپچەکەی دەستمی کردەوە، کە هاتمەوەش هەر لە بەردەرگا کەلەپچەکەی کردەوە دەستم، لەو کاتە ئەو پیاوە قەڵەوەم بینی کە ژنێکی ڕەشپێستی هێناوە، لە کەمپەکەی شاری سانتانا ئەو ڕۆژگارەی لە ئیتاڵیا بووم ئەوم وەک کوردێک دەناسی کە کاری دەرمانفرۆشی دەکرد.

دێمەوە شوێنەکەی خۆم دادەنیشم، خەیاڵم بۆ سەرەتای ئەو ڕۆژانە دەچێت کە تازە دامەزرابووم لە فەرمانگەیەکی حکومی، لە پڕ بێئەوەی بەخۆم بزانم پلەم بەرز بووەوە، کە چاوم کردەوە من کەپڵی وەزیر بووم.

# دەستنووسی دووەم کردنەوەی دۆسیەیەکی شاراوە

دەبێت چەند ساڵ بەسەر کوشتنی من تێپەڕیبێت، سەرەنجام لەوانەیە ئێستە کە ئەو نووسینە دەخوێننەوە، شتێک نەمابێت بەناوی حزبە کوردییەکان، بنەماڵەی سەرۆکەکان تەخت و تاراجیان وەک هی پاشاکان کۆتایی هاتبێت، بەڵام ناچارتان دەکەم بیر لەو ڕۆژگارە بکەنەوە، دەبوو شتێک بنووسم بۆ داهاتوو، منێک کە لە بەردەم ترسی مردنم، کەس باوەڕم پێ ناکات، وازم لەو ڕۆژنامەیە هێنا کە کارم تێدا دەکرد، باوەڕم پێ ناکەن کە هەڕەشەی کوشتنم لەسەرە، دەمەوێت لە بەردەم ئەو هەموو مەترسییەدا لە پەیامنێرەوە بمکەن بە دەستەی نووسەران، ئەوەشم بۆ ناکەن، دەزانم کە کوژرام ساڵانە یادم دەکەنەوە، دەشکرێم بە ئەندامی شانازی دەستەی نووسەران.

دەبێت کەمێک بوەستین لە خوێندنەوەی دەستنووسەکە، چونکە کارۆخ وا تێگەیشتووە تا سەد ساڵیتر ئەو دەستنووسە ڕووناکی نابینێت، نەیزانی بێ ئەوەی هیچ لە دەسەڵاتەکان و بنەماڵەکان ڕوو بدات دەستنووسەکانی لەگەڵ کۆمەڵە دەستنووسێکی تر لە دوو توێی ئەو کتێبەدا چاپ دەبن.

ئەو پێشبینیەی ڕاست بوو، دوای مەرگی کرا بە ئەندامی شانازی دەستەی نووسەران و ساڵانەش یادی دەکرێتەوە، ئەو پەراوێزە تەنیا بۆ ئەوە بوو ڕوونکردنەوە لەسەر دنیای دوای مەرگی ئەو بدەین، لە پاڵ هۆشداری ئەوەی زۆر تێنەپەڕی بەسەر مردنی کە ئەو دەستنووسە چاپ دەکەین.

دەمەوێت لە نووسین بووەستم، حەقیقەتەکان بە شاراوەیی بهێڵمەوە، ئەوەی نووسیومە بیسووتێنم، بەڵام خۆ من سیاسی نیم تا درۆ لەگەڵ ئەو خەڵکە بکەم، نا پێویستە ڕۆژێک ڕاستییەکان وەک خۆی بە کۆمەڵگا بگات، کەواتە بەردەوام دەبم لە تەواوکردنی ئەو دەستنووسەش .

پێویستی بەوە نەبوو ئەو ستوونە ڕۆژنامەوانییە لەسەر والی بنووسم، بەڵام کاتێک تێگەیشتم لە هەڵەکە، هیچ شتێک کۆنترۆڵ نەدەکرا، عوبێد هاوڕێی منداڵیم بوو، لەو عەرەبە دە هەزاریانە بوو کە حکوومەتی عێراقی لە باشوور هێنانی بۆ کەرکووک و تەعریبی پێکردن، هەر ماڵێك دە هەزار دیناری ئەو ڕۆژگارەی پێدان، هەر لەو ڕۆژگارەوە لەگەڵ عوبێد هاوڕێ بووین، ڕاستییەکەی ئێمە سەرەتا زمانی یەکمان نەدەزانی، بەڵام بەهۆی قوتابخانە و یاریی کۆڵان توانیمان کوردی و عەرەبی و تورکمانی تێکەڵ بکەین و زمانێکی تایبەت بە خۆمان دروست بێت.

ئەو بەهۆی ئەوەی کاری دەرمانی دەکرد، وردە وردە تێیگەیاندم کە دەکرێت منیش لەگەڵیدا کار بکەم و گوتی "قارداش کارێکە زۆر ئاسانە بە سەیارە ئەچین بۆ سەر سنوور و لەوێ ئەیهێنین بۆ ئێرەو ئیتر ئێمە هەقمان بەسەریەوە نابێت".

ئەوەی کارەکەی خۆشەویست کرد بوونی ئەو شەوانە بوو کە دەیانبردم بۆ خانوویەک هۆڵێکی گەورەی لێ بوو، چەند ژنێکی قژ درێژ لە شێوەی ئەوانەی گۆرانی "یەل پورتوقاله" سەمایان دەکرد، دواتر هەریەکەمان دەستی یەکێکمان دەگرت و دەمانبردنە ژوورەوە. ئیدی خێرا توانیم تێکەڵی کارەکە ببم و بتوانم دەرمانەکان لەکاتی هێنان بشارمەوە و بێ کێشە بیهێنم، گرفتی من لەو ڕۆژە دەستی پێکرد کە داوای پارەی زیاترم کرد، کاتێک وتم «ئەگەر بۆم زیاد نەکەن واز دێنم» نەمدەزنی وازهێنان کۆتایی هاتنە بە ژیانم، بەڵام عوبێد یارییەکی سەیری لەگەڵ کردم. گوتی «من لە محاوەلەم راتبی تۆ زیاد بکەن، حەسەب تەلەبی موخەصەساتی داوات کردووە» باسی لەوە کرد کە چاوی زۆرمان لەسەرە و پۆلیس بەدوای ئەوانەدا دەگەڕێت، بۆیە پێویستە کارێک بکەیت خۆتی تێدا بشاریتەوە، بەپێی ڕۆژەکان وتی تۆ لە جەریدە کار دەکەیت هەوڵبدە مەقالەیەک بنووسە لەسەر رەئیسی دەولەت یان والی، تا کەس خەیاڵی خراپ لە تۆ نەکات، وا بزانن بەس خەریک کیتابە و نەقدی لە حکوومەت .

ئەو قسەیە ڕێک پێچەوانەکەی ڕاست بوو، ویستیان کە کوشتمیان بڵێن دەوڵەت لەسەر ئەو نووسینە کوشتی، کە من بۆ خۆم چاڵم بۆ مەرگی خۆم هەڵکەند، ئێستە هەست بە ترسێک دەکەم نازانم عوبێد و ئەوان دەمکوژن یان والی لەسەر ئەو نووسینە، بۆیە دەبوو دەستنووسی دووەم ڕاستی هەڵەی خۆمی تێدا بنووسم، هەڵەیەک نەمکرد، بەڵکو پێیان کردم.

لە کۆتایی دەستنووسەکە کاغەزێک بە دەمبوسێکەوە دراوە لە دوا لاپەڕە، وەک ئەوەی کۆتایی مەرگ بنووسێتەوە، بە قەڵەمێکی سۆفتی سوور و بە خەتێکی نیمچە شاش نووسراوە، ڕەنگە ئەوە ئازاراویترین لاپەڕەی دەستنووسەکان بێت بۆ من . ئەو دەنێرن بۆ گەرمیان لەڕێگا تەلەفۆنی بۆ دەکەن و دەڵێن کارمان پێتە هەر ئێستە بگەڕێوە، کاتی گەڕانەوەی ڕێکەوتی خۆرئاوابوون دەکات، عوبێد تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێت نیو سەعاتی تر دێمە ماڵەوە ئیشم پێتە، کاتێک لە دەرگا دەدرێت بە پەلە دەچێت دەرگاکە دەکاتەوە، گەڕەک گوێیان لە ڕێژنەی گولە دەبێت، ئەو دەمەی جەستەیەک کەوتووە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت "ئەو هیچ و پووچە درۆی لەگەڵ کردم، ئەو بوو کوشتمی" .

# بەکرە شەل مێژووی خوێناوی دەبینێت

ڕێکخستنی سەفەرەکەی بەکرە شەل کەوتە سەر ئەو دوو پیاوە، ئەوان پێشتر خۆیان به ماڵی کابرای کوردەی چاوساغی کەنیسەدا کرد، دوای چوون و هاتنی کوردە سەرەنجام توانیان ڕۆژێک دابنێن بۆ چوونە ژوورەوەیان.

ئەو ڕۆژە ئەوان سێ کەس بوون خۆیان بە کەنیسەی حەمرادا کرد، بەکرە شەل لە سەرکەوتنی بۆ سەر گردەکەی کەنیسە، شێوەی بەتریقێکی وەرگرتبوو، لە کات و ساتی خۆیان گەیشتنە ئەوێ، کابرای کورد لەبەر دەرگا بوو، ئەوانی خستە حەوشەکەوە، ئاراستەیەک وەک تولەڕێ بەرەو قوولایی دەڕۆیشت، لە دەستە ڕاست گۆڕەپانێکی گەورە دەبینێت، ئەوە گۆڕستانێکە مردووی بنەماڵەی قەشەکان و بەشێک لە مەسیحییەکانی تێدا دەنێژرێت .

کاتێک بەلا نیگاوە سەیری گۆڕستانەکە دەکەن، هیچ نهێنییەک نابینن، ئاوڕێک بۆ دەستە چەپ دەدەنەوە لەناو دەرگایەکی دوو دەری درێژ، مەتران وەستاوە بۆ پێشوازییان، دەیانباتە ناو هۆڵەکەوە، ئەوە هۆڵێکی بچووکی ڕێوڕەسمی تایبەتی کلێسایە کەمتر نوێژی لێ ئەنجام دەدرێت، لەسەر دیواری ناوەڕاستی دەستە ڕاست وێنەی خاچێک سەرنجت ڕا دەکێشێت .

مەتران پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیە و ڕێ دەدات قسە بکەین، تا نیازەکانمان دەخوێنێتەوە، ئەوسا بەشێوەیەک وەڵام دەداتەوە بواری هیچ قسەیەک ناهێڵێتەوە، بەکرە شەل ئاوا بۆ شاهۆ وەسفی دیدارەکەی کردووە، بەڵام هێشتا باسی گەنجینەکەی نەکردووە .

لەوە دەچوو نیازخراپی ئەوان لەلایەن کەنیسەوە خوێنرابێتەوە، بۆیە چوونی ئەوان بۆ لای قەشە، تەنیا وەک سەردانی مسوڵمانێکە تا مێژووی ئەو زوڵمە ببینێت، کە لە مێژوودا لەو شارە لە مەسیحییەکانیان کردووە، کاتێک باسیان لە بەشداری بنیاتنانەوەی کەنیسەکە و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر کردنەوەی کەنیسەیەکی تازە لە کام شاری کوردستان ئەوان پێیان خۆش بێت کرد، مەتران بە نیگایەک کە پڕبوو لە سووکایەتی، دەیویست بیانوەستێنێت و بێدەنگیان بکات، دوای ساتێک هاتەوە قسەکردن.

مەسیحییەکان نایانەوێت کەنیسەی تازە بکەنەوە، تەنیا پارێزگاری لەوانە دەکەن وەک میرات و کەلەپوورێکی ئاینی تایبەت بە خۆمان ماونەتەوە، هەرچی شتێک لێرە ئێوە بینیووتانە، نەک نابەخشرێت، بەڵکو تا مرۆڤێک لەم شارە بێت ناچێتە دەرەوە. قەشە لە پاڵەوانێك دەچوو کە لە جەنگی مسوڵمانەکان گەڕابێتەوە، دەیویست ڕقی لە عەلە بەستێ و جەنگاوەرە مسوڵمانەکانی ئەو ڕۆژگارە لە بەرامبەر ئەو سێ ئەندامەی باڵندە تۆراوەکان بخاتە ڕوو، باسی لەوە کرد کە ئەو کەنیسەیە بۆیە بە کەنیسەی سوور ناوی دەرکردووە، کاتێک هێرشیان کردە سەر کەنیسە مەسیحییەکانیان لەو بەرزایە کووشت تا ماوەیەکی درێژ نەیانهێشت ئەو خوێنە سوورەی سەر کەنیسە پاک بکرێتەوە، ئەوە بە فرمانی جەنگاوەرێکی کورد بوو بە ناوی عەلە بەستێ.

ویستی ئەو قسانە بە بەڵگەوە نیشانمان بدات، بۆیە سەرنجی ڕاکێشاین بۆ دەرگایەک کە لەسەر دیوارەکە بە وێنە نەخشێنرابوو، دەستێکی بۆ وێنەکە بردوو دەرگاکەی کردەوە، گۆڕستانێکی بچووکی تاریک، گۆڕی قەشە و بنەماڵەکانیان بوو، کە لە شەڕە خوێناوییەکەی ئەو کەنیسەیە کوژرابوون، ڕۆژی لەدایکبوون و مردنیان لەسەر دیوار و سەر گۆڕەکانیان نووسرابوو، لەناو هەر گۆڕێک یان دیوارێک سندوقێکی تایبەتی پڕ لە دەستنووس هەبوو، تەواوی مێژووی ئەو ڕۆژگارەو بنەماڵەکانیان نووسراونەتەوە، هەندێک لە گۆڕەکان لەناو دیوارن، دیواریان هەڵکۆڵیوە و مردووەکانیان تێ کردووە.

لەوێ مێژوویەکی خوێناوی دەبینیت، هەر هەموویشی نووسراونەتەوە، نەک نەمانتوانی یەک کاغەز چییە بیهێنینە دەرەوە، بەڵکو دەیووت "یەک هەڕەشە لەسەر کەنیسە هەبێت خێرا پاپاو کەنیسەی کاتدرائیە ئاگادار دەکەینەوە، ئێرە بەشێکە لە میراتی مەسیحیەت لە دنیا، مێژووی خوێناوی و مەسیحییەتی ئێمە دەسەلمێنێت"

شاهۆ هیچ لەوانەی نەبینیبوو، وەک شێت بەناو ژوورەکە هاتوچۆی دەکرد، داوای لە سێ پیاوە گەڕاوەکەی ناو کەنیسە کرد بچنە دەرەوە و بە تەنیا جێی بێڵن، کە ژوورەکەیان جێهێشت کەوتە نووسین، هەرچی بیستبووی ناوی برد بە سەرچاوە دێرینەکان، ئەوسا هاتە سەر باسی شەڕەکە، بەو شێوەیە یەکەم وتاری لەبارەی ئەو مێژووە خوێناویە نووسی، دواتر ئەو وتارەی کرد بە بەشێک لە کتێبی "خوێن و کوشتارگە: لە کلێساوە بۆ مزگەوت". بەڵام هەرگیز جارێکی تر نەگەڕایەوە سەر باسی دەستنووسەکانی کەنیسە، بەڵام خێرا کەوتبووە ساغکردنەوەی دەستنووسەکانی مزگەوت و چەندان بەرگی تری لێ چاپ کردن بەناوی "کۆ بەرهەمە فیکریی و ئەدەبیەکانم"

# چۆن بە وەزیری دارایی ڕازی بووم

"من عاشق بووم، بەڵام نەک لەو عاشقانەی کچێک دەناسن و شەڕی هەموو دنیای لەسەر دەکەن، عەشق بۆ من خەوتنە لەگەڵ زۆرترین ژنی دنیا"

وەزیرێک لە کابینەی حکوومەتدا ئاوا لە رۆژمێرەکەی خۆیدا بیرەوەری ڕۆژەکانی خۆی دەنووسێتەوە، ئەو دەمەی ڕۆژمێرەکەی لەبیر دەچێت بییات، بە ئەسپایی دەیخەمە جانتاکەمەوە، ئیدی ئەوە سەرەتای کوشتنی خەون و دۆزینەوەی تاریکییە لە نیگاکانی خۆمدا، منێک کە سکرتێری ئەو بووم هەموو شتێکی بۆ کردم تا منی لە ژووری ژمێریاری گواستەوە بۆ سکرتاریەتی خۆی، وەک منداڵێک موجامەلەی دەکردم، وەک هەرزەکارێکی عاشق نامەی دڵداری بۆ دەنووسیم، تەنانەت دیدارە ڕۆژنامەوانیەکانیشی بەبێ بوونی من ئەنجام نەدەدا، نەک بەهۆی ئەوەی کارەکەم ڕێکخستنی دیدارەکانی بوو، بەڵکو دەیویست لە نزیکی بم، هەمیشە کاتێک لە پشت کامێرا دەوەستا دەیویست بزانێت من هیچ تێبینیەکی پێ نالێم، هەندێکجار بە ئاماژەی چاو پێم دەگوت کە ڕیباتەکەی چاک بکات، یاخۆ یەخەی کراسەکەی .

نەدەکرا دوای سێ مانگ لە بایەخدانی ئەو ئیدی خۆڕاگر بم، شەوێک نامە لەسەر نامەی دەنارد، ئەو کە وەزیر بوو، کەچی ئەمشەوە نامەیەکم بۆی نارد بیرم چوو کە من تەنیا سکرتێرێکم، بۆیە وەک خۆشەویستی بۆم نووسی "بەسە حەیوان منت خستە خۆشەویستی خۆتەوە، ئێستە بخەوە بەیانی لە وەزارەت قسە دەکەین".

بەیانی ئەو ڕۆژە تەنوورەیەکی کورتی سوور و کراسێکی سپی قۆڵ کورتم لەبەر کرد، قژم کردەوە، عەتری شانێلم لە گەردنم دا، بەرەو وەزارەت دەڕۆیشتم لە ڕێگا بیرم دەکردەوە، من دەبمە ژنی وەزیر، منداڵم دەبێت، لە کابینەی داهاتووی حکوومەت بۆ ئەندام پەرلەمانی خۆم هەڵدەبژێرم.. کاتێک دیمانەی تەلەڤزیۆنیم دەبێت، ڕۆژنامەنووسان لێیم دەپرسن: تۆ وەک پەرلەمانتارێک کە هاوسەرەکەشت وەزیرە چۆن کاری حکوومەت و منداڵ و خێزان ڕێک دەخەن؟

خەندەیەکیان بۆ دەکەم تاوێک بێدەنگ دەبم، تا دێمە سەر قسەکردن لە خۆشەویستی کە هۆی سەرکەوتنی خێزانەکەی ئێمەیە، بەدەم ئەم خەیاڵانەوە دەگەمە ناو وەزارەت، لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم و دوای کاتژمێرێک جەنابی وەزیر دەگاتە بەردەمم، بەیانی باشێکم لێ دەکات لە هیچ بەیانەکی تر ناچێت، دەڵێت "چ نووسراوێکی دوێنێ ماوە واژوو نەکراوە، خێرا بۆم بێنە ژوورەوە" ئەوەندە دەڵێت و دەچێتە ژوورەکەی خۆی .

ئەو هەموو نوسراوەکانی واژوو کردووە، بەڵام مانای وایە وەرە لام بۆ ژوورەوە، بەدوای ئەو فایلێک هەڵدەگرم و دەچمە ژوورەوە، بە نیگایەک لێم دەڕوانێت وەک ئەوەی بیەوێت بەچاو ڕووتم بکاتەوە، هەرزەکارانە پێم دەڵێت "خۆشم ئەوێیت" لەسەر قەنەفەکەی نزیک کورسی و مێزەکەی دادەنیشم، خەندەیەکی بۆ دەکەم، ئەوە سەرەتا و یەکەم چرکەی عەشقەکەمان بوو، عەشقێک بە چوونە دەرەوە و ژواندانان دەستی پێ کرد، هەموو شتێک لەوپەڕی ڕۆمانسیەت بەڕێوە دەچوو .

ئەو وەک هەر بەرپرسێکی تری ئەو وڵاتە خانووی تری لەو گەڕەکە تازانە هەبوو کە ناویان ناوە گوندی بەریتانی و گوندی ئەڵمانی و گوندی ئەمریکی، خانوویەک هەموو پێداویستییەکی ماڵ و بۆ خۆی بەهەشتێکە، هەندێک ڕۆژ لە بەیانییەوە دەیبردمە ئەوێ تا دەمەو عەسر، کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر دەبرد، نەمدەویست بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، بۆم گرنگ نەبوو کە هاوسەری هەیە و خاوەنی دوو منداڵیشە، ئاخر من بە ڕاستی عاشق بووم .

ئەو ڕۆژەیشم بیرە کە کونی کردم، بووم بە ژن، ئەو دڵی دەدامەوە کە نەترسم، دەبێت بە مێردم، منیش سەرم دەخستە سەر شانی و دەمووت "من عاشقتم باوەڕم پێتە، کە دەمکەیتە ژنی خۆت".

ئەو پەیوەندیە چەندان مانگی بەسەردا تێپەڕی، تا ئەوکاتەی باسی لەوە کرد کە ناتوانێت بمهێنێت، بەڵام هەرچیم بووێت بۆم دەکات، من کە کرابووم بە ژن، نەدەکرا بە کونکراوی شوو بکەم، نەشمدەتوانی هەتا سەر داخوازیکەرانم ڕەت بکەمەوە، بەتایبەت کە کوڕە خاڵێکم دڵی پێمەوە بوو .

هەندێک جار ساویلکەیی و سۆز بوار نادات مرۆڤ بیر بکاتەوە، نا ئەوە عەشقە کە دۆزیتەوە شێتانە متمانە بەئەوی تر دەکەیت و نازانی ئەو جگە لە ئارەزووە چڵێسەکانی هیچیتر بە خەیاڵیدا نایەت، دەبوو بڕیارێکی بوێرانە بدەم، هیچ ڕێگایەک نەبوو جگە لەوەی ڕۆیشتنێک بڕۆم ئاوڕ لە دواوە نەدەمەوە، شتێک نەبینم بەناوی پیاوەکانی ئێرە، بۆیە داوام لێ کرد بمخوازێت یا بمنێرێتە دەرەوە، دەمزانی ئەو جۆرە پیاوانە لە ژنەکانیان دەترسن، بۆیە ناتوانێت بمهێنێت، نەیدەویست بمنێرێتە دەرەوەش سەرەتا ملی نەدا، بەڵام دەیزانی گەر لەلای کەناڵێکی ڕاگەیاندن نهێنیەکان بدرکێنم پۆستەکەی لەدەست دەدات، لە حزبیش دەردەکرێت، بۆیە بەیانیەکیان پێی گوتم "سەفەرەکەم بۆ ڕێکخستوویت لێرە تا تورکیا بە فڕۆکە دەڕۆیت لەوێوە دەچیتە یۆنان و لەوێشەوە بۆ ئیتاڵیا، پارەی سەفەرەکەشت هەمووی دابین بووە".

بەبیانووی سەفەرێکی دوو ڕۆژی وەزارەت بۆ بادینان ڕووخسەتم لە باوکم وەرگرت، هەندێک جلوبەرگی پێویستم خستە جانتا وماڵەوەم جێهێشت، دایکم دەیووت "ڕۆڵە تخوا دێیەوە، دڵم خەبەری داوە جارێکی تر ناتبینمەوە" بە چاوێکی پڕ لە گریان و پێکەنین گوتم "خوات بێت دایکە بۆ وا دەکەیت، خۆ ناچم بۆ قەبرستان".

دایکم ڕاستی کرد، من کە باوەشم لێیدا ماڵئاوایی یەکجاریی بوو، ئێمە واین مندالە درۆزنەکانین، ئاخر دەبوو بڵێم "بۆنم بکە، تێر سەیری چاوم بکە.. شەقازلەیەک لە بنا گوێم بدە و حاشام لێ بکە، پێم بڵێ تۆ لەمڕۆوە کچی من نیت تۆ قەحپەیت" منێک هیچم نەگوت، چونکە مردنم لە خۆم دوور دەخستەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دایکم وەک من دەیزانی و هەستی پێ کردبوو، ئەوە دواهەمین دیداری نێوانمانە، ئیدی بۆ هەتا هەتایە من و ئەو یەکتری نابینینەوە.

# پەراوێزێک بۆ دەستنووسەکەی ڕێبوار

ئەوەیان دەستنووسی کەس نییە، بەڵکو پەراوێزێکە بۆ دەستنووسەکەی ڕێبوار، چونکە ئەوەی نووسی کۆتایی وشەکانی بوو، ئەو پێشبینی مەرگی خۆی کرد، دەیزانی دەمرێت، داوای لە ئیمبراتۆر کرد لەسەر خەونێک نەیکوژێت .

سەیرەکە ئەوەیە شاهۆ کەریم ناکوژرێت، کەس ناتوانێت بەربەستی بۆ دروست بکات، کەچی گەنجێک لەسەر خەونێک، ساتەوەختێک بۆ خەیاڵکردن دەکوژرێت، ئەو دەیزانی دەیکوژن، بۆیە گوتی لەسەر ئەو نوکتەیە مەمکوژن، بەڵام لەبەردەم دەستنووسەکەیدا ئەوەی ڕامدەگرێت، ئەو پرسیارەیە: کەسێک دەزانێت نووسینێک بنووسێت دەکوژرێت، ئیدی بۆ دەینووسێت؟

بیر لەو پرسیارە دەکەمەوە، تێدەگەم مەرگ چەند لە ژیان نەمرترە، ئەو هەستی کردووە ئەو ژیانەی تێیدایە هیچ مانایەکی نییە، ویستویەتی بمرێت، نا نەیویستووە بمرێت، بەڵکو هەستی کردووە قسەیەکی پێیە دەیەوێت بیکات، ترسێک بە دڵیدا هاتووە، ئەو ترسە دواهەمین وێنەی ڕەشبینیە بیری لێ کردووەتەوە و نووسیویەتی، لێرەوە من تێدەگەم نووسین لە ژیان گرنگترە، ژیان گەمەیەکی بەردەوامە و هیچی تر، بەڵام نووسین هەڕەشەکردنە لە ژیان، زەوتکردنی خەونە، گواستنەوەی مرۆڤە بۆ ناو مردن.

دەترسم زیادەڕۆیی بکەم، لە دەستنووسی ئەوان دوورتان بخەمەوە، بەڵام منیش وەک ڕێبوار قسەیەک لە دڵمدایە نەیکەم دەمرم، وەک ئەویش پێتان دەڵێم دوای ئەو قسانە تکایە مەمکوژن، دایکم چاوەڕێیە ئێوارە بڕۆمەوە ماڵەوە، ئەو دەمەوعەسر منی نارد لە لای حەسەن نەجم پاقلاوە و چۆرەگ بکڕم، لە گەڕانەوەش بە بازاڕی قۆریەدا بێمەوە دوو کیلۆ گۆشت بۆ شفتە بکڕم، ئەو دەیەوێت بۆ سبەینێ کە هەینییە و دەوام نییە، بە یادی مندالی بە شفتە و سماق و تەڕەتیزە سفرەمان بۆ پڕ بکاتەوە لە پاکیزەیی سەردەمی مندالی، بۆیە لەسەر قسەکانم ڕێگا مەدە چەکدارەکانی ئیمبراتۆریەت بمکوژن .

دەی ئێستە کاتی ئەوەیە قسەکەم بکەم، ئەگەر ئێوە ئەو گەنجەتان نەکوشتبا چی ڕووی دەدا؟ ئەی ئیمبراتۆر بڵێی ئەوە بۆ دەمکوتکردنی ئێمە بێت.. بۆ ئەوەی پێمان بڵێیت ئەوەی قسە بکات ئاوا دەیکوژین؟ دەی خۆ ئەو قسەی خۆی کرد، ئەوە منیش لە پەراوێزی دەستنووسەکەی ئەو قسەی خۆم کرد، دوای منیش قسەی تر هەیە بکرێت، منیش بکوژن، ئەویتریش بکوژن، ئەو هەموو کوشتنە چی لێ دەکەن، ناترسن وەک دەسەڵاتێکی خوێناوی و پیاوکوژ ناوتان دەربکەوێت؟

ئەوە مەترسییەکەیە، مەڵێ بە بڕیاری من نەکوژراوە، دەزانم ئیمبراتۆریەت کاتی بۆ ئەو نووسینانە نییە، بەڵام تا کەی ئیمبراتۆر وەک وێنەی خواوەند سەیر دەکرێت، هەر کاتێک لە نووسینێکدا ناوی هات، دەبێت سزای نووسەرەکە مردن بێت، من ئێستە دەگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵام ئێوارە کاتێک درەنگانێکی شەو گۆشت و شیرینیم بردەوە، با کەس بەناوی چەکداری نەناسراو لە دەرگای ماڵەکەمان نەدات و تەقەم لێ نەکەن، چونکە بڕیارە ئەم ئێوارەیە پاقلاوەی حەسەن نەجم بخۆین و سبەی نیوەڕۆش خوانی شفتە کۆمان بکاتەوە.

# دەستنووسەکەی ئاراس بەناوی «وەسیەتنامەیەک»

بێباکانە هەڕەشەی مەرگم لێ دەکەن.. ئەوان بێباکن وەک خۆیان باسی دەکەن، لە کوێ شکات دەکەم بچم بیکەم، وەک دەڵێن "یاسا ناتوانێت ئێمە بگرێت، یاسا تەنیا بۆ ئێوەیە" تۆ کە ئەو وەسیەتنامەیە دەخوێنیتەوە، تووشی سەرسوڕمان مەبە، باس لە سەردەمی ئەتاتورک و ساسانییەکان ناکەم، ئەوە باسی حوکمڕانی خۆمانە، سەیرە بەلاتەوە، نازانم لەو ڕۆژگارەی تۆ وەسیەتنامەکەم دەخوێنیتەوە، ئاخۆ دنیا گۆڕاوە و کورد حکوومەتەکەی بووە بە دەوڵەت؟ ئاخۆ ئێستە نەفرەت لەو جۆرە بەرپرسانە دەکەن، یا بەچکە زۆڵی ئەردۆگانی وڵاتیان داگیر کردووە، یا هەموو شتێک هەروەک سەردەمی ئێمە ماوەتەوە و هیچ نەگۆڕاوە .

چووبوومە کونج و کەلەبەری دزیەکانیان، پەیوەندیەکانیانم ئاشکرا کرد کە چۆن بازرگانی نەوت لە تەک داعش دەکەن، نەک هەر ئەوە سەعی مەولود بەرپرسی سەربازی حزب دەستی لە تیرۆرکردنی چەندان کۆمۆنیستی دەڤەرەکەی ئێمە هەیە، تا ئێستە پەلاماری دوو کچی گەنجی داوە، بە پارە سوڵحی عەشایەرییان بۆ کردووە، من بە دەنگ ئەوەم لابوو کە چۆن بە یەکێک لە ماڵی ئەو کچانە دەڵێت "سومعەی من بە ئێوە لەکەدار نابێت، ئەوە ئێوەن منـ دالٌتان تەربیەت نەداوە تیرۆریستەکان ناردبوویان بۆ من تا تیرۆرم بکەن".

ئەو کە ڕەگێکی لادەری لەناو حزب هەبێت و دۆستی سەرکردەی باڵندە تۆراوەکان بێت، دەتوانێ چیان بەرامبەر بکەیت، ئەوان کە تەواوی دنیای ئێمەیان زەوت کردووە، بەدوای پاشماوە و شوێنەوارە کۆنەکانیشمانەوەن، ئەگەر هات و دوای ئەو وەسیەتنامەیە زیندوو مامەوە و نەیانکوشتم، چونکە دەزانم دەکوژرێم، بەڵام گەر دەرفەتی ژیانم مابوو، هەوڵ دەدەم باس لە تالانی و دزییەکانی ناو قەڵای شێروانە بکەم، ئەو قەڵایەی بە بیانووی ڕووخان دەستیان چووە سەر گەنجینەی دەستنووسە کۆنەکان، لە ڕۆژێکی بارانی بەناوی لیژنەی چاککردنەوە سەعی و پیاوەکانی چوونە ژوورەوە، لە شەودا چەندان بەرگە کتێب و دەستنووسیان خستە ناو کارتۆن، تا بارەگاکەی شاهۆ کەریم نەوەستان .

دزینی دەستنووسەکان شتێکی کەم نین، ئەگەرچی تا ئێستە ڕاگەیاندنە ئەهلیەکان نەیانویستووە یا بەلایانەوە گرنگ نەبووە باسکردنی، بۆ بەرپرسەکانیش ئەوە بابەت نییە، بەڵام باڵندە تۆراوەکان زۆر بایەخ بەو کەیسە دەدەن، دەیانەوێت هەرچی دەستنووسی کۆنە بیگوازنەوە لای خۆیان، بۆیە بەناو کونج و کەلەبەری تەواوی شارەکاندا هاتوون، خەمی گەورەیشیان ئەوەیە نەیانتوانیووە بچنە ناو ئەو کتێبخانە و گەنجینانەی کە لەژێر دەستی خۆیاندا نین، ڕەنگە ئەوە تاکە خەونێک بێت نەتوانن بیهێننە دی.

که کوژرام بڕوا بەو چیرۆکە درۆینانە مەکەن، گەر وتیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە کوژراوە، لە منداڵیش باوەڕ ناکەم نە لە کۆڵان و نە لە قوتابخانە دڵی هاوڕێیەکم ئازار دابێت، لە ژیاندا یەکجار پەیوەندی سۆزداریم هەبوو، ئەویش لەگەڵ سوهەیلا بوو، ئەو کچە چاو مەستەی دێوانەی خۆی کردم، ئەو کچەی ئێستە هاوسەرمە و بڕیار وایە دوو مانگی تر منداڵێک بێنێتە دنیا، کچێک دێنێتە ماڵەکەمان، وەک خۆی جوان، ئیتر ساڵێکیتر لە ماڵەکەی ئێمەدا دایک و کچێک شەڕ لەسەر جوانی دەکەن و پێش ئاوێنەکان بەر نادەن .

ترسم هەیە بکوژرێم و کچەکەم نەبینم، ئێواران کچ و دایک لەبەر دەرگا چاوەڕێم دەکەن، شەوان بە هەنیسک و گریانەوە ڕۆژ دەکەنەوە، بەڵکو تا درەنگانێک یاریی لەگەڵ کچەکەم بکەم تا ئەخەوێت، ئەوسا ڕوو بکەمە سوهەیلا و بڵێم "جا لە ئێستەیشەوە کاتی تۆیە جوانێ" ئەویش بەدەم شۆخیەوە بڵێت "بڕۆ لای کچەکەت تا ئەو نەخەوێت کێ ئێمەی لەبیرە". ئەو دەمە لە باوەشی دەگرم و پێی ئەڵێم "کچێ لەناو گۆڕیش بم تۆم هەر لەبیرە". دەست دەخاتە سەر دەمتم تا بێدەنگم بکات، دەیەوێت خەونەکەمان بێتە دی، نایەوێت بمرم، منێک کە دەزانم دەکوژرێم لەبەر دڵی ئەو دەڵێم "سەعی و شاهۆ پێکەوە ئاربیجیم پێوە بنێن نامرم، من بەس ئەو چاوانەی تۆ دەمکوژێت".

ئێستە کە بیر لەو ساتە دەکەمەوە، دەترسم دوو پیاو خۆیان بکەن بە حەوشە، ئەو دەرگایە بشکێنن و بمدەنە بەر گولە و سوهەیلا خۆی بەسەر تەرمەکەمدا بدات، هێندە بگریی تا گەرەک و بان لە من کۆ دەبنەوە، پیاوەکان عەیامێکە سواری ئەو ماشێنە بوون کە لەبەردەرگا چاوەڕوانی دەکردن من بکوژن و قوتاریان بکەن.

# کێ نووسەری ئەم دەستنووسەیە؟

ناتوانم بۆم یەکلا بێتەوە ئاخۆ پیاوەکانی شاهۆ دوای شکستهێنانیان لە بردنی دەستنووسەکانی کەنیسە، چوونەتە سەر قەڵای کەرکووک، یا بەر لە سەفەرەکەیان بۆ لای مەتران پێشتر دەستنووسەکانی سەر قەڵایان دزیووە .

ئەوەی ئەو نووسینەی لەسەر ڕەفەکان داناوە، بە خەتێکی خراپ و دەربڕینێک نووسیویەتی، ترسی هەبووە لە ئاشکرابوونی دەستنووسەکەدا بناسرێتەوە، یاخۆ ئەو دەستنووسە نووسینی یەکێک لەو پێشمەرگانەیە کە لەگەڵ پیاوەکانی شاهۆ چوونەتە سەر قەڵاو چاوساغیان بۆ کردوون .

هێندەی سەر دێنم و دەبەم ئەوە لە پاکانەی پێشمەرگەیەک دەچێت کە نەیتوانیووە لەگەڵیان نەڕوات، لە هەمانکاتدا نەیویستووە خیانەت لە شارەکەی خۆی بکات، بۆیە ئەو دەستنووسەی نووسیوە و ناردوویەتیە ئەوێ .

ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاست بێت، کەواتە خەتی نووسەرەکە بە دەستی ئەنقەست نییە، ڕەنگە پێشمەرگەکە خوێنەواری هەر ئەوەندە بووبێت، نەیتوانیبێت لەوەش باشتر گوزارشت لە ڕووداوەکە بکات.

دیارە لەسەر قەڵا دەرگایەک هەیە بە شیش داخراوە، لە نێوان شیشەکان دەتوانی سەیری حەوشەکە بکەیت، لە گۆڕەپانێکی چۆڵ دەچێت، کەمێک لە قووڵایی گۆڕەپانەکەوە دەرگایەکی تر هەیە بە زنجیر و قوفڵ داخراوە، سێ گۆڕ لەوێیە، ئەوە مەزاری دانیال پێغەمبەر و دوو پێغەمبەری ترن، نووسەری دەستنووسەکە باسی لەوە کردووە چۆن لەحیمچییەک بە خۆی و کۆسەرەوە دەبەن و دەرگاکان دەشکێنن و دواتر دەکەونە تێکدانی مەزاری پێغەمبەرانیش .کاتێک چووینە سەر قەڵا نیوەڕۆ بوو، بەر لە چوونی ئێمە پاسەوانی ئەوێ ئاگادار کرابوونەوە، بۆیە لەگەڵ ڕۆیشتنی ئێمە، پێمەوایە ڕێگایان نەدا کەس سەربکەوێت، گەیشتینە مەزارەکەی حەزرەتی دانیال، لەحیمچییەکە تاوێک لەبەر دەرگاکە ڕاما کۆسەرەکەی داگرت، ئێمە لەسەر دیوارەوە سەیری حەوشەکەمان دەکرد، لە ماوەی نیو سەعاتدا شیشەکانی بڕی و چووینە حەوشەکە، دوو پێشمەرگە پاسەوانی بەر دەرگایان کرد، هەموومان چاوەڕوانی فەرمانی بەکرە شەل بووین، لە ناوەڕاستی حەوشەکەوە لە دەوروبەری خۆی ڕا دەما، یەکێک لە ئێمە ئاماژەی بۆ هەیوانەکەی ئەوسەر کرد کە ئەوێ مەزارەکەیە، هەموومان بەدوای هەڤاڵ بەکر ڕۆیشتین، لەودیوو شیشەکانەوە فرمانی دەرکرد قوفڵ و زنجیر و شیشەکان بشکێنرێن، لەبەر خۆیەوە بە یەکێک لەو دوو هاوڕێیەی خۆی گوت کە دوو پیاوی قات لەبەر بوون "بەشێوەیەک دەبێت بشکێندرێت دوایی بتوانین چاکی بکەینەوە". ئاسنگەرەکە سەرێکی لەقاند و گوتی "خەمتان نەبێت، ئەوە کاری خۆمە".

هێشتا ئەو لەگەڵ دوو هاوڕێکەی باسی لە پلانی کارەکە دەکرد بینی ئاسنگەرەکە کەوتە قسەکردن "گەورەم تەواو فەرموون" زنجیر و قوفڵەکانیان لێ کردەوە، بەسەر گۆڕەکان سوڕاینەوە، وەک ئەوەی پێمان گوترا ئاوامان بەسەر گۆڕەکاندا کرد و پاکمان کردنەوە، دواتر ئێمە دابەش کراین بۆ هەلکەندنی لێواری گۆڕەکان، لە پڕ کەسێک گوتی "ئەوەیان گۆڕی حەزرەتی دانیاڵە" ئیدی بڕیار درا هەمووومان تەنیا خەریکی ئەو گۆڕە بین .

کەوتینە هەڵکەندنی گۆڕەکە، ئەگەر مردوویەک لەژێر خاکدا ئێسقانیشی مابێت، دەرمانکردبوو، تا گەیشتینە سندوقێک .

سندوقەکە هێندەی جانتایەکی بچووکی سەفەر دەبوو، ئێمە وامانزانی سندوقەکە پڕیەتی لە لیرەو ئاڵتون، دیسان ئاسنگەرەکەش بانگ کرا تا قوفڵی سندوقەکە بشکێنێت، کە کرایەوە لەناو پارچە قوماشێکی پێچراو بە پێستی گا، چەندان لاپەڕە و کتێبی نووسراو هەبوون، بەکر کە سەیری کرد و لێیان ورد بووەوە کەوتە ڕاوێژ لەگەڵ دوو قات لەبەرەکە، ئەوانیش وەک ئەوەی سندوقی لیرەی ڕەشادییان دۆزیبێتەوە، یەکێکیان گوتی "تەواو ئەوە گەوهەرەکەیە" هەڤاڵ فرمانی کرد لەوە زیاتر پێغەمبەرەکان هەراسان نەکەین و گوتی "ئەو چاڵانە پڕ بکەنەوە، ئەو ناوە جێبێڵن" خێرا چەند پێشمەرگەیەک ئەو کارەیان پێ سپێردرا، ئاسنگەرەکەیش دەرگاکەی لەحیم کردەوە، کارەکەی کەمێکی پێچوو، ئەو دەمە ئێمە لەگەڵ ئەوانیتر بەدەوری هەڤاڵ بەکر کۆ بووبووینەوە کە بەدڵخۆشی و سەرکەوتنەوە قسەی دەکرد و ستایشی پاڵەوانیەتی ئێمەی کرد، کە داکۆکیکاری مافی نەتەوە و گەلین لە شارەکەمان .

ئێمە نەمانزانی ئەوە چ نهێنییەکە لەو نووسراوانەی ناو ئەو سندوقەی ناو چاڵەکەدا هەبوو، حزب چۆنی زانیبوو ئەو نهێنیانە لەوێ شاراونەتەوە، بەکرە شەل وەک ئەوەی نیازی ئێمەی خوێندبێتەوە، گوتی "جارێ با بچینە ئەودیو دەرگاکە با ئەو برایەمان ئەو دەرگایەشمان بۆ دابخات، نەوەک عەرەب و تورکمان بێنە ناوی و سووکایەتی بە پیرۆزیەکانمان بکەن" چووینە ئەودیو دەرگاکەوە بەرەو ئەو دەشتاییەی دەیڕوانیە سەر خانووە ڕووخاوەکان، ئەو دەمەی ئاسنگەرەکە و هاوکارەکەی خەریکی لەحیمکردنەوەی شیشەکان بوون، بەکر بۆ ئێمە قسەی دەکرد و دەیویست زانیاریمان لەبارەی ئەو کتێبە هەڵگیراوانە بۆ باس بکات .

ئەوانە مێژووی راستەقینەی کەرکووکن کە کوردستانیەتی ئەم شارە دەسەلمێنن، کاتێک چووینە بەغدا هەموو ئەو بەڵگانە دەخەینە ڕوو، بەو کارەش چۆن عەرەبی هاوردەیان بۆ ئەو شارە هێنا، ئاوا دەبێت بیانگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان، بۆیە ئەمڕۆ ئێوە کارێکتان کرد، مێژوو شانازیتان پێوە دەکات، چونکە شارەکەتان دەگەڕێننەوە بۆ ناو کوردستان .

کاتێک لە قسەکانی تەواو بوو، یەکێک لە قات لەبەرەکان کۆمەڵە زەرفێکی دەرکرد دایە دەست ئەفسەرێک کە ئەوە پاداشتی کارەکەمانە، تا بەسەرمان دابەشی بکات، ئەوان سواری ماشێنەکەیان بوون و ئێمەماڵئاواییمان لێ کردن، ئێمەش دوای ئەوان گەڕاینەوە شوێنی خۆمان .

ڕۆژی دواتر هەریەکەمان ملیۆنێک دیناری عێراقیمان لەلایەن ئەفسەرەکەوە وەرگرت، بەڵام ئەوەی لای من بە پرسیار مایەوە، گەر ئێمە کوردستانیەتی کەرکووک دەگەڕێنینەوە، چ پێویست بەو پارەیە دەکات؟ یاخۆ ئەو نووسراوانە شتێکیترن و لە ئێمەی دەشارنەوە؟ ئەو بیرۆکانە بێزاریان کردم، تا شەوێکیان وام بە بیردا هات ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە، وەک شاهیدێکی مێژوو، تا ئەگەر کەرکووک لە بەغدا گەڕایەوە سەر کوردستان، بزانن کوڕەکانی ئەو شارە بوون ئەو کارەیان کرد، حۆئەگەر واش دەرنەچوو، بزانن حزب بەکرە شەلی نارد تا مێژووی ئێمە بدزێت و بیبەنە بەغدا تاڵانی بکەن.

# بێگەرد چۆن گەیشتە ئیتاڵیا؟

جەنابی وەزیر ئەو پیاوەی دنیای لێ تاریک کردم و خستمیە بەردەم نەفرەتی دنیاوە، تەواوی پارەی قاچاخچی و پلانەکانی سەفەری پێ وتم، ئێستە دوو ساڵ بەسەر سەفەرەکەم تێپەڕیووە، بەڵام هێشتا ڕێگاکان لە یادەوەریمدا دەمترسێنن.

تا تورکیا بە فڕۆکە ڕۆیشتم، کاتێك لە فڕۆکەخانە دابەزیم، لە ڕارەوی فڕۆکەخانەکەی ئەتاتورک لە ئەستەنبۆڵ، لە لای کافێ کەپرە دارەکان وەک پێیم گوترابوو، لە دووەم کافێ دانیشتم وێنەکەم رەوانە کراوە بۆ قاچاخچی، داوای قاوەیەکم کرد و چاویشم لەسەر کوڕێکی گەنجە کە سەیری مۆبایلەکەی دەکرد و لە من ورد دەبووەوە و خەندەیەکی کرد و بەرەو ڕووم هات: بەڕێزتان خاتوو بێگەردن؟

خۆی ناساند، ئەو ناوی سەرکۆ بوو، قاچاخچی بوو، لە باڵەخانەیەک دوو ژووری گرتبوو، ژوورێکی لە نهۆمی دووەم بوو، کۆمەڵە زگورتیەکی لێ دەحەوانەوە، چاوەڕێ بوون بەڕێیان بخات، ژوورەکەی خۆیشی لە نهۆمی سێیەم بوو، منی برد بۆ ئەوێ، ژووری میوانی خانووەکەی.. ژووری گوندی ئەمریکی جەنابی وەزیری بیر هێنامەوە.

سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، سەرەتا هەوڵمدا نەیەمە ژێر داواکانی، بەڵام دواتر تێگەیشتم سەرسەختیم وەک گوتی هەقی پێم نامێنێت، بیرم کەوتەوە بکەومە سەر شەقام کەس کۆمەکم ناکات، بۆیە بەناچاری تەسلیمی سەرکۆ بووم، دووی شەوی دواتر کە دەهاتەوە بە هێمنی ڕەفتاری لەگەڵم دەکرد، دەستی دەکرد بە خواردنەوە و تەلەڤزیۆنەکەی دەخستە سەر فیلمێکی ڕووت، هەرچی لە کەناڵەکە دەیبینی ئەویش ئاوای لەگەڵ دەکردم، ئەوکات زانیم ئەوە سەفەرێکە تا دەگەم بە مەبەست دەبێت خۆم لەگەڵ بۆنی شەهوەتی پیاوەکان ڕا بێنم .

رۆژی سێیەم ماڵئاوایی لێکردم، چونکە تەسلیمی دەستی ڕێبەرەکانی دەکردین بۆ یۆنان، ئەو تا ئەکسەرای لەگەڵمان بوو، کە شوێنی مەبەست ئەو پارکە بوو.. دەکەوتە بەرامبەر هیستۆریا مۆڵ، ئێمە ژمارەمان هەشت کەس بوو، کاتێک پاسە هێلکەییەکە هات کە پێیان دەوت دۆڵمەش، سەرکۆ باوەشی لێدام و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم، دڵنیای کردمەوە هیچ مەترسییەک لە سەفەرەکە نییە و ڕێبەرەکان جێمان ناهێڵن، چونکە پارەی باش وەردەگرن، جگە لەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان نادەن، چونکە گوتومانە تۆ سکرتێری وەزیریت و لە هەر هەڵەیەک ئەوان تووشی کێشە دەکەین .

له سەفەرەکەمان دوو ڕێبەرمان لەگەڵ بوو، ڕێگاکە سێ سەعات بوو، تا گەیشتینە شارێک بەناوی کیش، کاتژمێر سێی بەرەبەیان لەسەر شەقامێک دایان بەزاندین، دواتر تێگەیشتین ئەوێ ئۆتۆبانەکەیە .. ئەوبەرمان دارستانێکی چڕ بوو، دەبێت بە خێرایی لە شەقامەکە بپەڕینەوە و بچینە ناو دارستانەکە، شوفێری دۆلمشەکە وای پێ گوتین، باران بەتەوژم دەباری، ئێمەش بەکۆڵە پشتەکانمانەوە خۆمان پێدا کرد، هەر کەسێک جگە لە من دەبوو ناوە ئەو جانتایە هەڵبگرێت کە چوپێک و دوو سەوڵ و پەمپێکی تێدایە .

لەناو دارستانەکە ڕێبەرەکان شوێنێکیان چاک کردووە تا ئەگەر جەندرمە هات نەدۆزرێینەوە، دوو سەعاتی تر لەو شوێنە ماینەوە تا بوو بە پێنجی بەیانی، سێ سەد مەترێک بەپێ ڕۆیشتین تا گەیشتینە ئەو ئاوەی خاکی تورکیای لە یۆنان جیا دەکردەوە، لەوێ چوپەکەمان لە جانتاکە دەرکرد، سەرەتا ڕێبەرەکان پەمپیان لێ دەدا، دواتر دەیاندایە پیاوەکانی تر.. تا چووپەکە پڕبوو لە هەوا، کاتژمێر بووبوو بە شەشی بەیانی، هەر هەشتمانیان سەر خست و کەوتنە سەوڵلێدان و لە ماوەی چارەگێکدا لە ئاوەکە پەڕینەوە .

کە دەپەڕینەوە دوو ڕێبەرەکە لەماوەی نیو کاتژمیر چوویەکە لە هەوا بەتاڵ دەکەن و لە شوێنێک دەیشارنەوە تا لە گەڕانەوە بەکاری بێننەوە، مێرگێک بەرەو ڕوومان دەبێتەوە، گژوگیا داپۆشیووە، هەرچەندە تا سەرچۆک ئاوە.. بارانێک دەبارێت ساردیەک دەستەکانمان دەتەزێنێت و دەشبێت بەناو ئاوی مێرگەکەدا نزیکەی کاژێرێک بڕۆین، دەگەینە دارستانێک دە چرکەیەک دەڕۆین تا ڕێبەرەکان لەوێ داماندەنیشێنن.

تا یەکێ نیوەڕۆ لەوێ دەمێنینەوە، یەکێک لە ڕێبەرەکان تەلەفۆنی کرد، دواتر پێی گوتین «دەبێت خێرا بڕۆن تا فریا بکەوین» ڕێگاکە بەرەو بەرزایی گردێکە دوو کاژێرێکی تر دەڕۆین دەگەینە نزیک گوندێک، ڕێگایەکی خۆڵ هەیە لە خوار ئەو ڕێگایە گردێک هەیە دەبوو پاڵبکەوین تا ئەو کاتەی مارسیدسێکی ڕەش کە شوفێرەکەی پیاوێکی کەچەڵی ئەلبانیە، لە ماوەی چرکەیەکدا هەموومانی سەرخست، دوو ڕێبەرەکە بەهەمان ڕێگا گەڕانەوە، من خەیاڵی گەڕانەوەیانم دەکرد ئەو کاتەی لەپێشەوە لای شوفێرەکە دانیشتبووم، چوار کەسیش لەدواوە و سیانیش لەناو سندوقن دەرگایان لەسەر داخراوە.. ئەوە ڕێک لەو جووتە قەتێیە دەچێت دایکم لە بازاری موصەڵلا بۆی دەکڕیم، دەمخستە ناو کارتۆنێک و قاپێک ئاو و چەند کونێکمان لە کارتۆنەکە دەکرد بۆ هەناسەدان . بەخێرایەکی لە ڕادەبەدەر بەو ڕێگایە ماشێنەکەمان دەڕوات، دووجار خەریک بوو وەربگەڕێت، سەرەنجام پێنج کاتژمێر بەم شێوەیە دەمێنینەوە، کاتێک دابەزین کاتژمێر هەشتی شەو بوو، شوفێرەکە گوتی «ئێرە خاکی یۆنانە و ئەم شارە ناوی سالۆنیکە»

بردمانی بۆ هۆڵێکی گەورە کە لە کۆشکێکی کۆنی چەند سەدە پێش ئێستە دەچوو، یا لەوانەیە پەرستگایەکی کۆن بێت، لەوێ دوو ڕێبەری پاکستانی چاوەڕێمان بوو . پاشا یەکێک بوو لە ڕێبەرەکان باسی ئەوەی کرد کە چی لیرەی تورکیمان لایە پێی بدەین تا بۆمان بکات بە یۆرۆ، چونکە بە لیرەوە بگیرێین تووشی کێشەی گەورە دەبین. مەنسور بێگ پاکستانیەکەی تر بوو پارەکەی بۆ گۆڕین، تەلەفۆنیان پێدایین تا بۆ ماڵەوە پەیوەندی بگرین کە گەیشتوینەتە یۆنان، بۆ ئەوەی نووسینگەی پارە خەواندنەکە ئاگادار بکەن کە گەیشتووین، من دەبوو تەلەفۆن بۆ کەسێک بکەم کە جەنابی وەزیر ژمارەکەی پێ دابووم، لە نووسینگەی حەواڵەی پارە کاری دەکرد، دیار بوو هەموو خەرجی سەفەرەکەی من لەوێ خەوێندراوە، کە لە تەلەفۆنی ئەوانیتر بیستم کرێی سەفەرەکەمان لە ئەستەنبوڵەوە تا یۆنان دوو هەزار یۆرۆیە .
بەدوای ئەوە دوو دوو دەڕۆین تا کەس گومانمان لێ نەکات، بەڵام خۆ جلوبەرگی قوڕاویمان بۆ خۆی شوێنی گومان بوو، شوێنەکەمان لەناو شار دە خولەکێک دوور بوو، بەم شێوەیە گەیشتینە ناو شار، لە وێستگەی پاس چاوەڕێی پاسی ژمارە پێنج ئێڵمان کرد کە هات لەگەڵ دوو ڕێبەرەکە سەرکەوتین، دوای بیست خولەک لە وێستگەی شەمەندەفەر دابەزین . هەر یەکەو پلیتێکیان پێدایین، لەگەڵمان هاتنە ناو شەمەندەفەرەکە تا ژمارەی کورسییەکانمان بۆ بدۆزنەوە و دامان بنیشێنن، ئەوسا هاتنە خوارەوە و جێیان هێشتین .

پێنج کاتژمێری تەواو لەناو شەمەندەفەر بووین، هەستم دەکرد کۆمەڵێک لەو مرۆڤە سەیرانەی ناو زنجیرەی تەلەڤزیۆنی تەڕەزان بووین کە کاتی خۆی بە منداڵی سەیرمان ئەکرد.. گەیشتینە ئەسینا.

لە وێستگەکە دابەزین، ئەوێ پڕی بوو لە تەکسی، من ئەدرەسی کەسێکم پێ درابوو کە شوفێری تەکسیبوو لەوێ، هەڵبەت وەزیر بە سەرکۆی وتبوو هەموو شتێکم بۆ ڕێک بخات، کەمێک چاوەڕێم کرد تا کابرای یۆنانی هات و جانتاکەمی خستە تەکسیەکەیەوە، لە دواوە دانیشتم، یەکێک بوو لەو شوفێرانەی زۆر قسەی دەکرد، من هیچی تێنەگەیشتم، جگە لەوەی ناوی خۆمێ هێنا وتی بێگەرد، هەروەها کە باسی سەرکۆی دەکرد لە ناوەکەی تێگەیشتم، دەزانم لە قسەکانیشی جارێک گوتی کوردستان .

ژوورێکی بۆ گرتم، لەو شوێنانەی کە خوارەوەیان خواردن وچێشتخانەی بچووکی لێیە، تەلەفۆنێکی بۆ سەرکۆ کرد، تەلەفۆنەکەی دایە دەستم تا بە کوردیی تێمبگەیەنێت کە دەتوانم لە خوارەوە نان بخۆم، چێشتخانەی باش و هەرزانن، هەفتەیەکی تریش بە قاچاخچیت دەناسێنێت تا بتبات بۆ ئیتاڵیا .

شوفێره یۆنانیەکە دوای هەفتەیەک هاتەوە بەرەبەیانێکی زوو بوو، هەڵبەت دوو ڕۆژ پێشتر هات کاغەزێکی پێدام کات و ڕۆژی ڕۆیشتنەکەمی لەسەر نووسرابوو، بۆیە خۆم ئامادە کردبوو، هات بردمی بۆ لای قاچاخچییەکە . بەرەبەیان بوو بە سێ ئۆپڵ لەگەل چەند کەسێک دابەش کراین، قاچاخچی خۆیشی لەگەل من سەرکەوت، لە هەشتی بەیانی گەیشتینە شارێک پێی دەگوترا کەلەمات. لە کەلەمات شاخێک هەبوو ڕێگای ماشێنی تێدا بوو.. بەخێرایی لە ناو شاخەکە دابەزین و چووینە ناو جەنگەڵەکە، ئەوکات هەشتی بەیانی بوو، سێ ماشێنەکە گەڕانەوە ئەسینا.. لە جەنگەڵ ڕێبەرێکی عەرەب چاوەڕێی دەکردین، ئەمجارە دراینە دەست عەرەبەکە.

لەسەر لووتکەی شاخەکە دانیشتووین، دەڕوانینە خوارەوە کە یەک پارچەیە لە دەریا، ماوەی دوانزە کاژێر ئاوا ماینەوە، لە هەشتی بەیانی بۆ هەشتی ئێوارە، تا ئەوکاتەی تەلەفۆنێک بۆ ڕێبەرە عەرەبەکە دەکرێت و لۆکەیشنی شوێنی یەختەکەی بۆ دەنێرن .

لە ماوەی چل خولەک بەخێرایی لەسەر شاخەکە دادەبەزین، لە کەنار دەریا بووین لە دوورەوە یەختەکەمان بینی، کە ئەوانیش ئێمەیان بینی بە چوپێکی بە ماتۆڕ یەکێک لە کاپتنەکانی بەرەو ئێمە هات، من ئەوکاتە شیعری کاپتنی جەمال غەمبارم بیر کەوتەوە، هەر جارەی پێنج کەسمان بە چووپەکە دەپەڕینەوە تا دەگەیشتینە یەختەکە، کە تەواو بووین من وامزانی ڕێبەرە عەرەبەکەش دێت دواتر بۆم دەرکەوت ئەو دەگەڕێتەوە .

دوای پەنجا سەعات گەیشتینە ئیتاڵیا و پۆلیسی ئیتاڵی گرتینی و بردینی بۆ کەمپ. لەوێش هەموومانیان خستە هۆڵێکی گەورە و خواردنیان بۆ هێناین، یەک بەیەک پرسیاریان لێکردین، ماوەی ساڵێک لە کەمپ ماینەوە، هەندێک ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە، بەڵام من لێرە مامەوە، تا لە کۆتاییدا ماڵەوەمان لەڕێی قونسوڵگەی عێراقییەوە وێنە و زانیاری منیان ناردبوو بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا، چونکە کەسێک لە کەمپەکە من دەناسێت، کاتێک دەمبینێت، تەلەفۆن بۆ کوردستان دەکات، بەو شێوەیە من لێرە دۆزرامەوە و لەڕێگەی فڕۆکەخانەی ڕۆما بەرەو فڕۆکەخانەی هەولێر دیپۆرت دەکرێمەوە.

# پەراوێزێک بۆ چوونە ناو کەنیسەی حەمڕا

ئەوە بەشێک نییە لە قسەی نووسەرانی ناو دەستنووسەکان، بەڵکو پەراوێزێکی ترە، ساغکردنەوەی چوونی بەکرە شەل و وتارەکەی شاهۆیە، بۆ ئەوەش دەبوو بۆ ڕاستی و دروستی خۆم سەردانی کەنیسەی حەمڕا بکەم، تا بەچاوی خۆم ئەو مێژووە ببینم.

ئەوەی من بینیم زۆر لەوە وردترە کە لە دەستنووسەکاندا باس کراوە، هەڵبەت چونکە بۆ پیاوەکانی حزبی باڵندە تۆراوەکان گرنگ نەبوو، بۆیە بەهیچ شێوەیەک باسیان نەکردووە، مەسەلەکە جگە لە دەستنووسەکان، شوێنەکە مێژووی مەسیحییەکانی کەرکووک نیشان دەدات، بۆیە ئەوەی لە سەردانەکە بینیم لێرە دەیخەمە ڕوو، چونکە بەبێ بوونی ئەو زانیاریانە لەبارەی کەنیسەکە، نەک بە تەنیا بابەتەکە ناتەواو دەبێت، بەڵکو ناتوانین لەوەش تێبگەین مەتران بۆ وا بە توندی دژی ئەو سێ پیاوە کوردە وەستایەوە.

ئەوە سەرباری ئەوەی ئەو سێ پیاوە هێندە پەلەیان بوو دەستنووسەکان بدزن، بۆیە لە وەسفی کەنیسەکەش زۆر وردەکاری و نهێنیان فەرامۆش کردووە، خۆم هەستم بەوە دەکرد ناتەواویی زۆر هەیە لە قسەکانیان، بۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکی مەسیحیم بەناوی ئەبرام، خەڵکی گەڕەکی عەرەفە بوو.. کاتێکمان دانا سەردانی کەنیسە بکەین.

هێشتا لە شەقامەکەی ئەوبەر بووین، نەپەڕیبووینەوە بۆ بەری کەنیسەکە، لە لای دووکانی فەرشفرۆشەکانەوە لە بەرزاییی کەنیسەکەمان دەڕوانی، کاتێک ئەبرام باسی لەوە دەکرد لە کاتی خۆی ئەو شوێنەی کەنیسە کەوتبووە بەرزاییی شاخێکەوە، وەک شاخێک دەیڕوانیە ماڵەکانی خوارەوە، وەک قەڵایەکی بچووکی مەسیحییەکان وابووە، ئێستە بە پێی ڕۆژگار بووە بە بەرزاییەک، کاتێک ئەو قسەیەی دەکرد، ئێمە پەڕیبووینەوە ئەوبەری شەقامەکە، بەرەو بەرزاییی کەنیسە سەردەکەوتین.

هاوڕێکەم پێشتر مەترانی لە چوونی ئێمە ئاگادار کردبووەوە، گەیشتینە بەردەم دەرگاکە، دەرگا دوو دەریەکە بەڕەنگی سپی بۆیە کراوەتەوە، لە هەر یەکێکیان بە ڕەنگی ڕەش وێنەی خاچێک کێشراوە، ئەبرام دەستێکی لە دەرگاکە داو کرایەوە.. بینیمان مەتران لە حەوشە پیاسەی دەکرد، ئەو لە چاوەڕوانی ئێمەدابوو، جلێکی ڕەشی لەبەربوو، خاچێک لەسەر کراسە ڕەشەکەی نەخشێنرا بوو، قەشە پیاوێکی کەڵەگەت بوو، تەمەنی لە سەرووی پەنجا ساڵ دەبوو، بەڵام لە قسەکردن چەندە هێمن بوو، ئاواش بە هەمان هێمنی گوێی بۆ دەگرتی.

ڕێرەوێکی چیمەنتۆ وەک شەقامێک بەرەو ژوور دەتبات، لە لای ڕاست و چەپیش دوو گۆڕەپانی گەورە کە تەواوی ئەو دەشتاییە گۆڕ داپیۆشیووە، کاتێک بەناو گۆڕەکان بڕۆیت، لە دیواری حەوشی کەنیسەیش هەندێک مردوو نێژراون، بۆیە مردووەکان لەژێر زەوی و لەناو دیوار نێژراون.

لەلای ڕاستی دیوارەکە چەندان چوارچێوەی کۆنکرێت دەبینی.. ئەوانە ئەو گۆڕانەن بۆ ئەو مردووانە حازر کراون کە دەیانهێنن بۆ کەنیسە، ئێمە بەدوای ئەوەی لەگەڵ قەشە بەناو حەوشی گۆڕستانەکە تێپەڕین، ئەوسا گەڕاینەوە سەر ڕارەوە چیمەنتۆکە.. کە لە دەستە چەپ دەرگای ڕێوڕەسمە ئاینییەکە بوو، دەرگاکەی کردەوە و چووینە ژوورەوە، ئەوە ئەو شوێنە بوو لەناو دەستنووسەکە زۆر بەلاوەکی باسی کرابوو، لێرەدا هەوڵ دەدەم وێنەیەکی ڕوونی هۆڵی ڕێوڕەسمەکە و گۆڕستانەکەی ناوەوە باس بکەم.

هۆڵێکی بچکۆلە پڕی کراوە لە کورسی تەختەی درێژ، هەر کورسییەک شوێنێ سێ کەسی تێدا دەبێتەوە لەسەری دابنیشێت، لەلایەکەی تریش بەهەمانشێوە کورسیەکی تر دانراوە کەلێنێک هێشتراوەتەوە بۆ هاتوچۆ، بەم شێوەیە کورسییەکان بەڕیزی یەکتری دانراون، تا دەگەیتە نزیک شوێنی قەشە، سەکۆیەکی بچکۆلە هەیە بۆ خوێندنی وێردی ئاینی، قەشە لەوێ دەوەستێت و دیوارەکەش خاچێکی پێوە هەڵواسراوە. لە پشت کورسییەکان، ڕێک ئەگەر بچیە شوێنی قەشە بووەستیت ئەوسەری دیوارەکە دەبینیت.. ئەوسا دەتوانی سەیری دواوەی هۆڵەکە بکەیت کە دیوارەکە دوو تابلۆی پێوە هەڵواسراوە، لە تابلۆکانەوە تێدەگەیت گۆڕی دوو کەسایەتی ئاینین، لە دەستە چەپ مەزاری مەترانێکی پێشووە، بەناوی پۆڵس شەمماس ئستیفانە، ئەو قەشەیە لە ١/٧/١٩٠٨ لەدایک بووە و لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، واتە ڕێک لە ٢٢/٨/١٩٩٨. لە دەستە ڕاستیش تابلۆیەکی تر هەیە، ئەوە دەبێت بەپێی نووسینەکە هی ڕاهیبەیەک بێت بەناوی نەجیبە عەبد ئەلیاس کە لەدایکبووی ١٩١٢ بووە و لە تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵی ماڵئاوایی کردووە.

لە نێوان هەردوو گۆڕەکەی ناو دیوار دەرگایەکی بێ چوارچێوە هەیە، قەشە دەچێتە ژوورەوە و من و ئەبرام دوای دەکەوین، گۆڕستانێکی بچووکە دیوارەکانی پڕن لە مردووی نێژراو، نزیکەی پەنجا کەس لەناو دیوارەکان نێژراون، کەوا مێژووی لەدایکبوونیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و زۆربەیان لە هەشتا و نەوەتەکان مردوون، بەڵام ئەبرام باس لەوە دەکات هێشتا گۆڕستانێکی تر ماوە بیبینیت.

دێینەوە هۆڵی ڕێوڕەسمەکە دەرگایەکی تر هەیە لەناو هۆڵەکە قەشە دەیکاتەوە و لەوێوە دەچینە ژوورەوە.. ئەوێ گۆڕستانێکی فراوانە سەر زەوی و ناو دیوارەکان گۆڕی مەسیحییەکانن، ئەوانە زیاتر گۆڕی ئەو مەسیحیانەن کە سەر بە بنەماڵەی قەشەکانن، زۆربەیان لەدایکبووی ١٩٠٠ و سالانی دواترن، تێیدایە وەک قەشە حەنا شابۆ لەدایکبووی ١٨٦٦ و لە ١٩٥٧ لە بەغدا مردووە و تەرمەکەیان هێناوەتەوە کەنیسەی حەمرای کەرکووک، تا لێرە بینێژن. بەتەنیشت ئەو.. گۆڕی کوڕەکەی هەیە بەناوی پۆلس حەنا شابۆ، هەروەها ڕاهیبە فەهیمە سلێمان غەزالە کە لەدایکبووی ١٨٩٠ بووە و لە تەمەنی ٦٨ساڵی دنیای جێهێشتووە.

هەندێک گۆڕی کۆنیشی تێدایە کە مێژووی مردنەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٣٩، واتە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم، ئەوانە بەپێی ڕیوایەتەکان نهێنی دەستنووسەکانیان لەناو سندوقی بچکۆلە لەگەڵ خۆیان خراونەتە ناو دیوارەکان، کە نهێنی کەنیسەکە و شەڕ و ململانێ و ڕاستییەکانیان لەگەڵ خۆیان ناشتووە.

مەتران باس لەوە دەکات کاتی خۆی چەند کەسێک لە کوردستانەوە هاتن داوای ئەو دەستنووسانەیان دەکرد، ئامادەبوون هەموو شتێکمان بۆ بکەن و کەنیسەی تازەمان بۆ بکەنەوە، بەڵام نەچووومە ژێر داواکەیان و هۆشداریم پێدان، ئەگەر هەر هەنگاوێک بنێن ئەوا پاپای ڤاتیکان ئاگادار دەکەمەوە.

ئێستە لە قسەکانی مەتران لە گرنگی ئەو کەنیسەیە تێدەگەم، کە مێژووی کوشتارگە و شەڕە خوێناوییەکەی کەنیسە لەلایان قەشەکانەوە لێرە نووسراونەتەوە و لەگەڵ خۆیشیان ناشتویانە تا کاتی دابەزینی عیسای مەسیح ئەوان کتێبی مردنی خۆیان لە پەراوێزی ئینجیلدا نووسیبێتەوە، بۆ ئەوەی نەهێڵن بەردەستی کەس بگات، ناچار لەگەڵ مەرگی نووسەری دەستنووسەکان، دەستنووسەکانیشیان ناشتووە.

# نووسەران دەکوژرێن.. بکوژەکان دەبنە نووسەر

ئاراس لە وەسیەتنامەکەیدا مردن نزیکتر لەخۆی دەبینێت، تا هەستی باوکایەتی بۆ کچەکەی، گرفتەکە لەوەدا نییە کە ئەو پانزە ڕۆژ بەر لە لەدایکبوونی کچەکەی دوو چەکدار لەناو ماڵەکەی خۆیدا کووشتیان.

کێشەکە لەوەدایە بۆچی ڕێبوار و ئاراس دوای دەستنووسەکان دەزانن دەکوژرێن؟ هەمیشە دەمبیست حزبەکان دەیانووت "کەس ناکوژین تا پاڵەوان دروست نەکەین" بەڵام نەک هەر پاڵەوان دێننە دنیا.. خۆشتان وەک بکوژ و جەلاد دروست دەبن، کە دوای هەموو نووسینێک پێشبینی مردن بکەین. ئاخۆ دوای چاپکردنی ئەو کتێبە کە کچێک وەسیەتنامەکەی باوکی دەخوێنێتەوە، باوەڕ دەکات باوکی ئەو بەدەستی هاوزمانی خۆی کوژرابێت؟ بەدایکی ناڵێت "دایە، باوکم و کارۆخ و ڕێبوار چییان کردبوو؟ ئەوانیان بۆ کوشت؟"

ئەو دەمەی ژنەکەی ئاراس جگە لە گریان قسەیەکی نییە بۆ گوتن، کچەکەی پێی دەڵێت "خۆ تۆ نەتکوشتووە، من نامەکانم خوێندووەتەوە کە بۆ تۆی نووسیوە، با ئەوانە بگرین کە کوشتیان" ئەو دەمە نەنەی جەرگسووتاو دەڵێت، کچم ئەوان فرمێسکیان نییە، پارەیان هەیە، چۆن بگرین.

هێشتا ئێمە قسەیەکمان پێ نییە لەبارەی مەرگی ئەوان، بۆچی دەسەڵاتێک دەبێت دژی هاووڵاتییانی خۆی بێت، هێندە لە نووسین بترسێت، هەمیشەش وا خۆی نیشان دەدات کە بایەخ بەو نووسینانە نادات و بۆی گرنگ نین، لەولایشەوە چەکدارەکانی مێژووی خوێن دەنووسنەوە. گەنجینە و کتێبخانەیەکی کۆن نەما، دەستنووسەکانی بە تاڵان نەبەن، شاهۆ کتێبە بەردەوامەکانی بە چەندان بەرگ چاپ دەکات، وای لێ دێت مانگی بەرگێکی کتێب دەخاتە سەر ڕەفەی کتێبفرۆشییەکان. لە مێژووی ئێمەدا سیاسییەک نییە خاوەنی ئەو هەموو تێز و کتێبە فیکریی و ئەدەبییە بێت، بۆیە وەک ئەفسوونبازێکی فیکریی، خێرا ڕاگەیاندنی حزبەکەی کەوتنە تەبلیغات بۆ ناوبردنی بە فەیلەسووفی سیاسی.

ئەو لەسەر دەستنووسە کۆنەکان و هەوڵی 100 ساڵ فیکریی ئەوانی تر خۆی پێگەیاند، بەڵام کێ بڕوا بەو ڕاستییە دەکات، ئاخۆ بوێری ئەوەمان هەیە لە مانشێتی ڕۆژنامەیەکی ئەهلی بۆی بنووسین "سیاسییەکی دز" یان یەکێک لەو ناوە گەورانەی ڕۆشنبیرانی کورد ئاخۆ وەک نووسەرانی ناو دەستنووسەکان ئامادەن ئەو نهێنییە فیکرییە بخەنە ڕوو، لە وتارێکدا بنووسن "لە کاتێکدا حزبی کوردیی نووسەران دەکوژێت و تیرۆریان دەکات، لەولاوە بکوژەکان دەبن بە نووسەر".

# بێگەرد نایەوێت بگەڕێتەوە سەر زەوی

هێندەی نەماوە فڕۆکەکە بنیشێتەوە، هەر هێندەی گەیشتمە سەر زەوی ئیدی ژیانم کۆتایی دێت، تا نەگەیشتوومەتە سەر زەوی بۆم هەیە هەناسە بدەم، منێک لە نێوان ئاسمان و دەریا بۆم هەیە بژیم، مرۆڤەکانی وەک من کە سەر زەویان جێهێشت، ئاشنای یەخت بوون لە دەریا، فڕۆکە خستمانیە ئاسمان ئیدی مانایەک نامێنێت بۆ گەڕانەوەی سەر زەوی، باوەڕ بە قسەکانم ناکەن؟

تاوێکی تر کە فڕۆکەکە نیشتەوە تێدەگەن سەر زەوی بۆ من دۆزەخ بوو، ئەو دەمەی باوک و برا، ئامۆزاکانم، ئەو کوڕە خاڵەی دەیویست ببم بە هاوسەری خۆی و دایکی منـ داڵەکانی، گوایە شێت و شەیدامە، ئێستە لە ڕیزی چەکدارانی شەرەفە، هاتووە شەرەفی بنەماڵە پاک بکاتەوە و بەشداری لە کوشتنم بکات.

من زۆر کەم لە ژیاندا حەزم بە خوێندنەوەی کتێب کردووە، بەڵام ئەو ماوەیەی لە کەمپ بووم، ژنێکم ناسی، ژوورەکەی بەتەنیشت ژوورەکەمەوە بوو، خۆی و هاوسەرەکەی بە ڤیزەی ئەڵمانیا هاتبوون، لەوێ خۆیان بەدەستەوە دابوو، هاتبوونە ئیتاڵیا، پیاوەکەی دەیووت "گەر پەنجە مۆرت نەبێت لە ئیتاڵیا خێرا ئیقامە وەردەگریت"

ژن و مێردێک بوون بەهۆی کتێب و نووسینەوە یەکتریان ناسیووە، هەردووکیان نووسەر بوون، ژنەکە ناوی "ڕوئیا ساڵح" بوو، خولیای ئەدەبیاتی هەبوو، بەتایبەت لەبارەی ڕۆمان و چیرۆک وتاری دەنووسی، ڕۆژێکیان خەریکی نووسینی کتێبێک دەبێت بەناوی "گێڕانەوە لە ڕۆمانی کوردیدا" بۆ بابەتەکەی پێویستی بە سەرچاوە و کتێب دەبێت، بەو هۆیەوە لەناو قەیسەری کتێبفرۆشەکانی هەولێر، نووسەرێکی گەنج دەناسێت بەناوی "نەهرۆ عەبدوڵلا" ئەو سەرەتای ناسینە دەبێتە پەیوەندیەکی پتەو، سەرەنجام بە ژیانی هاوسەری کۆتایی دێت.

روئیا ئەو ژنە بوو، نا بەڵکو تاکە مرۆڤ بوو.. دوای شکست و برینەکانم گوێی لێگرتووم، میهرەبانی ئەو وا باریوەتە سەر من، ئێستە وەزیری دارایی ببینم دەیبەخشم، بەڵام پێی دەڵێم "لە ژیاندا مرۆڤێکی بەستەزمان و ترسنۆکم نەدیووە، لە تۆ جەبانتر بێت" تکایە ئەوە بە هەڵچوون وەرمەگرن، نا تووڕە نیم، بەڵام دەمەوێت بە ئاگای بێنمەوە، تا بەسەر ئەو ترسەی خۆیدا زاڵ بێت.

رونیا وای لە من کرد، ببم بە عاشقی کتێب، هەندێک جاریش خۆمان بەهۆڵی ڕاهێنانی ژنان دەکرد، بەتایبەت ڕۆژانی دووشەم کە فیلمێکی ئیتاڵییان پێ دەناساندین و لە ڕێگەی داتاشۆ نمایشیان دەکرد، ڕۆژێکیان فیلمێکمان بینی بەناوی «ئەفسانەی ١٩٠٠»

سەرەتا خانمێک بەناوی ئەلیساندرا کە شیکاری بۆ زۆربەی فیلمەکان دەکرد، ئاوا باسی فیلمەکەی کرد: ئەو فیلمە لە بنەرەتدا مۆنولۆگێکی شانۆیی بووە بۆ ئەکتەرێکی سەر شانۆ نووسراوە، نووسەرەکەی ناوی ئەلیساندرۆ باریکۆ بووە، دەرهێنەر تۆناتۆری کردوویەتی بە فیلم، کە چەند فیلمێکی سەرنجڕاکێش و جوانتریشی هەیە، یەکێک لەوانە «مالینا»یە کە مۆنیکا بیلۆچی ئەکتەری سەرەکی فیلمەکەیە، مانگی پێشوو بەیەکەوە سەیرمان کرد، هەروەها شاکارێکی تریشی هەیە بەناوی «سینەما پارادیسۆ» لە داهاتوودا ئەویش سەیر دەکەین، هەرچی لەبارەی ئەو فیلمەیە دەبینین پیاوێک لەناو کەشتی لەدایک دەبێت، لەوێش فێری مۆسیقا دەبێت، دەریا و مۆسیقا دەبنە دوانەی ژیانی، کاتێک لە گەورەبوون هاوکاتی تێکچوون و تەقینەوەی کەشتییەکەیە.. دەبێت هەموان کەشتییەکە جێ بێڵن و بچنە سەر زەوی، پیاوەکەش دەبێت پێ بخاتە سەر زەوی، سەرەنجام لە نێوان دەریا و زەوی، دەگەڕێتەوە ناو کەشتیەکە و مردن هەڵدەبژێرێت.

ئێستە لەناو ئەو فڕۆکەیە من هەست دەکەم هەمان چارەنووسم هەیە، دەمەوێت فڕۆکەکە نەنیشێتەوە، بتەقێتەوە، پێنج خولەکی تر دەنیشینەوە، پێنج خولەک ئارەزوو دەکەم بە پێنج ساڵ تەواو بێت، بێئاگا لەوەی ئەو کاتانەی دەمانەوێت کات تێنەپەڕێت، لە وادەی خۆی خێراتر تێدەپەڕێت.. من تێنەدەگەیشتم بۆچی لە ئەدەبیاتی ئیتاڵی مرۆڤەکان نایانەوێت بگەڕێنەوە سەر زەوی، خۆ ئەوەم هەر لەو فیلمەدا نەبینی، ڕۆژێکیان ڕونیا باسی ڕۆماننووسێکی ئیتاڵی بۆ دەکردم بەناوی ئیتالیۆ کالفینۆ، ئای ئەو نووسەرە خەونەکانی منی نەدەنووسییەوە، بەڵام باسی لە من دەکرد، کاتێک ڕونیا ڕۆمانی «شارە نەبینراوەکان»ی بە پی دی ئێف بۆ مۆبایلەکەم نارد تا بیخوێنمەوە، وەک هەمیشە کە تەواوم کرد، گفتوگۆمان لەبارەی دەکرد، لە گەڕان بەدوای شارەکان، گێڕانەوەی ئەو پیاوانەی ئەو شارانەیان بینیبوو، من باسەکەم تێکەڵی سەفەرەکەی خۆم دەکرد، ڕونیا دەیووت "ئێستە تۆ دەتوانی لەڕێی کتێبەکانەوە خۆت بناسیت" .

ئەو قسەیەی دەکرد و دەیووت لە کوردستان کە هاتم ڕۆمانێکی ئەو نووسەرە و چەند کتێبێکی ترم لەگەڵ خۆم هێنا، ئەو قسەیەی دەکرد، لەناو کۆڵەپشتێک کتێبێکی دەردەکرد و دەیدایە دەستم بەناوی ڕۆمانی "باڕۆنی خەیاڵ"، کە کتێبی هەمان نووسەر بوو، کاتێک لەسەر زەوی نامێنێت و دەچێتە سەر دارەکان و تا مردن نانیشێتەوە سەر زەوی، ئێستە دەزانم فڕۆکەکە دەنیشێتەوە، من دەمەوێت وەک باڕۆنی خەیاڵ و فیلمەکەی تۆناتۆری بمرم و نەگەمەوە سەر زەوی.

دەنگی خانمی ناو فڕۆکەکە دێت، من بەهۆی ئەوەی لە کەمپ دەچوومە مەکتەب و زمانی ئیتاڵیم دەخوێند، هەر سێ قۆناغەکەی فێربوونیشم لەو دوو ساڵەدا بڕی، باش فێری زمانەکە بووم، خانمە ئیتاڵییەکەی ناو فڕۆکەکە قسە دەکات، دەزانم دەڵێت «گەشتێکی خۆش و بەهیوای سەفەرێکی سەلامەت ئێستە لە ئاسمانی کوردستان دەنیشینەوە». هەمیشە لەکاتی نیشتنەوە هەر ئەو قسەیە دەبیستیت، کاتی خۆی کە تا تورکیا بەفڕۆکە هاتم ئەوەم بیست، تێگەیشتم ئەوە ئەتەکێتی ناو فڕۆکەیە، جۆرە موجامەلەیەکی کۆمپانیای فڕۆکەوانیە لەگەڵ سەرنشینەکان، بەڵام خوایە خۆ من ئیتاڵییەکەم باشە ئەو خانمە کەی وا دەڵێت، باوەڕناکەم لەوەی دەیلێت، نا من خەواڵووم، جاری دووەم کە قسەکەی دووبارە دەکاتەوە، هەموو سەرنشینەکان دەیکەنە قیژەو گریان، من تاکە کەسێکم کە لە خۆشیدا پێدەکەنم دەگریم، دەمەوێت بچم دەستی ئەو کچانە بگرم کە خواردن دێنن و خزمەت دەکەن، لەگەڵیان بکەومە سەماکردن.

بڕوا بکەن شێت نەبوومە، ئاخر ئەو دەنگەی دەبوو بڵێت گەشتێکی خۆش و بە سەلامەت گەیشتین، لە بری ئەوە گوتی "بۆ هەموو گەشتیاران بەداوای لێبووردنەوە، فڕۆکەکەمان ناتوانێت بنیشێتەوە، بەهۆی ئەوەی داعش فڕۆکەخانەی هەولێری داگیر کردووە، بۆیە بەناچاری دەگەڕێینەوە ڕۆما".

ئەو لە کارەکتەری ناو ڕۆمانەکانی ئیتالیۆ کالفینۆ دەچێت، هەمیشە حەسرەتێکی هەیە بۆچی ژیانی ئەو هەمان ژیانی ناو شارە نەبینراوەکان نەبوو، ئێستە دڵخۆشییەکی هەیە نازانێت چۆن گوزارشتی لێ بکات، شادیی وای لێ دەکات لە جامە بچکۆلەکەی فڕۆکەوە بڕوانێتە هەورەکان، لە هەڵمێک دەچێت بۆ ون بوون، لەو پەنجەرەیەوە دەڕوانێتە هەورەکان، لە کۆمەڵە باڵندەیەک دەچن، فڕۆکەکە بەهۆی ئاراستەی با وەک ئەوەی هێزێک ڕێ لە فڕینی بگرێت.

ئەوە وا دەکات وردتر سەیری باڵندەکان بکات، باڵندەی چی ئەوە دایکی و میمکیەتی دەستی سڵاویان بۆ بەرز کردووەتەوە، لەسەر پەڵە هەورەکەی تەنیشتیان دەبینێت کوڕە خاڵەکەی ڕیشێکی درێژی بەرداوەتەوە، لەگەڵ ئامۆزا و یەکێک لە براکانی بوونەتە داعش، وەزیری دارایی زنجیرێک کراوەتە دەستی و بە تۆپەڵێک ئاگر بەستراوە، باوکم وەک خەلیفەی تیرۆریستان کە من دەبینێت، هەست دەکات کوێر دەبێت، تارای خوشکم بووەتە ژنێکی سەرپۆش بەسەر و مێردەکەی ڕیشێکی درێژی بەرداوەتەوە و سێ ژنیتری بەسەر هێناوە.

ئەوان جێدێڵم و لەسەر پەڵەهەورەکان سەما دەکەم، کراسێکی سپی کە ڕووتی سینگم دەردەخات تا دەگاتە درزی مەمکەکانم، کراسە سپییەکە مەمکەکانمی داپۆشیوە و جوانییەکی بە کەمەرم بەخشیوە، دامێنی کراسەکە تا سەر ئەژنۆمە، پوزم جوانییەکی تری بە لەش ولارم بەخشیوە، کراسە سپییەکەم لە ڕەنگی هەورە، هەست دەکەم قۆڵەکانم لە هەوادا وەک باڵی باڵندەیان لێهاتووە و بەناو بۆشاییدا دەفڕم، کەس بێزارم ناکات، پیاوێک نییە لێی بترسم، باڵندەیەکم لەسەر چڵی هیچ درەختێک نانیشمەوە، دەفڕم و سەما دەکەم تا دەگەمە مەودای نێوان مانگ و خۆر، لەوێ پیاوێک هەیە لە هیچ پیاوێک ناچێت، ڕەنگی سپییە، ڕەگەزی دەچێتەوە سەر ئاو، خۆیشی کە دەستی لێ دەدەم لە ڕووبارێکی هێمن دەچێت، دەست دەخاتە ناو تاڵە قژەکانم، گوێم لە دەنگی گیتار دەبێت، پاژنەی پێم بە سینەیدا دەکوتم بۆ سەما، دەڵێی قاچم لەناو ڕووبارە، پەنجەکانم لەناو ئاودان، هەست بە فێنکاییەک دەکەم.

هەورەکان لە بینینی ئێمە تێکەڵاوی یەکتر بوون و بارانێک دادەکات، لە پشت هەورەکانەوە تیشکی خۆر پەڵکە زێڕینەی دروست کردووە، ڕەنگەکان بەناو ئێمەی سپیدا دەدرەوشێنەوە، قژم بووە بە گیتار ئەو دەیژەنێت، تا پاژنەی پێم توندتر دادەکوتم لە سینەی.. تۆنی گیتارەکە بەرزتر دەبێتەوە بۆ سەما، پێم دەڵێت "خێراتر پاژنەی پێت داکوتە، سەما بکە ئەوە نییە لە پێش ئەو بارانە گیتارت بۆ دەژەنم"

# کتێبی پیاوی شاری خەیاڵ

بۆ ئێمە نهێنیەک نیە پەیوەندی بە دەستنووسی کتێبەکەی کاریناوە هەبێت، بەڵکو نهێنیەکە وابەستەی ئەو تابلۆیەی کارینا بوو، ئەو تابلۆیەی لەپشت نووسینی ئەو کتێبەوە وەستاوە، بەبێ بوونی ئەو تابلۆیە ئەو کتێبە نەدەنووسرا، ئەو تابلۆیە دەرگایەکی کردەوە بۆ کتێبێک لەبارەی نەوەی خەیاڵ، کتێبێک لەناو خۆیدا هەڵگری سێ کتێبی نەوەی خەیاڵە، بۆیە ئەو کتێبە بە وشەکردنی ڕەنگەکانی کارینایە، دەتوانیت لەڕێی وشەکانەوە بگەڕێیتەوە ناو یادەوەری ڕەنگ و مێژووی دواهەمین بنەماڵەی خەیاڵ.

ئێستاش کاتی ئەوەیە وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بیرتە بەر لەپرسیارەکە داوای ئەوەم لێ کردیت کاتێك دەتوانی لەنهێنی چیرۆکەکە بگەیت، ئەو دەمەی لەناو خۆتدا توانیت شارە خەیاڵیەکە بدۆزیتەوە، چونکە من بۆ خۆم بەر لەنووسین وگێڕانەوە، گەڕامەوە ناو خۆم لەو ڕێگایەوە هەموو کونج وکەلەبەری ئەو شارە خەیاڵیەم بینی.. ئەوسا ئەوانەی لەناو خۆمدا بینیم ویستم بیگێڕمەوە.

من دەمەوێت بگەم بەکوێی نهێنیەکە؟ ڕاستیەکەی لەڕێی گێڕانەوە بەناو گەڕەکە خەیاڵیەکانی ئەو شارەدا دەچمەوە، ئێستا کە لە کۆتاییەکەیدام هەموو ئەوانەم بینی، ئەوانەی لەیادم کردبوون لەڕێی نووسین هێنامەوە زهنی خۆم.. تا تەواو لەو شارە تێبگەم، بیرمە لەسەرەتای پرسیارەکەت پێت ووتم تۆ کێیت؟

من کەسێکم ویستم شارە خەیاڵیەکەی ناو خۆم ببینم، کەبینیم ویستم بیگێڕمەوە، لەگێڕانەوەش بینیم کتێبێکم نووسیووە، هێشتا هەر دەڵێی تۆ کێیت من «نیهاد جامی» م ئەو پیاوەی شارە خەیاڵیەکەی ناو خۆی لەو کتێبەدا نووسیەوە.

٢٠١٧- ٢٠١٩

کوردستان، ئیتاڵیا، پۆڵەندا